حکومەتی هەرێمی کوردستان/عێراق
وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو
بەڕێوەبەرایەتی گشتی توێژینەوە و ڕێنمایی کشتوکاڵی



# تەرزە ترێیە ناودارەکانی کوردستان

ئامادەکردنی
ئەندازیاری کشتوکاڵی
حنا یوسف صلیوا

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو
ب.گ. تۆژینەوەو رێنمایی کشتوکاڵ

# تەرزە ترێیە ناودارەکانی کوردستان

نوسین و ئامادە کردنی
حنا یوسف صلیوا

پێداچوونەوەی
د. شلێر مەحموود تەها
صدرالدین نورالدین ابوبکر

هەولێر ٢٠١١

## پێشەکی:

زۆر لە کۆنەوە دارمێو لە عێراقدا بەگشتی و لە کوردستانیش بەتایبەتی چێندراوە. هەر لەگەڵ نیشتەجێبوونی مرۆڤ لە دۆڵی رافیدەینەوە تاکو ئێستاش هەروەك لە نووسینە کۆنەکانی سەردەمی ئاشوورییەکان، کە لە مۆزەخانەکان هەڵگیراون، ئاماژەی پێکراوە، تەنانەت جۆری پەروەردەکەشی لە شێوەی پەروەردەی سابات بووە ، هەروەها لەزۆر شوێن لە قورئانی پیرۆزدا ئامازەی پێکراوە.

لەبەر ئەوەی ترێ بەزۆری لەوشوێنانە دەچێندرێت کە لێژن وەك قەدپاڵی چیاکان و گردۆلکەکان، بۆیە دەبێتە هۆکارێکی گرنگ بۆ نەهێشتن یان کەمکردنەوەی داماڵینی خاك، دەبێتە هۆی خۆشکردنی ئاووهەواو جوانکردنی ئەم شوێنانە کە بۆ گەشت و گوزارشیاو بێت. لەلایەکی تریشەوە داهاتێکی زۆر باشی بۆ جووتیارەکان دەبێت.

بەهۆی گرنگی ترێ بەزۆر شێواز بەکاردێت: وەك: بەکارهێنانی لەسەر خوان و وشك کردنەوەو دروستکردنی دۆشاو، لەگەڵاکەشی بۆ چێشت لێنان بەسوودە، کەواتە ترێ سوودێکی ئابووری زۆر باشی بۆ رەزەوان هەیە، وێرای بەرهەمەکەی بەڵکو گەلاکەشی داهاتێکی باشی بۆ دابین دەکات ترێ لەنێوان میوەجاتەکانی تر بە پلەی یەکەم دێت، ئینجا چی لەرووی گرنگی بەرهەمەکەی و چی لەرووی رووبەری چاندنی لە جیهان کە رێژەی سێ چارەگی رووبەری چاندراو بە میوەجات داگیر دەکات .

لەبەر گرنگی ترێ و کەمکردنەوەی هاوردەکردنی لە وڵاتان بەتایبەتی ولاتانی دەوروبەر پێویستە گرنگییەگی زۆر بە رەزەوان بدرێت، بۆ بەکارهێنانی شێوازی زانستی لە بەرێوەبردنی باخەکانیان چی لەرووی کێڵان و پەین کردن چی لەرووی شێوازی پەروەردەکردندا رێنماییان بکرێت، تاکو بتوانین بڕی ترێی هاوردە کەم بکرێتەوە، ئەمەش دەبێتە پاڵپشتێك بۆ ئابووری وڵات .

لەبەر ئەم هۆکارانە سەرەوە ئەم نامیلکەیە دەخرێتە بەردەستی خوێنەر و کارمەندانی کشتوکاڵی و باخەوانەکان تاکو سوودی هەبێت،تیایدا ئەو تەرزە (پۆل، صنف) سەرکەوتوانەی دەستنیشان کراوە کە لەگەڵ ژینگەی کوردستان دەگونجێت و ئەوشوێنانەش کە بۆ ئەم تەرزانە لە بارن. تاکو لە پەروەردەکرنی باخەکانیان و ناسینەوەی تەرزەکان و زیادکردنی بڕی بە رهەمەکانیان سوودی لێ وەربگرن.

## پێشکەشکردن:

ئەم نامیلکەیە پێشکەشی ئەم بەرێزانەیە کە بایەخی باخ دەزانن و گرنگی بەچاندن و پەروەردەکردنی دارمێو دەدەن، هیوادارم بە سوود بێت.

## سوپاس و پێزانین:


زۆر سوپاسی بەرێزان:

مامۆستا سەردار سامی نورەدین ب. گ. تۆژینەوە و رێنمایی.

مقصود خالد عبدالرحمان، ب.بەرێوەبەرایەتی تۆژینەوەی کشتوکاڵی هەولێر.

صدرالدین نورالدین ابوبکر، شارەزای کشتوکاڵ، ب. تۆژینەوەی کشتوکاڵی هەولێر.

حسین حامد حمد. بەرپرسی پلاندانان. ب. تۆژینەوەی کشتوکاڵی هەولێر. دەکەم کە هاندان و دەستگرتنمدا درێغیان نەکرد. خوازیارم خودا ئاوکوفیان زۆر بکات هەروەها سوپاسی د. زهیر العاملی دەکەم، کە مامۆستایەکی دڵسۆزم بوو لە کارەکەمدا.



# یاقـــوتی (YAQUTI)





تەرزە ترێی یاقوتی ﴿کێلگەی ترێی بەڕێوەبەرایتی توێژینەوەی کشتوکاڵی هەولێر/عنکاوە﴾

<u>سیفاتی بەرهەمەکەی</u>: تەرزەکی بێدەنکە و زۆر زوو پێدەگات (لەسەرەتایی مانگی حوزەیراندا) قەبارەی هۆشییەکەی بچووکە، کێشەکەی ١٦٠ گرامە، و شێوەکەی قوچەکییەکی شان کورتە، رەنگی ترێی پێگەیشتوو سوورێکی پەمەییە، کە تەواو پێگەیشت رەنگەکەی تاریك تر دەبێت، شێوەی دەنکەکانی گۆیین (کروي) بەرێك و پێکی لە پاڵ یەکترن، توێکڵەکەی نەختێك نەستوورە، بەچینێك شەمێی تەنك داپۆشراوە، کرۆکەکەی گۆشتنە، تام و چێژی خۆشە، نەختێك ترشە، جۆری گوڵەکانی نێرەمووکن، هێشووەکەی لە گرێی چوارەم و پێنجەمەوە دەدات.

<u>بەکارهێنانی</u>: ترێیەکی سەرخوانە ( المائدة) بۆ خواردنی رۆژانە بەکاردێت.

<u>شێوەی کەزاختن و پەروەردەکردنی</u>: لە کاتی کەزاختندا، درێژی ئەو لکانەی کە بۆ بەرگرتن جێ دەهێلرێت لە نێوان(٦- ٨)چاوە دایە وێڕای قەدی کورت (٢ــ٣)چاوە کە بۆ مەبەستی گۆرینی لقە بە بەرهەمەکان بۆ ساڵی داهاتوو. شێوازی پەروەردەکردنی گونجاو بۆ ئەم ترێیە کۆردۆنە لەسەر تەل، یان بەشێوەی پیتی ( T)، یا ( Y ).

<u>ژینگەی گونجاو بۆ چاندنی</u>: ترێیەکی بەراوە، لە دۆڵ و بنارەکانی ناوچە شاخاوییەکان و گردۆلکە و دەشتەکانی دەوروبەری هەولێردا دەچێنرێت.

<u>سەوزە کۆمەڵەکەی (المجموع الخضري)</u>: شێوەی گەڵاکەی پێنج پەڕە (خمسە فصوص) قڵیشانی نێوان پەڕەکانی قووڵە، لێواری گەڵای ددانەداری تیژە، رەنگەکەی سەوزێکی کاڵە، یان زەرد باوە، رەنگی لاسکۆکەی گەڵای سوورێکی پەمەییە، دەمارەکانی گەڵای دەرکەوتوون،، بنکەکەشیان ئاماڵ سوورە، رەنگی تووله مێووەکانی سەوزێکی سوور باوە، رەنگی تەرزەکەی سەوزە، بنکەکەشی ئاماڵ سوورە، گەیەکانی (ماوە نێوان گرێیەکانی) هاوڕێك و نیمچە یەکسانن.

# بهـــرزی ( BUHRZI )





تەرزە ترێی بهرزی «کێڵگەی ترێی بەڕێوەبەرایتی توێژینەوەی کشتوکاڵی هەولێر/عنکاوە»

**سیفاتی بەرهەمەکەی:** زوو پێدەگات (لە سەرەتایی مانگی تەمووزدا) قەبارەی هۆشییەکەی مام ناوەندیە، کێشەکەی ٥٠٠ گرامە، شێوەکەی قوچەکییەکی درێژە و دووشانی دەرکەوتووی هەیە، رەنگی ترێی پێگەیشتوو زەردێکی کهرمانی کاڵە، شێوەی دەنکەکانی هێلکەیی درێژن کە لەناو هێشووەکەی پەرت و بلاون، یەك دەنك (٢) دانە تۆوی گەورەی تێدایە، توێکڵەکەی تەنکە، بەچینێك شەمێی روون داپۆشراوە، کرۆکەکەی گۆشتنە، ئاوگدارە و توندەو یەکگرە، تام و چێژی خۆشە، لەبەر ئەوەی بستەی هێشوو و تەوەرەکەی لە جۆری گیاین (من النوع العشبی) لە کاتی لێ کردنەوە و هەلگرتنی دەشکین، بۆیە پێویستە بە نەرمی لێ بکرێتەوە و هەڵبگیرێت، هەروەها بەوەش جیاوازە کە دەنکۆڵەی بچووك لەناو هێشووەکانی هەیە، جۆری گوڵەکانی نێرەمووکن، هێشووەکەی لە گرێی پێنجەم و شەشەمەوە دەدات.

**بەکارهێنانی:** ترێیەکی سەرخوانە بۆ خواردنی رۆژانە بەکاردێت، خەسڵەتێکی بازرگانی هەیە و لەبازار کردندا خۆفرۆشە.

**شێوەی کەزاختن و پەروەردەکردنی:** لە کاتی کەزاختندا درێژی ئەو لکانەی کە بۆ بەرگرتن جێ دەهێلرێت لە نێوان (٦- ٨)چاوە دایە وێرای قەدی کورت (٢ــ٣) چاوە بۆ مەبەستی گۆرینی لقە بە بەرهەمەکان بۆ سالی داهاتوو، شێوازی پەروەردەکردنی گونجاو بۆ ئەم ترێیە کۆردۆنە لەسەر تەل، یان بەشێوەی پیتی ( T ) یان ( Y )، یان سابات.

**ژینگەی گونجاو بۆ چاندنی:** ترێیەکی بەراوە، لە دۆڵ و بنارەکانی ناوچە شاخاوییەکان و گردۆلکە و دەشتەکانی دەوروبەری هەولێردا دەچێنرێت.

**سەوزە کۆمەڵەکەی (المجموع الخضري):** شێوەی گەلاکەی پێنج پەرە (خمسة فصوص) قلێشانی نێوان پەرەکانی قووڵە، لێواری گەلای ددانەداری تیژە، رەنگی رووی دەرەوەی و ژێرەوەی گەلای سەوزێکی کاڵە لاسکۆکەی گەلای سەوزێکی سوور باوە، دەمارەکانی گەلای دەرکەوتوون، بنکەکەشیان ئامالْ سوورە، نەختێك بە لای تیغەکانی گەلاکەوە کشاوەتەوە، رەنگی تووله مێووەکانی سەوزێکی ئامالْ سوورە، رەنگی تەرزەکەی و بنکەکەشی سەوزە. گەیەکانی(ماوە نێوان گرێیەکانی) نزیکەی هاورێك نین تا بەرەو لوتکە گەشەکەی نزیك بینەوە درێژیەکەیان کورت دەبێتەوە.

## دزمـــــار (DIZMAR)





تەرزە تریی دزمار «کێڵگەی تریی بەڕێوەبەرایتی توێژینەوەی کشتوکاڵی هەولێر/عنکاوە»

**سیفاتی بەرهەمەکەی:** زوو پێدەگات (لە سەرەتایی مانگی تەمووزدا)، قەبارەی هۆشییەکەی مام ناوەندیە و کێشەکەی ٢٧٥ گرامە، شێوەکەی قوچەکێکی لولەییە رەنگی تریی پێگەیشتوو زەردێکی ئامال سەوزە، شێوەی دەنکەکانی هێلکەیین بە ریکی لە پاڵ یەکتر نین، یەك دەنك (٢ ـ ٤)دانە تۆوی تێدایە، توێکڵەکەی زۆر تەنکە، کرۆکەکەی گۆشتنە، رەنگ زەردە، تام و چێژی خۆشە و نەختێك ترشە، جۆری گوڵەکانی نێرەمووکن، هێشووەکەی لە گرێی چوارەم و پێنجەمەوە دەدات ٠


**بەکارهێنانی:** ترێیەکی سەرخوانە ( المائدة ) بۆ خواردنی ڕۆژانە بەکاردێت ٠

**شێوەی کەزاختن و پەروەردەکردنی:** لە کاتی کەزاختندا درێژی ئەو لکانەی کە بۆ بەرگرتن جێ دەهێلرێت لە نێوان (٦- ٨)چاوە دایە وێرای قەدی کورت (٢ـ٣) چاوە بۆ مەبەستی گۆرینی لقە بە بەرهەمەکان بۆ ساڵی داهاتوو، شێوازی پەروەردەکردنی گونجاو بۆ ئەم ترێیە کۆردۆنە لەسەر تەل، یان بەشێوەی پیتی (T ) یان ( Y )، یان سابات٠

**ژینگەی گونجاو بۆ چاندنی:** ترێیەکی بەراوە، لە دۆڵ و بنارەکانی ناوچە شاخاوییەکان و گردۆلکە و دەشتەکانی دەوروبەری هەولێردا دەچێنرێت٠

**سەوزە کۆمەڵەکەی (المجموع الخضري):** شێوەی گەلاکەی پێنج پەڕە (خمسە فصوص) قڵیشانی نێوان پەڕەکانی قووڵ نین، لێواری گەلای ددانەداری تیژە،لایەکیان کووڕە، ڕەنگی رووی دەرەوەی و ژێرەوەی گەلای سەوزە، لاسکۆکەی گەلای سەوزە، نەختێك مەیلەو سوورە، دەمارەکانی گەلای دەرکەوتوون، بنکەکەشیان سەوزە، رەنگی تەرزەکەی سەوزە، بنکەکەشی ئامال سوورە، رەنگی توولە مێووەکانی سەوزێکی ئامال سوورە، گەیەکانی(ماوەی نێوان گرێیەکانی) هاوڕێك و نیمچە یەکسانن٠

## ریجینــــــــــــــــه ( REGINA )

تەرزە ترێی ریجینا (کێلگەی ترێی بەڕێوەبەرایتی تۆژینەوەی کشتوکاڵی هەولێر/عنکاوە )

**سیفاتی بەرهەمەکەی:** تەرزەکی بێدەنکە زوو پێدەگات (لەسەرەتایی مانگی تەمووزدا )، قەبارەی هۆشییەکەی مام ناوەندیە، کێشەکەی ٤٠٠ گرامە، شێوەکەی قوچەکێکی لولەییە رەنگی ترێی پێگەیشتوو زەردێکی ئامالْ سەوزە، کە تەواو پێگەیشت رەنگەکەی زەرد تر دەبێت، شێوەی دەنکەکانی گۆیین، بەرێکی لە پالْ یەکتر نین، توێکلەکەی نەختێك ئەستوورە، کرۆکەکەی گۆشتنە، رەنگ زەردە، تام و چێژی خۆشە و نەختێك ترشە، لە کاتی بەجێهێشتنی لەسەر دارمێوەکەی بۆ ماوەیەك خۆڕاناگریت، جۆری گوڵەکانی مێ ییە پێویستی بە تەرزە پیتێنەر ( ملقح ) هەیە لەگەڵی بچێنرێت، هێشووەکەی لە گرێی پێنجەم و شەشەمەوە دەدات.

**بەکارهێنانی:** ترێیەکی سەرخوانە بۆ خواردنی ڕۆژانە بەکاردێت .

**شێوەی کەزاختن و پەروەردەکردنی:** لە کاتی کەزاختندا درێژی ئەو لکانەی کە بۆ بەرگرتن جێ دەهێلرێت لە نێوان( ٤- ٦)چاوە دایە وێرای قەدی کورت (٢ ــ ٣) چاو بۆ مەبەستی گۆرینی لقە بە بەرهەمەکان بۆ سالْی داهاتوو، شێوازی پەروەردەکردنی گونجاو بۆ ئەم ترێیە گۆردۆنە لەسەر تەل، یان بەشێوەی پیتی ( T ).

**ژینگەی گونجاو بۆ چاندنی:** ترێیەکی بەراوە، لە دۆلْ و بنارەکانی ناوچە شاخاوییەکان و گردۆلکە و دەشتەکانی دەوروبەری هەولێردا دەچێنرێت.

**سەوزە کۆمەلەکەی (المجموع الخضري):** شێوەی گەلاکەی پێنج پەڕە (خمسه فصوص) قلْیشانی نێوان پەڕەکانی قووڵە، لێواری گەلای ددانەداری تیژە، ڕەنگی رووی دەرەوەی و ژێرەوەی گەلای سەوزە، لاسکۆکەی گەلای سەوزێکی ئامالْ سوورە، دەمارەکانی گەلای دەرکەوتوون، بنکەکەشیان سوورە، ئەم رەنگە بەلای تیغەکانی گەلاکەوە کشاوەتەوە، رەنگی تەرزەکەی سەوزە، بنکەکەشی سوور باوە، رەنگی تووله مێووەکانی سەوزێکی ئامالْ سوورە، گەیەکانی(ماوەی نێوان گرێیەکانی) هاوڕێك و نیمچە یەکسانن.

# تومسن سیدلس ( THOMPSON. SEEDLESS





تەرزە تریی تومسن سیدلس﴿کێلگەی تریی بەڕێوەبەرایتی توێژینەوەی کشتوکاڵی هەولێر/عنکاوە﴾

**سیفاتی بەرهەمەکەی:** تەرزەکی بێدەنکە کاتی گەیشتنی مام ناوەندیە ( لە سەرەتایی مانگی تەمووزدا) قەبارەی هۆشیبیەکەی گەورەیە، کێشەکەی دەگاتە نزیکەی ٨٠٠ گرامە، شێوەکەی قوچەکییەکی شان گەورەیە، رەنگی تریی پێگەیشتوو زەردێکی ئامالّ سەوزە، شێوەی دەنکەکانی هێلکەیین، بە قەبارە بچووکن، کرۆکەکەی گۆشتنە، تام و چێژی شیرنە و خۆشە ، توێکڵەکەی تەنکە،بەچینێك شەمێی تەنك داپۆشراوە، ناوگەکەشی بێ ڕەنگ و بێ بۆنە گوڵەکانی نێرەمووکن، بە باشترین پیتێنەر(ملقح) دادەنرێت.

**بەکارهێنانی:** ترێیەکی سەرخوانە بۆ خواردنی ڕۆژانە بەکاردێت، وشك دەکرێت بۆ دروست کردنی مێووژ و کشمش، کە نیوەی بەرهەمی جیهان بۆ دروست کردنی کشمش بۆ ئەم تەرزە دەگەڕێتەوە خەسڵەتێکی بازرگانی هەیە، لەبازاڕکردندادا خۆفرۆشە.

**شێوەی کەزاختن و پەروەردەکردنی:** لە کاتی کەزاختندا درێژی ئەو لکانەی کە بۆ بەرگرتن جێ دەهێلرێت لە نێوان( ٦- ١٠)چاوە دایە وێرای قەدی کورت (٢ ــ ٣) چاو بۆ مەبەستی گۆڕینی لقە بە بەرهەمەکان بۆ ساڵی داهاتوو، شێوازی پەروەردەکردنی گونجاو بۆ ئەم ترێیە کۆردۆنە لەسەر تەل، یان بەشێوەی پیتی (T)، یان (Y)، یان سابات.

**ژینگەی گونجاو بۆ چاندنی:** ترێیەکی بەراوە، لە دۆڵ و بنارەکانی ناوچە شاخاوییەکان و گردۆلکە و دەشتەکانی دەوروبەری هەولێردا دەچێنرێت.

**سەوزە کۆمەڵەکەی (المجموع الخضري):** شێوەی گەلاکەی پێنج پەڕە (خمسه فصوص) قلّیشانی نێوان پەڕەکانی نیمچە قووڵە، لێواری گەلاّی ددانەداری تیژە، ڕەنگی گەشە لوتکەکەی سەوزێکی مەیلەو زەردە، درەوشاوەیە بێ گەندەمووە، یەکەم و سێ یەم گەلاّی گەشە لوتکەکەی بێ پەڕە، یان سێ پەڕە سەوزێکی مەیلەو زەردە، کەچی گەلاّی چوارەم وپێنجەم ڕەنگی رووی دەرەوەی سەوزێکی تاریکە، رووی ژێرەوەی سەوزێکی کاڵە، لاسکۆکەی گەلاّی سەوزێکی ئامالّ سوورە، دەمارەکانی گەلاّی دەرکەوتوون، بنکەکەشیان سوورە، ڕەنگی تەرزەکەی سەوزە، بنکەکەشی سوور باوە، ڕەنگی توولە مێووەکانی سەوزێکی ئامالّ سوورە، گەیەکانی(ماوەی نێوان گرێیەکانی) هاوڕێك و نیمچە یەکسانن.

# شـدة سوداء (SHADA.SODAA)





تەرزە ترێی شدة سوداء﴿ کێڵگەی ترێی بەڕێوەبەرایتی توێژینەوەی کشتوکاڵی هەولێر/عنکاوە ﴾

**سیفاتی بەرهەمەکەی:** زوو پێدەگات (لەکۆتایی مانگی حوزەیراندا)، قەبارەی هۆشییەکەی مام ناوەندیە، کێشەکەی ٢٨٠ گرامە، شێوەکەی قوچەکییەکی دووشانە، ڕەنگی ترێی پێگەیشتوو ڕەشە، کە تەواو پێگەیشت ڕەنگەکەی تاریك تر دەبێت، شێوەی دەنکەکانی گۆیین، بەرێك و پێکی لە پاڵ یەکترن، یەك دەنك (٢ ــ ٤) دانە تۆوی گەورەی ڕەنگ زەردی تێدایە، توێکڵەکەی نەختێك ئەستوورە، بەچینێك شەمێی چڕ داپۆشراوە، کرۆکەکەی ئاوگدارە، تام و چێژی خۆشە، نەختێك ترشە، ڕەنگی ئاوگەکەی زەردێکی لەیمونیە، جۆری گوڵەکانی نێرەمووکن، هێشووەکەی لە گرێی چوارەم و پێنجەمەوە دەدات.

**بەکارهێنانی:** ترێیەکی سەرخوانە بۆ خواردنی ڕۆژانە بەکاردێت، ئاوگدارە بۆ دروست کردنی زۆر جۆرە گوشراو بەکار دێت، خەسڵەتێکی بازرگانی (تجاري) هەیە لە بازاڕکردندا خۆفرۆشە .

**شێوەی کەزاختن و پەروەردەکردنی:** لە کاتی کەزاختندا درێژی ئەو لکانەی کە بۆ بەرگرتن جێ دەهێلرێت لە نێوان(٤ــ٦) چاوە دایە وێرای قەدی کورت (٢ــ٣) چاوە بۆ مەبەستی گۆڕینی لقە بە بەرهەمەکان بۆ ساڵی داهاتوو، شێوازی پەروەردەکردنی گونجاو بۆ ئەم ترێیە کۆردۆنە لەسەر تەل، بەشێوەی پیتی( T ) یان ( Y )، یان کۆڵك.

**ژینگەی گونجاو بۆ چاندنی:** ترێیەکی بەراوە لە دۆڵ و بنارەکانی ناوچە شاخاوییەکان و گردۆلکە و دەشتەکانی دەوروبەری هەولێردا دەچێنرێت.

**سەوزە کۆمەڵەکەی (المجموع الخضري):** شێوەی گەڵاکەی پێنج پەڕە (خمسە فصوص) قڵیشانی نێوان پەڕەکانی قووڵە، لێواری گەڵای ددانەداری تیژە، لایەکیان کووڕە، ڕەنگی ڕووی دەرەوەی سەوزێکی تاریکە، ڕووی ژێرەوەی سەوزە، لاسکۆکەی گەڵای ئاماڵ سوورە، دەمارەکانی گەڵای دەرکەوتوون، بنکەکەشیان سوورە، ڕەنگی تەرزەکەی سەوزە، بنکەکەشی سوور باوە، ڕەنگی توولە مێووەکانی سەوزێکی ئامال سوورە، گەیەکانی(ماوەی نێوان گرێیەکانی) هاوڕێك نین، چەند بەلای لوتکەکەی نزیك بینەوە درێژتر دەبن.

# شدة بيضاء (SHADA.BEAZA)





تەرزە ترێی شدة بيضاء، کێڵگەی ترێی بەڕێوەبەرایتی توێژینەوەی کشتوکاڵی هەولێر/عنکاوە

**سیفاتی بەرهەمەکەی:** زوو پێدەگات (لەسەرەتایی مانگی تەمووزدا)،قەبارەی هۆشییەکەی مام ناوەندیە،یان گەورەیە، کێشەکەی ٤٥٠ گرامە، شێوەکەی قوچەکییەکی درێژە، ڕەنگی ترێی پێگەیشتوو زەردێکی کاڵە، شێوەی دەنکەکانی گۆیین بەرێك و پێکی لە پاڵ یەکترن و دیمەنەکەیان زۆرجوانە، یەك دەنك (٢ ـ٤) دانە تۆوی تێدایە، توێکڵەکەی تەنکە، بەچینێك شەمێی چڕ داپۆشراوە، کرۆکەکەی ئاوگدارە، تام و چێژی خۆشە، نەختێك ترشە، ڕەنگی ئاوگەکەی زەردێکی کاڵە، جۆری گوڵەکانی نێرەمووکن، هێشووەکەی لە گرێی چوارەم و پێنجەمەوە دەدات.

**بەکارهێنانی:** ترێیەکی سەرخوانە بۆ خواردنی ڕۆژانە بەکاردێت، ئاوگدارە بۆ دروست کردنی زۆر جۆرە گوشراو بەکار دێت، خەسڵەتێکی بازرگانی (تجاری) هەیە لە بازاڕکردندا خۆفرۆشە

**شێوەی کەزاختن و پەروەردەکردنی:** لە کاتی کەزاختنندا درێژی ئەو لکانەی کە بۆ بەرگرتن جێ دەهێلرێت لە نێوان(٤ـ٦) چاوە دایە وێرای قەدی کورت (٢ ـ ٣) چاو بۆ مەبەستی گۆڕینی لقە بە بەرهەمەکان بۆ ساڵی داهاتوو، شێوازی پەروەردەکردنی گونجاو بۆ ئەم ترێیە کۆردۆنە لەسەر تەل، یان بەشێوەی پیتی (T)، یان کۆڵك.

**ژینگەی گونجاو بۆ چاندنی:** ترێیەکی بەراوە، لە دۆڵ و بنارەکانی ناوچە شاخاوییەکان و گردۆلکە و دەشتەکانی دەوروبەری هەولێردا دەچێنرێت.

**سەوزە کۆمەڵەکەی (المجموع الخضري):** شێوەی گەڵاکەی پێنج پەڕە (خمسه فصوص) قڵێشانی نێوان پەڕەکانی نیمچە قووڵە، لێواری گەڵای ددانەداری تیژە،لایەکیان کووڕە، ڕەنگی رووی دەرەوەی گەڵای سەوزێکی تاریکە، رووی ژێرەوەی سەوزە، لاسکۆکەی گەڵای ئاماڵ سووری شەربەتیە، دەمارەکانی گەڵای دەرکەوتوون، بنکەکەشیان سوورە، ڕەنگی تەرزەکەی سەوزە، بنکەکەشی سوور باوە، ڕەنگی توولە مێووەکانی سەوزێکی ئاماڵ سوورە، گەیەکانی(ماوەی نێوان گرێیەکانی ) هاوڕێك و نیمچە یەکسانن .

# عبــاسی ( ABBASI )

تەرزە تریی عباسي ﴿کێڵگەی تریی بەڕێوەبەرایتی توێژینەوەی کشتوکاڵی هەولێر/عنکاوە ﴾

**سیفاتی بەرهەمەکەی:** کاتی گەیشتنی مام ناوەندیە (لە نیوەی دووەمی مانگی تەمووزدا)، قەبارەی هۆشییەکەی گەورەیە، کێشەکەی ٩٢٠ گرامە، شێوەکەی قوچەکێکی درێژ و دوو شان دەرکەوتووە، ڕەنگی تریی پێگەیشتوو ڕەشەیێکی تاریکە، شێوەی دەنکەکانی گۆیین بەرێك و پێکی لە پاڵ یەکترن، یەك دەنك (٢ ـ ٤) دانە تۆوی ڕەنگ قاوەیی کاڵ تێدایە، توێکڵەکەی ئەستوورە بەچینێك شەمێی چڕ داپۆشروە کرۆکەکەی گۆشتنە، ئاوگدارە و تام و چێژی خۆشە، جۆری گوڵەکانی مێ ییە، پێویستی بە تەرزە پیتێنەر (ملقح) هەیە لەگەڵی بچێنرێت هێشووەکەی لە گرێی پێنجەم و شەشەمەوە دەدات.

**بەکارهێنانی:** ترێیەکی سەرخوانە بۆ خواردنی ڕۆژانە بەکاردێت، ئاوگدارە بۆ دروست کردنی زۆر جۆرە گوشراو بەکار دێت، وشك دەکرێت بۆ دروست کردنی مێووژ، خەسڵەتێکی بازرگانی (تجاری) هەیە لە بازاڕکردندا خۆفرۆشە .

**شێوەی کەزاختن و پەروەردەکردنی:** لە کاتی کەزاختندا درێژی ئەو لکانەی کە بۆ بەرگرتن جێ دەهێلرێت لە نێوان(٨ ـ ١٠)چاوە دایە وێرای قەدی کورت (٢ ـ ٣) چاو بۆ مەبەستی گۆرینی لقە بە بەرهەمەکان بۆ ساڵی داهاتوو، شێوازی پەروەردەکردنی گونجاو بۆ ئەم ترێیە کۆردۆنە لەسەر تەل بەشێوەی پیتی (T)،یان بەشێوەی ( Y ) یان سابات.

**ژینگەی گونجاو بۆ چاندنی:** ترێیەکی بەراوە، لە دۆڵ و بنارەکانی ناوچە شاخاوییەکان و گردۆلکە و دەشتەکانی دەوروبەری هەولێردا دەچێنرێت.

**سەوزە کۆمەڵەکەی (المجموع الخضري):** شێوەی گەڵاکەی پێنج پەرە (خمسە فصوص) قڵیشانی نێوان پەڕەکانی قووڵە، لێواری گەڵای ددانەداری تیژە، لایەکیان کووڕە، ڕەنگی رووی دەرەوەی سەوزێکی تاریکە، ژێرەوەی سەوزێکی کاڵە،لاسکۆکەی گەڵای ئاماڵ سوورە، دەمارەکانی گەڵای دەرکەوتوون، بنکەکەشیان سوورە، ڕەنگی تەرزەکەی سەوزە، بنکەکەشی سوور باوە، ڕەنگی توولە مێووەکانی سەوزێکی ئامال سوورە، گەیەکانی (ماوەی نێوان گرێیەکانی) هاوڕێك و نیمچە یەکسانن.

# ڕەشمێـــو ( RASH.MIOW )





تەرزە ترێی ڕەش مێو (كێلگەی ترێی بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوەی كشتوكاڵی هەولێر/عنكاوە)

**سیفاتی بەرهەمەكەی:** زوو پێدەگات (لەكۆتایی مانگی حوزەیراندا)، قەبارەی هۆشییەكەی مام ناوەندیە، كێشەكەی ٢٨٠ گرامە، شێوەكەی قوچەكییەكی دووشانی دەركەوتووە، ڕەنگی ترێی پێگەیشتوو ڕەشێكی باینجانیە، كە تەواو پێگەیشت ڕەنگەكەی تاریك تر دەبێت، شێوەی دەنكەكانی هێلكەیین بەرێك و پێكی لە پاڵ یەكترن، یەك دەنك (٢ ــ ٣) دانە تۆوی تێدایە، توێكڵەكەی نەختێك ئەستوورە و نەختێك تفتە، بەچینێك شەمێی چڕ داپۆشراوە، كرۆكەكەی ئاوگدارە، تام و چێژی خۆشە، ڕەنگی ئاوگەكەی پەمەییە، جۆری گوڵەكانی نێرەمووكن، هێشووەكەی لە گرێی چوارەم و پێنجەمەوە دەدات.

**بەكارهێنانی:** ترێیەكی سەرخوانە بۆ خواردنی ڕۆژانە بەكاردێت، ئاوگدارە بۆ دروست كردنی زۆر جۆرە گوشراو بەكار دێت، وشك دەكرێت بۆ دروست كردنی مێووژ، خەسڵەتێكی بازرگانی (تجاری) هەیە لە بازاڕكردندا خۆفرۆشە .

**شێوەی كەزاختن و پەروەردەكردنی:** لە كاتی كەزاختندا درێژی ئەو لكانەی كە بۆ بەرگرتن جێ دەهێلرێت لە نێوان (٣ — ٥)چاوە دایە وێرای قەدی كورت (٢ ــ ٢) چاو بۆ مەبەستی گۆڕینی لقە بە بەرهەمەكان بۆ ساڵی داهاتوو، شێوازی پەروەردەكردنی گونجاو بۆ ئەم ترێیە كۆردۆنە لەسەر تەل، بەشێوەی پیتی ( T)، یان ( Y )، یان كۆڵك.

**ژینگەی گونجاو بۆ چاندنی:** ترێیەكی بەراو و دێمەكارە، لە دۆڵ و بنارەكانی ناوچە شاخاوییەكان و گردۆلكە و دەشتەكانی دەوروبەری هەولێردا دەچێنرێت.

**سەوزە كۆمەڵەكەی (المجموع الخضري):** شێوەی گەڵاكەی پێنج پەڕە (خمسە فصوص) قڵیشانی نێوان پەڕەكانی زۆر قووڵە، لێواری گەڵای ددانەداری تیژە، لایەكیان كووڕە، ڕەنگی رووی دەرەوەی گەڵای سەوزێكی تاریكە، رووی ژێرەوەی سەوزە،لاسكۆكەی گەڵای ئاماڵ سوورە، دەمارەكانی گەڵای دەركەوتوون، بنكەكەشیان سوورە، ڕەنگی تەرزەكەی سەوزە، بنكەكەشی سوور باوە، ڕەنگی تووڵە مێووەكانی سەوزێكی ئاماڵ سوورە، گەیەكانی(ماوەی نێوان گرێیەكانی) هاوڕێك ونیمچە یەكسانن.

# سوپیریۆر (SUPERIOR)





تەرزە ترێی سوپیریور «کێڵگەی ترێی بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوەی کشتوکاڵی هەولێر/عنکاوە»

**سیفاتی بەرهەمەکەی:** تەرزەکی بێدەنکە زوو پێدەگات (لە سەرەتایی مانگی تەمووز) قەبارەی هۆشییەکەی مام ناوەندیە، کێشەکەی دەگاتە نزیکەی ٤٠٠ گرامە، شێوەکەی قوچەکە رەنگی ترێی پێگەیشتوو زەردێکی ئاماڵ سەوزە، کە تەواو پێگەیشت زەردتر دەبێت، شێوەی دەنکەکانی گۆیین، قەبارەیان مام ناوەندیە، کرۆکەکەی گۆشتنە، زبرە تام و چێژی شیرنە و نایابە، توێکڵەکەی تەنکە، بە چینێك شەمێی تەنك داپۆشراوە، ناوگەکەشی بێ ڕەنگ و بێ بۆنە، گوڵەکانی نێرەمووکن هۆشییەکەی لە گرێ ی چوارەم و پێنجەمەوە دەدات.

**بەکارهێنانی:** ترێیەکی سەرخوانە بۆ خواردنی ڕۆژانە بەکاردێت، وشك دەکرێت بۆ دروست کردنی مێووژ و کشمش، خەسڵەتێکی بازرگانی هەیەو لەبازاڕکردندادا خۆفرۆشە.

**شێوەی کەزاختن و پەروەردەکردنی:** لە کاتی کەزاختندا درێژی ئەو لکانەی کە بۆ بەرگرتن جێ دەهێلرێت لە نێوان(٦- ١٠)چاوە دایە وێرای قەدی کورت (٢ ــ ٣) چاوە بۆ مەبەستی گۆرینی لقە بە بەرهەمەکان بۆ ساڵی داهاتوو، شێوازی پەروەردەکردنی گونجاو بۆ ئەم ترێیە کۆردۆنە لەسەر تەل، بەشێوەی پیتی (T)، یان (Y).

**ژینگەی گونجاو بۆ چاندنی:** ترێیەکی بەراوە، لە دۆڵ و بنارەکانی ناوچە شاخاوییەکان و گردۆلکە و دەشتەکانی دەوروبەری هەولێردا دەچێنرێت.

**سەوزە کۆمەڵەکەی (المجموع الخضري):** شێوەی گەڵاکەی پێنج پەڕە (خمسه فصوص) قلێشانی نێوان پەڕەکانی نیمچە قووڵە، لێواری گەڵای ددانەداری تیژە، رەنگی رووی دەرەوەی گەڵای سەوزێکی تاریکە، رووی ژێرەوەی سەوزێکی کاڵە،لاسکۆکەی گەڵای سەوزێکی ئامال سوورە، دەمارەکانی گەڵای دەرکەوتوون، بنکەکەشیان سوورە، رەنگی تەرزەکەی سەوزە، بنکەکەشی سوور باوە، رەنگی توولە مێووەکانی سەوزێکی ئامال سوورە، گەیەکانی (ماوەی نێوان گرێیەکانی) هاوڕێك نین.

# ( PERLETTE ) بارلێت




تەرزە ترێی بارلیت ﴿کێڵگەی ترێی بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوەی کشتوکاڵی هەولێر/عنکاوە﴾

**سیفاتی بەرهەمەکەی:** تەرزەکی بێدەنکە زوو پێدەگات (لە سەرەتایی مانگی تەمووزدا)، قەبارەی هۆشییەکەی مام ناوەندیە، یان گەورەیە کێشەکەی ٤٥٠ گرامە، شێوەکەی قوچەکییەکی درێژە، ڕەنگی ترێی پێگەیشتوو سپی میلەو سەوزە، کە تەواو پێگەیشت زەرد دەبێت، شێوەی دەنکەکانی گۆیین، بەرێك و پێکی لە پاڵ یەکترن، دیمەنەکەیان زۆرجوانە، توێکڵەکەی تەنکە، بەچینێك شەمێی چڕ داپۆشراوە، کرۆکەکەی گۆشتنە، یەکگرە و ئاوگدارە، تام و چێژی خۆشە، نەختێك ترشە، ڕەنگی ئاوگەکەی زەردێکی کاڵە، جۆری گوڵەکانی نێرەمووکن، هێشووەکەی لە گرێی چوارەم و پێنجەمەوە دەدات.

**بەکارهێنانی:** ترێیەکی سەرخوانە بۆ خواردنی ڕۆژانە بەکاردێت، وشك دەکرێت بۆ دروست کردنی مێووژ و کشمش، خەسڵەتێکی بازرگانی هەیەو لەبازاڕکردندادا خۆفرۆشە .

**شێوەی کەزاختن و پەروەردەکردنی:** لە کاتی کەزاختندا درێژی ئەو لکانەی کە بۆ بەرگرتن جێ دەهێڵرێت لە نێوان(٤ـ٦) چاوە دایە وێرای قەدی کورت (٢ ــ ٣) چاو بۆ مەبەستی گۆرینی لقە بە بەرهەمەکان بۆ ساڵی داهاتوو، شێوازی پەروەردەکردنی گونجاو بۆ ئەم ترێیە کۆردۆنە لەسەر تەل، یان بەشێوەی پیتی (T)، یان ( Y ) .

**ژینگەی گونجاو بۆ چاندنی:** ترێیەکی بەراوە لە دۆڵ و بنارەکانی ناوچە شاخاوییەکان و گردۆلکە و دەشتی هەولێردا و دەوروبەری دەچێنرێت .

**سەوزە کۆمەڵەکەی (المجموع الخضري):** شێوەی گەڵاکەی سێ پەڕە، قڵیشانی نێوان پەڕەکانی نیمچە قووڵە، لێواری گەڵای ددانەداری تیژە،لایەکیان کووڕە، گەشە لوتکەکەی نەرمە و ڕەنگەکەی سەوزێکی کاڵە و نەختێك مەیلەو زەردی برۆنزیە سێ گەڵای یەکەم لە لوتکەی لکەکەی درەوشاوەن و ڕەنگیان سەوزێکی زەرد باوە، کەچی گەڵای چوارەم وپێنجەم ڕەنگەکەیان لە هەردوو رووی دەرەوە و ژێرەوە سەوزێکی کاڵە، لاسکۆکەی گەڵای ئامالْ سوورە، دەمارەکانی گەڵای دەرکەوتوون، بنکەکەشیان سەوزە، ڕەنگی تەرزەکەی سەوزە، بنکەکەشی سوور باوە، ڕەنگی توولە مێووەکانی سەوزە، گەیەکانی(ماوەی گرێیەکانی ) هاوڕێك نین هەرچەند بەلای ناوەراست نزیك ببینەوە درێژ دەبنەوە و بەلای بنکەکەی کورت دەبنەوە .

# (DES. ALANNZ) دیس العنـــز





تەرزە تریی دیس العنز «کێڵگەی تریی بەرێوەبەرایەتی توێژینەوەی کشتوکاڵی هەولێر /عنکاوە»

**سیفاتی بەرهەمەکەی:** درەنگ پێدەگات کە لە (کۆتایی مانگی ئابدا) بە پێی کەشەهەوای شوێنەکە قەبارەی هۆشییەکەی گەورەیە، دیمەنەکەی جوانە تێکرای درێژی هێشووەکەی ٢٥سم و کێشەکەی ٥٠٠ گرامە، هەندێ جاریش دەگاتە یەك کیلۆغرام. شێوەکەی قوچەکییەکی شان گەورەیە، درێژیەکەیان دەگاتە نیوەی تەوەری هێشوو، شێوەی دەنکەکانی لولەیی و گەورەن بە رێك و پێکی لە پاڵ یەك نین رەنگەکەیان سپیە یان زەردێکی کهرەمانیە، یەك دەنك (٣-٢) دانە تۆوی تێدایە، کرۆکەکەی گۆشتنە، یەککرە، ناوگدارە و ناوگەکەی بێ رەنگە، تام شیرین و خۆشە، توێکلەکەی تەنکە. بە چینێك شەمێی تەنك داپۆشراوە. گوڵەکانی نێرەمووکن، بە باشترین پیتێنەر دادەنرێت بۆ تەرزە مێ پینەکان.

**بەکارهێنانی :** ترێیەکی سەرخوانە، بۆ خواردنی رۆژانە بەکاردێت، خەسڵەتێکی بازرگانی هەیەو لە بازار کردندا خۆفرۆشە .

**شێوەی کەزاختن و پەروەردەکردنی:** لە کاتی کەزاختندا درێژی ئەو لکانەی کە بۆ بەرگرتن جێ دەهێلرێت لە نێوان(٦- ٨)چاوە دایە وێرای قەدی کورت (٢ ــ ٣) چاو بۆ مەبەستی گۆرینی لقە بە بەرهەمەکان بۆ ساڵی داهاتوو. شێوازی پەروەردەکردنی گونجاو بۆ ئەم ترێیە کۆردۆنە لەسەر تەل بەشێوەی پیتی ( T ) یان ( Y )یان ساباتە.

**ژینگەی گونجاو بۆ چاندنی:** ترێیەکی بەراوە، لە دۆڵ و بنارەکانی ناوچە شاخاوییەکان و گردۆلکە و دەشتەکانی دەوروبەری هەولێردا دەچێنرێت.

**سەوزە کۆمەڵەکەی (المجموع الخضري):** شێوەی گەڵاکەی پێنج پەرە (خمسة فصوص ) قڵیشانی نێوان پەرەکانی قووڵ نین، لێواری گەڵای ددانەداری تیژە،لایەکیان کوورە، رەنگی رووی دەرەوەی گەڵای سەوزە، رووی ژێرەوەی سەوزێکی کاڵە، رەنگی لاسکۆکەی گەڵای سۆرێکی ئەرخەوانیە، دەمارەکانی گەڵای نەختێك دەرکەوتوون، بنکەکەشیان سوورە، رەنگی تووله مێووەکانی سەوزێکی سوور باوە، رەنگی تەرزەکەی سەوزە، بنکەکەشی سوور باوە، گەیەکانی( ماوەی نێوان گرێ یەکان ) هاورێك و نیمچە یەکسانن.

# كمـــــالى ( KAMALI )





تەرزە تریی کمالی «کێلگەی تریی بەرێوەبەرایەتی توژینەوەی کشتوکالی هەولێر /عنکاوە»

**سیفاتی بەرهەمەکەی:** درەنگ پێدەگات (لە کۆتایی مانگی ئابدا) بە پێی کەشەهەوای شوێنەکە، قەبارەی هۆشییەکەی گەورەیە، دیمەنەکەی جوانە و کێشەکەی ٧٥٠گرامە، هەندێ جاریش لە یەك کیلۆغرام زیاتر دەبێت، شێوەکەی قوچەکییەکی بەشانە و نیوە هەلۆەشاوەیە، رەنگی تریی پێگەیشتوو سووری مەیلە و بنەوشەییە، شێوەی دەنکەکانی هێلکەیی درێژن، بە شێوە و قەبارە گەورە و رێکن، کرۆکەکەی گۆشتنە، ئاوگەکەی بێ رەنگە، تام وچێژی خۆشە نەختێك ترشە، توێکلەکەی تەنکە بە چینێك شەمێی مام ئاوەند داپۆشراوە لە یەك دەنك (٢ـ ٤)دانە تۆوی تێدایە کە بەئاسانی لە کرۆکەکەی جیا دایەوە ، لە کاتی بەجێهێشتنی لەسەر دارمێوەکەی بۆ ماوەیەك دەمێنێتەوە بەبێ ئەوەی زەرەری پێ بەکەوێت، جۆری گولەکانی مێ ییە، پێویستی بە تەرزە پیتێنەر (ملقح) هەیە لەگەلی بچێنرێت کە «دیس العنز — حلوانی — تائفی» باشترین تەرزن بۆ پیتاندی لەبەر ئەوەی کاتی گولدانیان لەیەك گونجاون۰

**بەکارهێنانی:** ترێیەکی سەرخوانە بۆ خواردنی رۆژانە بەکاردێت، خەسلەتێکی بازرگانی هەیە و لە بازار کردندا خۆفرۆشە ۰

**شێوەی کەزاختن و پەروەردەکردنی:** لە کاتی کەزاختنندا درێژی ئەو لکانەی کە بۆ بەرگرتن جێ دەهێلرێت لە نێوان( ٦- ٨)چاوە دایە وێرای قەدی کورت (٢ ــ ٣) چاو بۆ مەبەستی گۆرینی لقە بە بەرهەمەکان بۆ سالی داهاتوو، شێوازی پەروەردەکردنی گونجاو بۆ ئەم ترێیە کۆردۆنە لەسەر تەل، بەشێوەی پیتی (T)، یان ( Y )، یان سابات۰

**ژینگەی گونجاو بۆ چاندنی:** ترێیەکی بەراوە، لە دۆل و بنارەکانی ناوچە شاخاوییەکان و گردۆلکە و دەشتەکانی دەوروبەری هەولێردا دەچێنرێت۰

**سەوزە کۆمەلەکەی (المجموع الخضري):** شێوەی گەلاکەی پێنج پەرە (خمسة فصوص ) قلێشانی نێوان پەرەکانی نیمچە قوولە، لێواری گەلای ددانەداری تیژە،لایەکیان کوورە، رەنگی رووی دەرەوەی گەلای سەوزێکی تاریك و لوسە، رووی ژێرەوەی سەوزێکی کالە و بە گەندەمووە، بە زۆری لای دەمارەکانی، رەنگی لاسکۆکەی گەلای سوورە، لوتکە گەشەکەی رەنگیکی بنەوشەییە، رەنگی توولە مێووەکانی بنەوشەیەکی تاریکە، گەیەکانی( ماوەی نێوان گرێ یەکان ) درێژن و هاورێك و نیمچە یەکسانن۰

# تائفی سـوور (TAEFFE.SURR)





تەرزە تریی تائفی سوور ﴿کێلگەی تریی بەرێوەبەرایەتی توێژینەوەی کشتوکاڵ /عنکاوە﴾

**سیفاتی بەرهەمەکەی:** درەنگ پێدەگات (لە سەرەتایی مانگی ئابدا) قەبارەی هۆشییەکەی گەورەیە، کێشەکەی ٥٤٠ گرامە، شێوەکەی قوچەکییەکی شان درێژە و نارێکە، رەنگی تریی پێگەیشتوو سوورێکی تاریکە کە تەواو  پێ گەیشت رەنگەکەی باینجانی دەبێت، شێوەی دەنکەکانی هێلکەیین قەبارەیان گەورەیە بەرێك ی کەم لە پاڵ یەکترن، یەك دەنك (٢ ــ ٤) دانە تۆوی تێدایە، کرۆکەکەی گۆشتنە، رەنگی ئاوگەکەی پەمەییە، تام و چێژی خۆشە، توێکلەکەی ئەستوورە، بەچینێك شەمێی مام ناوەندی داپۆشراوە، جۆری گوڵەکانی نێرەمووکن، تەرزەکی گونجاوە بۆ پیتاندنی تەرزە مێ ییەکان.

**بەکارهێنانی :** ترێیەکی سەرخوانە بۆ خواردنی رۆژانە بەکاردێت، خەسڵەتێکی بازرگانی هەیە و لەبازارِ کردندا خۆفرۆشە.

**شێوەی کەزاختن و پەروەردەکردنی:** لە کاتی کەزاختندا درێژی ئەو لکانەی کە بۆ بەرگرتن جێ دەهێلرێت لە نێوان(٦- ٨)چاوە دایە وێرای قەدی کورت (٢ ــ ٣) چاو بۆ مەبەستی گۆرینی لقە بە بەرهەمەکان بۆ ساڵی داهاتوو، شێوازی پەروەردەکردنی گونجاو بۆ ئەم ترێیە کۆردۆنە لەسەر تەل، بەشێوەی پیتی (T)، یان ( Y ). یان سابات.

**ژینگەی گونجاو بۆ چاندنی:** ترێیەکی بەراوە، لە دۆڵ و بنارەکانی ناوچە شاخاوییەکان و گردۆلکە و دەشتەکانی دەوروبەری هەولێردا دەچێنرێت.

**سەوزە کۆمەڵەکەی (المجموع الخضري):** شێوەی گەلاکەی پێنج پەرە (خمسة فصوص ) قڵیشانی نێوان پەرەکانی نوێیە گەلاکان قووڵ نین، کەچی لە کۆنە گەلاکان نیمچە قووڵن، لێواری گەلای ددانەداری تیژە، لایەکیان کوورِە، رەنگی رووی دەرەوەی گەلای  سەوزێکی تاریکە، رووی ژێرەوەی سەوزێکی کاڵە، لاسکۆکەی گەلای سەوزە، دەمارەکانی گەلای دەرکەوتوون، رەنگی بنکەکەشیان سەوزە، رەنگی توولە مێووەکانی و تەرزەکەی سەوزن، گەیەکانی( ماوەی نێوان گرێ یەکان ) هاورێك و نیمچە یەکسانن.

# ابراهیمی (EBRAHEMI)





تەرزە تریی ابراهیمی (کێلگەی تریی بەڕێوەبەرایەتی تۆژینەوەی کشتوکاڵ /عنکاوە)

**سیفاتی بەرهەمەکەی:** درەنگ پێدەگات ( لە سەرەتایی مانگی ئابدا ) قەبارەی هۆشییەکەی گەورەیە، کێشەکەی ٧٢٠ گرامە، شێوەکەی قوچەکییەکی سێ شان بڵندە، رەنگی تریی پێگەیشتوو زەردێکی سەوزییە کەتەواو پێ گەیشت رەنگەکەی سوورێکی پەمەیی رۆن دەبێت، شێوەی دەنکەکانی هێلکەیی درێژە، لایەکیان کوتراوە، قەبارەیان گەورەیە، بە هۆشییەکەیان بە توندی لکاون، رێك و پێکن، یەك دەنك (٢١)دانە تۆوی تێدایە بە ئاسانی لە کرۆکەکەی جیا دەبێتەوە، کرۆکەکەی گۆشتنە، تام و چێژی خۆشە، رەنگی ئاوگەکەی زەردە، توێکڵەکەی تەنکە بە چینێك شەمێی تەنك داپۆشراوە، جۆری گوڵەکەی مێ یییە، پێویستی بە تەرزە پیتێنەر (ملقح) هەیە لەگەڵی بچێنرێت ٠


**بەکارهێنانی :** ترێیەکی سەرخوانە بۆ خواردنی رۆژانە بەکاردێت، خەسڵەتێکی بازرگانی هەیە و لە بازاڕ کردندا خۆفرۆشە ٠

**شێوەی کەزاختن و پەروەردەکردنی:** لە کاتی کەزاختندا درێژی ئەو لکانەی کە بۆ بەرگرتن جێ دەهێلرێت لە نێوان( ٦- ٨)چاوە دایە وێرای قەدی کورت (٢ ـ ٣) چاو بۆ مەبەستی گۆڕینی لقە بە بەرهەمەکان بۆ ساڵی داهاتوو، شێوازی پەروەردەکردنی گونجاو بۆ ئەم ترێیە کۆردۆنە لەسەر تەل، بەشێوەی پیتی (T)، یان ( Y )،یان سابات٠

**ژینگەی گونجاو بۆ چاندنی:** ترێیەکی بەراوە لە دۆڵ و بنارەکانی ناوچە شاخاوییەکان و گردۆلکە و دەشتەکانی دەوروبەری هەولێردا دەچێنرێت٠

**سەوزە کۆمەڵەکەی (المجموع الخضري):** شێوەی گەڵاکەی پێنج پەڕە (خمسة فصوص) قڵیشانی نێوان پەڕەکانی نیمچە قووڵە، لێواری گەڵای ددانەداری تیژە،لایەکیان کووڕە، ڕەنگی رووی دەرەوەی گەڵای سەوزە، رووی ژێرەوەی سەوزێکی کاڵە، رەنگی لاسکۆکەی گەڵای سوورێکی ئەرخەوانیە، دەمارەکانی گەڵای ئەختێك دەرکەوتوون، بنکەکەشیان سوورە، رەنگی تووڵە مێووەکانی سەوزێکی ئاماڵ سوورە، رەنگی تەرزەکەی سوورە، گەیەکانی (ماوەی نێوان گرێ یەکان) هاوڕێك و نیمچە یەکسانن٠

# زەرگ (ZARRG)





تەرزە ترێی زەرگ (کێڵگەی ترێی بەڕێوەبەرایەتی توژینەی کشتوکاڵی هەولێر /عنکاوە)

**سیفاتی بەرهەمەکەی:** دەرەنگ پێدەگات (لە کۆتایی مانگی ئابدا) قەبارەی هۆشییەکەی گەورەیە یان مام ناوەندیە. دیمەنەکەی جوانە و کێشەکەی ٤٣٠ گرامە. شێوەکەی قوچەکییەکی شان بچووکە. ڕەنگی ترێی پێگەیشتوو سپی و مەیلەو زەردە. شێوەی دەنکەکانی گۆیین، بە ڕێك و پێکی لەپاڵ یەکترن. یەك دەنك (٣) دانە تۆوی ڕەنگ قاوەیی تێدایە. توێکڵەکەی نەختێك ئەستوورە. بەچینێك شەمێی مام ناوەندی داپۆشراوە. کرۆکەکەی گۆشتنە. تام وچێژی خۆشە نەختێك تفتە. کە تەواو پێگەیشت تفتاتیەکەی کەم دەبێتەوە. لە کاتی بەجێ هێشتنی لەسەر دارمێوەکەی بۆ ماوەیەك دەمێنێتەوە بەبێ ئەوەی زەرەری پێ بەکەوێت. ڕێژەی شیرناتیەکەی زیاتر دەبێت. گوڵەکانی نێرەمووکن. هۆشییەکەی لە گرێی چوارەم و پێنجەمەوە دەدات.

**بەکارهێنانی:** ترێیەکی سەرخوانە بۆ خواردنی ڕۆژانە بەکاردێت. ئاوگدارە بۆ دروست کردنی (شەربەت ــ دۆشاو ــ خەڵ هتد ....) خەسلەتێکی بازرگانی هەیە لە بازاڕ کردندا خۆفرۆشە .

**شێوەی کەزاختن و پەروەردەکردنی:** لە کاتی کەزاختندا درێژی ئەو لکانەی کە بۆ بەرگرتن جێ دەهێڵرێت لە نێوان( ٤ ٦)چاوە دایە وێرای قەدی کورت (٢ــ٣)چاوە بۆ مەبەستی گۆڕینی لقە بە بەرهەمەکان بۆ ساڵی داهاتوو. شێوازی پەروەردەکردنی گونجاو بۆ ئەم ترێیە کۆردۆنە لەسەر تەل. بەشێوەی پیتی( T ) یان ( Y )، یان کۆڵك .

**ژینگەی گونجاو بۆ چاندنی:** ترێیەکی بەراو و دێمەکارە. لە دۆڵ و بنارەکانی ناوچە شاخاوییەکان و گردۆلکە و دەشتەکانی دەوروبەری هەولێردا دەچێنرێت .

**سەوزە کۆمەڵەکەی (المجموع الخضري):** شێوەی گەڵاکەی حەوت پەڕە (سبعة فصوص) قڵیشانی نێوان پەڕەکانی قووڵە. لێواری گەڵای ددانەداری تیژە، لایەکیان کووڕە. ڕەنگی ڕووی دەرەوەی گەڵای سەوزە، ڕووی ژێرەوەی سەوزێکی کاڵە. لاسکۆکەی گەڵای سەوزی ئاماڵ سوورە، دەمارەکانی گەڵای دەرکەوتوون، بنکەکەشیان سوورە ڕەنگی تووڵە مێووەکانی سەوزێکی سوور باوە، ڕەنگی تەرزەکەی ئامال سوورە، گەیەکانی ( ماوەی نێوان گرێیەکان ) هاورێك و نیمچە یەکسانن .

# بێـــــدەنك (BEA.DANNK)





تەرزە تریی بێـدەنك «کێلگەی تریی بەڕێوەبەرایەتی توێژینەی کشتوکاڵی هەولێر /عنکاوە»

**سیفاتی بەرهەمەکەی:** تەرزەکی بێـــدەنکە و درەنگ پێدەگات (لە سەرەتایی مانگی ئابدا) قەبارەی هۆشییەکەی مام ناوەندیە، کێشەکەی ٣٠٠گرامە، شێوەکەی لولەیی کورتە، ڕەنگی ترێی پێگەیشتوو سپیەکی زەرد باوە، شێوەی دەنکەکانی گۆیین، بە شێوە و قەبارە مام ناوەندین، کرۆکەکەی گۆشتنە، ئاوگدارە، تام وچێژی خۆشە، توێکڵەکەی تەنکە، گوڵەکانی نێرەمووکن، زۆر بە بەرهەمە، هۆشییەکەی لە گرێی چوارەم و پێنجەمەوە دەدات٠

**بەکارهێنانی:** ترێیەکی سەرخوانە بۆ خواردنی ڕۆژانە بەکاردێت، ئاوگدارە بۆ دروست کردنی (شەربەت ــ دۆشاو ـ خەڵ هتد ٠٠٠٠ ) وشك دەکرێت بۆ دروست کردنی مێووژ و کشمش، خەسلەتی بازرگانی زۆرباشە و لە بازاڕ کردندا خۆفرۆشە٠

**شێوەی کەزاختن و پەروەردەکردنی:** لە کاتی کەزاختندا درێژی ئەو لکانەی کە بۆ بەرگرتن جێ دەهێلرێت لە نێوان( ٤- ٦)چاوە دایە وێرای قەدی کورت (٢ــ٣) چاوە بۆ مەبەستی گۆڕینی لقە بە بەرهەمەکان بۆ ساڵی داهاتوو، شێوازی پەروەردەکردنی گونجاو بۆ ئەم ترێیە کۆردۆنە لەسەر تەل، بەشێوەی پیتی( T) یان (Y)، یان کۆڵك٠

**ژینگەی گونجاو بۆ چاندنی:** ترێیەکی بەراوە، لە دۆڵ و بنارەکانی ناوچە شاخاوییەکان و گردۆلکە و دەشتەکانی دەوروبەری هەولێردا دەچێنرێت، لە ناوچە شاخاوییەکانیش بە دێمەکاری ٠

**سەوزە کۆمەڵەکەی (المجموع الخضري):** شێوەی گەلاکەی پێنج پەڕە (خمسة فصوص) قلێشانی نێوان پەرەکانی زۆر قووڵە، لێواری ددانەداری تیژە، لایەکانی کووڕە، ڕەنگی ڕووی دەرەوەی گەڵای سەوزێکی تاریکە، ڕووی ژێرەوەی سەوزێکی کاڵە، لاسکۆکەی گەڵای سەوزە و ئەختێك ئاماڵ سوورە، ڕەنگی نوێیە گەڵاکانی لوتکەی تووڵە مێوەکان سەوزێکی کاڵ و ئاماڵ سوورن، دەمارەکانی گەڵای دەرکەوتوون، بنکەکەشیان ئەختێك ئاماڵ سوورە، ئەم ڕەنگە ئەختێك بەلای تیغەکانی کشاوەتەوە، ڕەنگی تووڵە مێووەکانی سەوزێکی ئاماڵ سوورە، ڕەنگی تەرزەکەی سەوزە، بنکەکەشی سوورە باوە، گەیەکانی (ماوەی نێوان گرێیەکانی) هاورێك نین ٠

# سـوّراو (SOURAO)





تەرزە ترێی سۆراو «کێڵگەی ترێی بەڕێوەبەرایەتی توژینەی کشتوکاڵی هەولێر /عنکاوە»

**سیفاتی بەرهەمەکەی:** درەنگ پێدەگات (لە سەرەتایی مانگی ئابدا)، قەبارەی هۆشیێکەی گەورەیە، کێشەکەی دەگاتە یەك کیلۆگرام، شێوەکەی قوچەکییەکی شان درێژە کە درێژیەکەیان دەگاتە نیوەی تەوەری هۆشییەکەی، رەنگی ترێی پێگەیشتوو سوورێکی ئامال باینجانیە، کە تەواو پێگەیشت رەنگەکەی تاریك تر دەبێت، شێوەی دەنکەکانی گۆیین، بە رێك و پێکی لە پاڵ یەکترنین، قەبارەیان گەورەیە، یەك دەنك(١ ـ٣)دانە تۆوی تێدایە، توێکڵەکەی تەنکە، بە چینێك شەمێی تەنك داپۆشراوە، کرۆکەکەی گۆشتنە، تام وچێژی خۆشە، نەختێك ترشە، رەنگی ناوگەکەی زەردێکی تاریکە، جۆری گوڵەکەی مێ یە، پێویستی بە تەرزی پیتێنەر هەیە لەگەڵی بچێنرێت، هۆشییەکەی لە گرێی پێنجەم و شەشەمەوە دەدات.

**بەکارهێنانی:** ترێیەکی سەرخوانە بۆ خواردنی رۆژانە بەکاردێت، خەسلەتێکی بازرگانی هەیە لە بازاڕ کردندا خۆفرۆشە .

**شێوەی کەژاختن و پەروەردەکردنی:** لە کاتی کەژاختندا درێژی ئەو لکانەی کە بۆ بەرگرتن جێ دەهێلرێت لە نێوان( ٦ ـ ٨)چاوە دایە وێڕای قەدی کورت (٢ـ٣) چاوە بۆ مەبەستی گۆرینی لقە بە بەرهەمەکان بۆ ساڵی داهاتوو، شێوازی پەروەردەکردنی گونجاو بۆ ئەم ترێیە کۆردۆنە لەسەر تەل، بەشێوەی پیتی( T)، یان ( Y )، یان سابات .

**ژینگەی گونجاو بۆ چاندنی:** ترێیەکی بەراوە، لە دۆڵ و بنارەکانی ناوچە شاخاوییەکان و گردۆلکە و دەشتەکانی دەوروبەری هەولێردا دەچێنرێت.

**سەوزە کۆمەڵەکەی (المجموع الخضري):** شێوەی گەڵاکەی پێنج پەرە (خمسة فصوص) قلێشانی نێوان پەرەکانی زۆر قووڵە، لێواری گەڵای ددانەداری تیژە و لایەکیان کوورە، رەنگی رووی دەرەوەی گەڵای سەوزێکی تاریکە، رووی ژێرەوەی سەوزێکی کاڵە، نەختێك بە گەندەمووە، لاسکۆکەی گەڵای سەوزێکی ئامال سوورە، دەمارەکانی گەڵای دەرکەوتوون، بنکەکەشیان سوورە، رەنگی توولە مێووەکانی سەوزێکی ئامال سوورە، رەنگی تەرزەکەی سەوزێکی مەیلەو زەردە بنکەکەشی سوورە باوە، گەیەکانی (ماوەی نێوان گرێیەکان) هاورێك و نیمچە یەکسانن .

# عجیّمی (AGIMEE)

تەرزە تریّی عجیمی لە کیّلگەی تریّی بەریّوەبەرایەتی توژینەوەی کشتوکالّی هەولیّر /عنکاوە

**سیفاتی بەرهەمەکەی:** درەنگ پیّدەگات(لە سەرەتایی مانگی ئابدا) قەبارەی هۆشییەکەی گەورەیە، کیّشەکەی ٦٢٠ گرامە، شیّوەکەی قوچەکییەکی شان دریّژە و ناریّکە. رەنگی تریّی پیّگەیشتوو سووریّکی پەمەییە، شیّوەی دەنکەکانی هیّلکەییە، بە ریّکی کەم لە پالّ یەکترن، یەك دەنك (٢) دانە تۆوی رەنگ قاوەیی تیّدایە، کرۆکەکەی گۆشتنە، رەنگی ناوگەکەی زەردیّکی کالّە، تام و چیّژی خۆشە، تویّکلەکەی ئەستوورە بە چینیّك شەمیّی مام ناوەندی داپۆشراوە، جۆری گولەکانی نیّرەمووکن، هۆشییەکەی لە گریّی چوارەم و پیّنجەمەوە دەدات .

**بەکارهیّنانی:** تریّیەکی سەرخوانە بۆ خواردنی رۆژانە بەکاردیّت، خەسلەتیّکی بازرگانی هەیە لە بازار کردندا خۆفرۆشە .

**شیّوەی کەزاختن و پەروەردەکردنی:** لە کاتی کەزاختندا دریّژی ئەو لکانەی کە بۆ بەرگرتن جیّ دەهیّلریّت لە نیّوان(٤ ـ ٦)چاوە دایە ویّرای قەدی کورت (٢ــ٣) چاوە بۆ مەبەستی گۆرینی لقە بە بەرهەمەکان بۆ سالّی داهاتوو، شیّوازی پەروەردەکردنی گونجاو بۆ ئەم تریّیە کۆردۆنە لەسەر تەل، بەشیّوەی پیتی( T )، یان ( Y ) .

**ژینگەی گونجاو بۆ چاندنی:** تریّیەکی بەراوە، لە دۆلّ و بنارەکانی ناوچە شاخاوییەکان و گردۆلکە و دەشتەکانی دەوروبەری هەولیّردا دەچیّنریّت .

**سەوزە کۆمەلەکەی (المجموع الخضري):** شیّوەی گەلاکەی پیّنج پەرە (خمسة فصوص)قلّیشانی نیّوان پەرەکانی نویّیە گەلاکان قوولّ نین، کەچی لە کۆنە گەلاکان نیمچە قوولّن. لیّواری گەلاّی ددانەداری تیژە، رەنگی رووی دەرەوەی گەلاّی سەوزیّکی تاریکە، رووی ژیّرەوەی سەوزیّکی کالّە، لاسکۆکەی گەلاّی سەوزە، دەمارەکانی گەلاّی دەرکەوتوون، رەنگی بنکەکەشیان سەوزە، رەنگی توولە میّووەکانی و تەرزەکەی سەوزن، گەیەکانی (ماوەی نیّوان گریّ یەکان) هاوریّك نین .

# ( SARQOULA) سەرقــۆڵە





تەرزە تریی سەرقـۆڵە ﴿کێڵگەی تریی بەڕێوەبەرایەتی توێژینەی کشتوکاڵی هەولێر /عنکاوە﴾

**سیفاتی بەرهەمەکەی:** درەنگ پێدەگات (لە نیوەی مانگی ئابدا)، قەبارەی هۆشیێکەی مام ناوەندیە یان گەورەیە، کێشەکەی ٢٥٠ گرامە، شێوەکەی قوچەکییەکی شان کورتە، رەنگی تریی پێگەیشتوو سوورێکی تاریکە مەیلەو بنەوشەییە، کە تەواو پێگەیشت رەنگەکەی تاریك تر دەبێت، شێوەی دەنکەکانی لولەیی درێژە، کۆتاییەکەیان پانە، قەبارەیان مام ناوەندیە. بە رێکی کەم لە پاڵ یەکترن، یەك دەنك (١ــ ٢) دانە تۆوی رەنگ قاوەیی کاڵ تێدایە، توێکڵەکەی تەنکە بە چینێك شەمێی مام ناوەندی داپۆشراوە، کرۆکەکەی گۆشتنە، تام وچێژی خۆشە، نەختێك ترشە، ئاوگدارە، رەنگی ئاوگەکەی پەمەیی کاڵە، جۆری گوڵەکەی مێییە، پێویستی بە تەرزی پیتێنەر هەیە لەگەڵی بچێنرێت. هۆشییەکەی لە گرێی سێ یەم و چوارەمەوە دەدات .

**بەکارهێنانی:** ترێیەکی سەرخوانە بۆ خواردنی رۆژانە بەکاردێت.

**شێوەی کەزاختن و پەروەردەکردنی:** لە کاتی کەزاختندا درێژی ئەو لکانەی کە بۆ بەرگرتن جێ دەهێلرێت لە نێوان( ٤ ــ ٦)چاوە دایە وێرای قەدی کورت (٢ــ٣) چاوە بۆ مەبەستی گۆرینی لقە بە بەرهەمەکان بۆ ساڵی داهاتوو، شێوازی پەروەردەکردنی گونجاو بۆ ئەم ترێیە کۆردۆنە لەسەر تەل، بەشێوەی پیتی( T )، یان کۆلك .

**ژینگەی گونجاو بۆ چاندنی:** ترێیەکی بەراوە، لە دۆڵ و بنارەکانی ناوچە شاخاوییەکان و گردۆلکە و دەشتەکانی دەوروبەری هەولێردا دەچێنرێت.

**سەوزە کۆمەڵەکەی (المجموع الخضري):** شێوەی گەلاکەی پێنج پەڕە(خمسة فصوص) قلێشانی نێوان پەڕەکانی قووڵە، لێواری گەلای ددانەداری تیژە و کووڕن، قلێشانی نێوان ددانەکان قووڵ نیە، رەنگی رووی دەرەوەی گەلای سەوزێکی تاریکە، رووی ژێرەوەی سەوزێکی کاڵە، رەنگی نوێیە گەلاکانی سەر لوتکە تووله مێوەکەی سەوزێکی درەوشاوەیە کەمێك ئاماڵ سوورە، لاسکۆکەی گەلای سوورێکی ئەرخەوانیە، دەمارەکانی گەلای دەرکەوتوون، بنکەکەشیان ئاماڵ سوورە، رەنگی تووله مێووەکانی سەوزە، رەنگی تەرزەکەی سەوزە، بنکەکەشی ئاماڵ سوورە، گەیەکانی (ماوەی نێوان گر ێیەکانی) هاورێك و نیمچە یەکسانن .

## ميلاقي (MELAKEY)





تەرزە تریی میلاقي ﴿كێڵگەی تریی بەڕێوەبەرایەتی توێژینەی كشتوكاڵی هەولێر /عنكاوە﴾

**سیفاتی بەرهەمەكەی:** درەنگ پێدەگات (لە سەرەتایی مانگی ئابدا)، قەبارەی هۆشیێكەی مام ناوەندیە كێشەكەی ٢٨٠ گرامە. شێوەكەی قوچەكییەكی شان بچووكە، رەنگی تریی پێگەیشتوو سوورێكی مەیلەو پەمەییە، شێوەی دەنكەكانی لولەیی درێژن، قەبارەیان مام ناوەندیە و وەكویەك نین، دەنكی بچووك لە ناو هۆشییەكەدا هەیە، بە ڕێكی كەم لە پاڵ یەكترن، یەك دەنك (٢ ــ ٣) دانە تۆوی رەنگ قاوەیی تێدایە، ئەستووری توێكڵەكەی مام ناوەندیە، بە چینێك شەمێی تەنك داپۆشراوە، كرۆكەكەی گۆشتنە، تام و چێژی خۆشە، ئاوگدارە، رەنگی ئاوگەكەی سپییەكی زەرد باوە، جۆری گوڵەكانی نێرەمووكن، هۆشییەكەی لە گرێی چوارەم و پێنجەمەوە دەدات .

**بەكارهێنانی:** ترێیەكی سەرخوانە بۆ خواردنی ڕۆژانە بەكاردێت، خەسلەتێكی بازرگانی هەیە.

**شێوەی كەزاختن و پەروەردەكردنی:** لە كاتی كەزاختندا درێژی ئەو لكانەی كە بۆ بەرگرتن جێ دەهێلرێت لە نێوان( ٦ ــ ٨)چاوە دایە وێرای قەدی كورت (٢ــ٣) چاوە بۆ مەبەستی گۆرینی لقە بە بەرهەمەكان بۆ ساڵی داهاتوو، شێوازی پەروەردەكردنی گونجاو بۆ ئەم ترێیە كۆردۆنە لەسەر تەل، بەشێوەی پیتی ( T )، یان (Y) .

**ژینگەی گونجاو بۆ چاندنی:** ترێیەكی بەراوە، لە دۆڵ و بنارەكانی ناوچە شاخاوییەكان و گردۆلكە و دەشتەكانی دەوروبەری هەولێردا دەچێنرێت .

**سەوزە كۆمەڵەكەی (المجموع الخضري):** شێوەی گەڵاكەی پێنج پەڕە (خمسة فصوص) قڵیشانی نێوان پەڕەكانی زۆر قووڵە، لێواری ددانەداری تیژە، لایەكانی كووڕە، ڕەنگی رووی دەرەوەی گەڵای سەوزێكی تاریكە، رووی ژێرەوەی سەوزێكی كاڵە،لاسكۆكەی گەڵای سەوزە، نەختێك ئاماڵ سوورە، رەنگی نوێیە گەڵاكانی لوتكەی تووله مێوەكان سەوزێكی كاڵی ئاماڵ سوورن، دەمارەكانی گەڵای دەركەوتوون، بنكەكەشیان نەختێك سوورە، رەنگی تووله مێووەكانی سەوزێكی ئاماڵ سوورە، بەتایبەتی نزیگ گرێیەكان، رەنگی تەرزەكەی و بنكەكەی سوورە، گەیەكانی (ماوەی نێوان گرێیەكانی) هاورێك نین .

# حـــلوانی لبـــنان (HALWANI.LOBNAN)





تەرزە ترێی حلواني لبنان «کێلگەی ترێی بەرێوەبەرایەتی توژینەی کشتوکالی هەولێر /عنکاوە»

**سیفاتی بەرهەمەکەی:** درەنگ پێدەگات (لە کۆتایی مانگی ئابدا) بە پێی کەشەهەوای شوێنەکە قەبارەی هۆشییەکەی گەورەیە، دیمەنەکەی جوانە، کێشەکەی ٧٥٠ گرامە، هەندێ جاریش یەك کیلۆغرام زیاتر دەبێت، شێوەکەی قوچەکییەکی یەك شانە، درێژە و نیمچە هەلۆەشاوەیە، رەنگی ترێی پێگەیشتوو سپییەکی مەیلەو زەرد و ئامالْ سوورە، یان هەندێ جار سوورێکی تاریکە، شێوەی دەنکەکانی گۆیین بە شێوە و قەبارە گەورەن، یەك دەنك (٢ــ ٤)دانە تۆوی تێدایە، کە بەئاسانی لە کرۆکەکەی جیا نابێتەوە، کرۆکەکەی گۆشتنە، زبرە تام وچێژی خۆشە، نەختێك ترشە، توێکلْەکەی تەنکە، لە کاتی بەجێ هێشتنی لەسەر دارمێوەکەی بۆ ماوەیەك دەمێنێتەوە بەبێ ئەوەی زەرەری پێ بەکەوێت، گولْەکانی نێرەمووکن، زۆر بە بەرهەمە، هۆشییەکەی لە گرێی چوارەم و پێنجەمەوە دەدات.

**بەکارهێنانی:** ترێیەکی سەرخوانە بۆ خواردنی رۆژانە بەکاردێت، خەسلەتی بازرگانی زۆر باشی هەیە، لە بازاڕ کردندا خۆفرۆشە .

**شێوەی کەزاختن و پەروەردەکردنی:** لە کاتی کەزاختندا درێژی ئەو لکانەی کە بۆ بەرگرتن جێ دەهێلرێت لە نێوان(٦ ــ ١٠)چاوە دایە وێرای قەدی کورت (٢ــ٣) چاوە بۆ مەبەستی گۆرینی لقە بە بەرهەمەکان بۆ سالی داهاتوو، شێوازی پەروەردەکردنی گونجاو بۆ ئەم ترێیە کۆردۆنە لەسەر تەل، بەشێوەی پیتی ( T)، یان سابات.

**ژینگەی گونجاو بۆ چاندنی:** ترێیەکی بەراوە، لە دۆلْ و بنارەکانی ناوچە شاخاوییەکان و گردۆلکە و دەشتەکانی دەوروبەری هەولێردا دەچێنرێت.

**سەوزە کۆمەلْەکەی (المجموع الخضري):** شێوەی گەلاکەی پێنج پەڕە (خمسة فصوص ) قلْیشانی نێوان پەڕەکانی زۆر قوولْە، لێواری ددانەداری تیژە و لایەکانی کوورن، ڕەنگی رووی دەرەوەی گەلاْی سەوزێکی تاریکە، رووی ژێرەوەی سەوزێکی کالْە ،لاسکۆکەی گەلاْی سەوزە، نەختێك ئامالْ سوورە، رەنگی نوێیە گەلاْکانی لوتکەی تووله مێوەکان سەوزێکی کالْە، دەمارەکانی گەلاْی دەرکەوتوون، بنکەکەشیان نەختێك سوورە، رەنگی تووله مێووەکانی سەوزێکی ئامالْ سوورە، رەنگی تەرزەکەی و بنکەکەی سەوزە، گەیەکانی (ماوەی نێوان گرێیەکانی) هاورێك نین .

# بیضـــاوي ( BAITHAWE )

ئەرزە تریی بیضاوي ﴿کێلگەی تریی بەڕێوەبەرایەتی توژینەی کشتوکاڵی هەولێر /عنکاوە﴾

**سیفاتی بەرهەمەکەی:** درەنگ پێدەگات (لە سەرەتایی مانگی ئابدا)، قەبارەی هۆشیێکەی گەورەیە، کێشەکەی ٦٣٠گرامە، شێوەکەی قوچەکییەکی شان کورتە، رەنگی تریی پێگەیشتوو سپییەکی مەیلەو زەردە، کە تەواو پێگەیشت رەنگەکەی زەردتر دەبێت، شێوەی دەنکەکانی لولەیی درێژن، قەبارەیان مام ناوەندیە، بەرێکی کەم لە پاڵ یەکترن، یەك دەنك (٢ ــ ٣) دانە تۆوی رەنگ قاوەیی کاڵ تێدایە، توێکڵەکەی تەنك و رۆنە، بە چینێك شەمێی تەنك داپۆشراوە، کرۆکەکەی گۆشتنە، تام وچێژی خۆشە نەختێك ترشە، ئاوگدارە رەنگی ئاوگەکەی زەردێکی کاڵە، جۆری گوڵەکەی نێرەمووکن، هۆشییەکەی لە گرێی چوارەم وپێنجەمەوە دەدات ٠

**بەکارهێنانی:** ترێیەکی سەرخوانە بۆ خواردنی رۆژانە بەکاردێت، ٠

**شێوەی کەزاختن و پەروەردەکردنی:** لە کاتی کەزاختندا درێژی ئەو لکانەی کە بۆ بەرگرتن جێ دەهێلرێت لە نێوان( ٦ ــ ٨)چاوە دایە وێرای قەدی کورت (٢ــ٣) چاوە بۆ مەبەستی گۆڕینی لقە بە بەرهەمەکان بۆ ساڵی داهاتوو، شێوازی پەروەردەکردنی گونجاو بۆ ئەم ترێیە کۆردۆنە لەسەر تەل، بەشێوەی پیتی ( T )، یان ( Y ) ٠

**ژینگەی گونجاو بۆ چاندنی:** ترێیەکی بەراوە، لە دۆڵ و بنارەکانی ناوچە شاخاوییەکان و گردۆلکە و دەشتەکانی دەوروبەری هەولێردا دەچێنرێت ٠

**سەوزە کۆمەڵەکەی (المجموع الخضري):** شێوەی گەڵاکەی پێنج پەڕە (خمسة فصوص) قلێشانی نێوان پەڕەکانی نیمچە قووڵە، لێواری ددانەداری تیژە، لایەکیان کووڕە، رەنگی رووی دەرەوەی گەڵای سەوزێکی تاریکە، رووی ژێرەوەی سەوزێکی کاڵە، لاسکۆکەی گەڵای سەوزە و نەختێك ئاماڵ سوورە، رەنگی نوێیە گەڵاکانی لوتکەی تووڵە مێوەکان سەوزێکی کاڵ و نەختێك ئاماڵ سوورن، دەمارەکانی گەڵای دەرکەوتوون، بنکەکەشیان نەختێك سوورە، رەنگی تووڵە مێووەکانی سەوزێکی ئاماڵ سوورە، رەنگی ئەرزەکەی و بنکەکەی سەوزە، گەیەکانی (ماوەی نێوان گر ییەکانی) هاورێك و نیمچە یەکسانن ٠

# ابوعثـوك ( ABU.ATHUK )




تەرزە تریّی ابوعثـوك ﴿كێڵگەی تریّی بەڕێوەبەرایەتی توژینەی کشتوکالی هەولێر /عنكاوە﴾

**سیفاتی بەرهەمەكەی:** درەنگ پێدەگات ( لە سەرەتایی مانگی ئابدا)، قەبارەی هۆشیێكەی مام ناوەندیە، كێشەكەی ٤٢٥ گرامە، شێوەكەی قوچەكییەكی شان گەورەیە، رەنگی تریّی پێگەیشتوو زەردێكی ئامالّ سەوزە، شێوەی دەنكەكانی هێلكەیكی لولەییە، بە رێكی مام ناوەندی لە پالّ یەكترن، یەك دەنك (٢ ) دانە تۆوی رەنگ قاوەیی تێدایە توێكلّەكەی تەنكە بە چینێك شەمێی تەنك داپۆشراوە، كرۆكەكەی گۆشتنە، تام وچێژی خۆشە، ئاوگدارە، رەنگی ئاوگەكەی زەردێكی كالّە، گوڵەكانی نێرەمووكن، زۆر بە بەرهەمە و هۆشییەگەی لە گرێی چوارەم و پێنجەمەوە دەدات .

**بەكارهێنانی:** ترێیەكی سەرخوانە، بۆ خواردنی رۆژانە بەكاردێت، ،ئاوگدارە بۆ دروست كردنی (شەربەت ــ دۆشاو ـ خەلّ هتد ....) خەسلەتێكی بازرگانی هەیە لە بازاڕ كردندا خۆفرۆشە .

**شێوەی كەزاختن و پەروەردەكردنی:** لە كاتی كەزاختندا درێژی ئەو لكانەی كە بۆ بەرگرتن جێ دەهێلرێت لە نێوان( ٦ ـ ٨)چاوە دایە وێرای قەدی كورت (٢ــ٣) چاوە بۆ مەبەستی گۆرینی لقە بە بەرهەمەكان بۆ سالّی داهاتوو، شێوازی پەروەردەكردنی گونجاو بۆ ئەم ترێیە كۆردۆنە لەسەر تەل، بەشێوەی پیتی ( T )، یان (Y ).

**ژینگەی گونجاو بۆ چاندنی:** ترێیەكی بەراوە، لە دۆلّ و بنارەكانی ناوچە شاخاوییەكان و گردۆلكە و دەشتەكانی دەوروبەری هەولێردا دەچێنرێت .

**سەوزە كۆمەلّەكەی (المجموع الخضري):** شێوەی گەلاكەی پێنج پەرە (خمسة فصوص) قلّیشانی نێوان پەرەكانی نیمچە قوولّە، لێواری گەلاّی ددانەداری تیژە، لایەكیان كووڕە، رەنگی رووی دەرەوەی سەوزێكی تاریكە، رووی ژێرەوەی سەوزێكی كالّە، لاسكۆكەی گەلاّی سوورێكی شەرابییە، دەمارەكانی گەلاّی دەركەوتوون، بنكەكەشیان سوورە، ئەم رەنگە بەلای تیغەكانی گەلاكە كشاوەتەوە، رەنگی توولە مێووەكانی سەوزێكی ئامالّ سوورێكی ئەرخەوانیە، رەنگی تەرزەكەی سەوزە بنكەكەشی ئامالّ سوورە، گەیەكانی (ماوەی نێوان گرێیەكانی) هاورێك و نیمچە یەكسانن .

# بیتـــــمونی (BAITAMUNI)





تەرزە تریی بیتمـونی ﴿کێڵگەی تریی بەڕێوەبەرایەتی توژینەی کشتوکاڵی هەولێر /عنکاوە﴾

**سیفاتی بەرهەمەکەی:** درەنگ پێدەگات(لە نیوەی مانگی ئابدا) قەبارەی هۆشییەکەی گەورەیە، دیمەنەکەی جوانە، کێشەکەی ٧٥٠گرامە، شێوەکەی قوچەکییەکی شان درێژە و نیمچە هەڵوەشاوەیە، رەنگی تریێ پێگەیشتوو سپیەکی زەرد باوە، شێوەی دەنکەکانی هێلکەیی درێژن، بە شێوە و قەبارە گەورەن، یەك دەنك (٢ــ ٣)دانە تۆوی تێدایە، کرۆکەکەی گۆشتنە، زبرە تام وچێژی خۆشە، توێکڵەکەی تەنکە، لە کاتی بەجێهێشتنی لەسەر دارمێوەکەی بۆماوەیەك دەمێنێتە، بەبێ ئەوەی زەرەری پێ بەکەوێت، گوڵەکانی نێرەمووکن، زۆر بە بەرهەمە و هۆشییەکەی لە گرێی چوارەم و پێنجەمەوە دەدات.

**بەکارهێنانی:** ترێیەکی سەرخوانە، بۆ خواردنی ڕۆژانە بەکاردێت، خەسلەتێکی بازرگانی زۆرباشی هەیە و لە بازاڕ کردندا خۆفرۆشە.

**شێوەی کەزاختن و پەروەردەکردنی:** لە کاتی کەزاختندا درێژی ئەو لکانەی کە بۆ بەرگرتن جێ دەهێلرێت لە نێوان( ٦ ــ ٨)چاوە دایە وێرای قەدی کورت (٢ــ٣) چاوە بۆ مەبەستی گۆرینی لقە بە بەرهەمەکان بۆ ساڵی داهاتوو، شێوازی پەروەردەکردنی گونجاو بۆ ئەم ترێیە کۆردۆنە لەسەر تەل، بەشێوەی پیتی( T )، یان ( Y )، یان ساباتە.

**ژینگەی گونجاو بۆ چاندنی:** ترێیەکی بەراوە، لە دۆڵ و بنارەکانی ناوچە شاخاوییەکان و گردۆلکە و دەشتەکانی دەوروبەری هەولێردا دەچێنرێت.

**سەوزە کۆمەڵەکەی (المجموع الخضري):** شێوەی گەڵاکەی پێنج پەڕە (خمسة فصوص) قلێشانی نێوان پەڕەکانی نیمچە قووڵە، لێواری ددانەداری تیژە، لایەکانی کووڕن، ڕەنگی رووی دەرەوەی گەڵای سەوزێکی تاریکە، رووی ژێرەوەی سەوزێکی کاڵە، لاسکۆکەی گەڵای سەوزە، نەختێك ئامال سوورە، رەنگی نوێیە گەڵاکانی لوتکەی توولە مێووەکان سەوزێکی کاڵی مەیلە و سوورە، دەمارەکانی گەڵای

دەرکەوتوون، بنکەکەشیان سوورە، رەنگی توولە مێووەکانی سەوزێکی ئاماڵ سوورە، رەنگی تەرزەکەی و بنکەکەی سوورە، گەیەکانی ( ماوەی نێوان گرێیەکانی ) هاورێك و نیمچە یەکسانن .

## رەشمیری واژە (RASHMIREE.WAZHA)





تەرزە ترێی رەش میری واژە «کێڵگەی ترێی بەرێوەبەرایەتی توژینەی کشتوکاڵی هەولێر / عنکاوە»

**سیفاتی بەرهەمەکەی:** درەنگ پێدەگات (لە سەرەتایی مانگی ئابدا)، قەبارەی هۆشیێکەی مام ناوەندیە، کێشەکەی ٢٧٥گرامە، شێوەکەی قوچەکییەکی لولەیی شان کورتە، رەنگی ترێی پێگەیشتوو رەشێکی تاریکە، شێوەی دەنکەکانی گۆیین، بە رێك و پێکی لە پاڵ یەکترن، یەك دەنك (٢ـ ٣) دانە تۆوی تێدایە، توێکڵەکەی نەختێك ئەستوورە، بە چینێك شەمێی چڕ داپۆشراوە، کرۆکەکەی گۆشتنە، تام وچێژی خۆشە ،ناوگدارە رەنگی ناوگەکەی پەمەیی کاڵە، گوڵەکانی نێرەمووکن، زۆر بە بەرهەمە، هۆشییەکەی لە گرێی چوارەم و پێنجەمەوە دەدات.

**بەکارهێنانی:** ترێیەکی سەرخوانە، بۆ خواردنی رۆژانە بەکاردێت، ،ناوگدارە بۆ دروست کردنی (شەربەت ــ دۆشاو ــ خەڵ هتد .... ).

**شێوەی کەزاختن و پەروەردەکردنی:** لە کاتی کەزاختندا درێژی ئەو لکانەی کە بۆ بەرگرتن جێ دەهێلرێت لە نێوان( ٤ ـ ٦ )چاوە دایە وێرای قەدی کورت (٢ـ٣) چاوە بۆ مەبەستی گۆرینی لقە بە بەرهەمەکان بۆ ساڵی داهاتوو، شێوازی پەروەردەکردنی گونجاو بۆ ئەم ترێیە کۆردۆنە لەسەر تەل، بەشێوەی پیتی( T ) یان ( Y )، یان کۆڵك .

**ژینگەی گونجاو بۆ چاندنی:** ترێیەکی دێمەکارە، لە دۆڵ و بنارەکانی ناوچە شاخاوییەکان و گردۆلکەکان.

**سەوزە کۆمەڵەکەی (المجموع الخضري):** شێوەی گەڵاکەی پێنج پەرە (خمسة فصوص) قڵیشانی نێوان پەرەکانی قووڵ نین، لێواری گەڵای ددانەداری تیژە و لایەکیان کوورە، رەنگی رووی دەرەوەی گەڵای سەوزێکی تاریکە، رووی ژێرەوەی سەوزێکی کاڵە، لاسکۆکەی گەڵای ئامال سوورە، دەمارەکانی گەڵای دەرکەوتوون، بنکەکەشیان سوورە، رەنگی توولە مێووەکانی سەوزێکی سوورباوە، رەنگی تەرزەکەی سەوزە، بنکەکەشی ئامال سوورە، گەیەکانی (ماوەی نێوان گرێیەکان) هاورێك و نیمچە یەکسانن .

# مسكات أســـــود (MUSCAT. ASSWAD)





تەرزە تریی مسكات اسود ﴿كێڵگەی تریی بەڕێوەبەرایەتی توێژینەی کشتوکاڵی هەولێر /عنكاوە﴾

**سیفاتی بەرهەمەکەی:** دڕەنگ پێدەگات (لە سەرەتایی مانگی ئابدا) قەبارەی هۆشییەکەی بچووکە، کێشەکەی ۲۷۰ گرامە، شێوەکەی قوچەکییەکی شان درێژە و نارێکە، ڕەنگی تریی پێگەیشتوو ڕەشێکی باینجانیە، شێوەی دەنکەکانی گۆیین و درێژن، یەك دەنك (۲ ــ ۳) دانە تۆوی ڕەنگ قاوەیی کاڵ تێدایە، کرۆکەکەی ئاوگدارە، تام وچێژێکی تایبەتی بۆنداری هەیە، توێکلەکەی ئەستوورە، بە چینێك شەمێی چڕ داپۆشراوە، جۆری گوڵەکانی نێرەمووکن ·

**بەکارهێنانی:** ترێیەکی سەرخوانە، بۆ خواردنی ڕۆژانە بەکاردێت، ئاوگدارە بۆ دروست کردنی (شەربەت ــ دۆشاو ــ خەڵ هتد ····) خەسلەتێکی بازرگانی هەیە ·

**شێوەی کەزاختن و پەروەردەکردنی:** لە کاتی کەزاختندا درێژی ئەو لکانەی کە بۆ بەرگرتن جێ دەهێلرێت لە نێوان( ٦ ــ ٨ )چاوە دایە وێرای قەدی کورت (۲ــ۳) چاوە بۆ مەبەستی گۆڕینی لقە بە بەرهەمەکان بۆ ساڵی داهاتوو، شێوازی پەروەردەکردنی گونجاو بۆ ئەم ترێیە کۆردۆنە لەسەر تەل، بەشێوەی پیتی ( T )، یان (Y) ·

**ژینگەی گونجاو بۆ چاندنی:** ترێیەکی بەراوە، لە دۆڵ و بنارەکانی ناوچە شاخاوییەکان و گردۆلکە و دەشتەکانی دەوروبەری هەولێردا دەچێنرێت ·

**سەوزە کۆمەڵەکەی (المجموع الخضري):** شێوەی گەڵاکەی پێنج پەڕە (خمسة فصوص) قلیشانی نێوان پەڕەکانی زۆر قووڵە، لێواری گەڵای ددانەداری تیژە، لایەکیان کووڕە، ڕەنگی ڕووی دەرەوەی گەڵای سەوزێکی تاریکە، ڕووی ژێرەوەی سەوزێکی کاڵە، لاسکۆکەی گەڵای سەوزێکی ئاماڵ سوورە، دەمارەکانی گەڵای دەرکەوتوون، بنکەکەشیان سوورە، ڕەنگی توولە مێووەکانی سەوزێکی سووربawە، بەتایبەتی لای گرییەکانی، ڕەنگی تەرزەکەی سەوزە، گەیەکانی (ماوەی نێوان گرێیەکان) هاورێك و نیمچە یەکسانن·

## صـــــادانی ڕەش (SADANI. RASH)




تەرزە تریێ صادانی ڕەش ﴿کێڵگەی تریێ بەڕێوەبەرایەتی توژینەی کشتوکاڵی هەولێر /عنکاوە﴾

**سیفاتی بەرهەمەکەی:** درەنگ پێدەگات (لە سەرەتایی مانگی ئابدا)، قەبارەی هۆشیێکەی مام ناوەندیە. کێشەکەی ٢٧٥ گرامە، شێوەکەی قوچەکییەکی لولەیی بە شانە، ڕەنگی تریێی پێگەیشتوو ڕەشێکی تاریکە، شێوەی دەنکەکانی هێلکەیین، بە ڕێکی مام ناوەندی لە پاڵ یەکترن، یەك دەنك (١ــ ٣) دانە تۆوی تێدایە، توێکڵەکەی ئەختێك ئەستوورە، مژادێکی تفتی تێدایە، کە تەواو پێگەیشت تفتاتیەکەی کەم دەبێتەوە، بە چینێك شەمێی چڕ داپۆشراوە، کرۆکەکەی گۆشتنە، تام وچێژی خۆشە. ئاوگدارە، ڕەنگی ئاوگەکەی پەمەیی کاڵە، جۆری گوڵەکەی مێ یيە، پێویستی بە تەرزی پیتێنەر هەیە لەگەڵی بچێنرێت، زۆر بە بەرهەمە و هۆشییەکەی لە گرێی چوارەم و پێنجەمەوە دەدات .

**بەکارهێنانی:** ترێیەکی سەرخوانە، بۆ خواردنی ڕۆژانە بەکاردێت، ئاوگدارە بۆ دروست کردنی (شەربەت ــ دۆشاو ــ خەڵ هتد .... )، دەشێت وشك بکرێت بۆ دروست کردنی مێووژ.

**شێوەی کەزاختن و پەروەردەکردنی:** لە کاتی کەزاختندا درێژی ئەو لکانەی کە بۆ بەرگرتن جێ دەهێلرێت لە نێوان( ٤ ـ ٦)چاوە دایە وێرای قەدی کورت (٢ــ٣) چاوە بۆ مەبەستی گۆڕینی لقە بە بەرهەمەکان بۆ ساڵی داهاتوو، شێوازی پەروەردەکردنی گونجاو بۆ ئەم ترێیە کۆردۆنە لەسەر تەل، بەشێوەی پیتی( T )، یان کۆلك .

**ژینگەی گونجاو بۆ چاندنی:** ترێیەکی دێمەکارە، لە دۆڵ و بنارەکانی ناوچە شاخاوییەکان و گردۆلکەکان .

**سەوزە کۆمەڵەکەی (المجموع الخضري):** شێوەی گەڵاکەی پێنج پەڕە (خمسة فصوص) قلێشانی نێوان پەڕەکانی زۆر قووڵە، لێواری گەڵای ددانەداری تیژە. قلێشانی نێوان ددانەکانی قووڵە، لایەکیان کووڕە، ڕەنگی رووی دەرەوەی گەڵای سەوزێکی تاریکە، رووی ژێرەوەی سەوزە، لاسکۆکەی گەڵای سوورێکی ئەرخەوانیە، دەمارەکانی گەڵای دەرکەوتوون، بنکەکەشیان سوورە، ئەم ڕەنگە بەلای تیغەکانی گەڵاکە کشاوەتەوە، ڕەنگی تووله مێووەکانی سوورێکی ئەرخەوانیە، ڕەنگی تەرزەکەی سەوزە، بنکەکەشی ئاماڵ سوورە، گەیەکانی (ماوەی نێوان گرێیەکانی) هاورێك نین.

# ئاویلکـــــه ( AWILKA)





تەرزە ترێی ئاوێلکـە لە کێلگەی ترێی بەڕێوەبەرایەتی توێژینەی کشتوکاڵی هەولێر /عنکاوە

**سیفاتی بەرهەمەکەی:** کاتی گەیشتنی زوو یان مام ناوەندیە (لە ناوەراستی مانگی تەمووزدا)، قەبارەی هۆشیێکەی مام ناوەندیە، کێشەکەی ٣٩٥ گرامە، شێوەکەی قوچەکییەکی بە شانە، رەنگی ترێی پێگەیشتوو سوورێکی ئاماڵ باینجانیە، کە تەواو پێگەیشت رەنگەکەی تاریك تر دەبێت، شێوەی دەنکەکانی گۆیین، بە ڕێك و پێکی لە پاڵ یەکترن، یەك دەنك (١ ـ٣) دانە تۆوی رەنگ قاوەیی کاڵ تێدایە، توێکڵەکەی تەنکە، بە چینێك شەمێی چڕ داپۆشراوە، کرۆکەکەی گۆشتنە، تام وچێژی خۆشە نەختێك ترشە، ئاوگدارە رەنگی ئاوگەکەی سوورێکی تاریکە، گوڵەکانی نێرەمووکن. هۆشییەکەی لە گرێی چوارەم و پێنجەمەوە دەدات .

**بەکارهێنانی:** ترێیەکی سەرخوانە بۆ خواردنی ڕۆژانە بەکاردێت، ئاوگدارە بۆ دروست کردنی (شەربەت ــ دۆشاو ـ خەڵ هتد .... ) خەسلەتێکی بازرگانی هەیە .

**شێوەی کەزاختن و پەروەردەکردنی:** لە کاتی کەزاختندا درێژی ئەو لکانەی کە بۆ بەرگرتن جێ دەهێلرێت لە نێوان( ٤- ٦)چاوە دایە وێرای قەدی کورت (٢ـ٣) چاوە بۆ مەبەستی گۆرینی لقە بە بەرهەمەکان بۆساڵی داهاتوو، شێوازی پەروەردەکردنی گونجاو بۆ ئەم ترێیە کۆردۆنە لەسەر تەل، بەشێوەی پیتی( T ) یان ( Y )، یان کۆڵك .

**ژینگەی گونجاو بۆ چاندنی:** ترێیەکی بەراو و دێمەکارە، لە دۆڵ و بنارەکانی ناوچە شاخاوییەکان و گردۆلکە و دەشتەکانی دەوروبەری هەولێردا دەچێنرێت .

**سەوزە کۆمەڵەکەی (المجموع الخضري):** شێوەی گەڵاکەی پێنج پەڕە (خمسة فصوص ) قڵیشانی نێوان پەڕەکانی قووڵە، لێواری گەڵای ددانەداری تیژە، لایەکیان کووڕە، ڕەنگی رووی دەرەوەی گەڵای سەوزێکی تاریکە، رووی ژێرەوەی سەوزێکی کاڵە، لاسکۆکەی گەڵای سوورە، دەمارەکانی گەڵای دەرکەوتوون، بنکەکەشیان سوورە، رەنگی تووله مێووەکانی سەوزێکی سوورباوە، رەنگی تەرزەکەی سەوزە بنکەکەشی ئاماڵ سوورە، گەیەکانی (ماوەی نێوان گرێیەکان) هاورێك و نیمچە یەکسانن.

# کـاژاو (KAZHAW)





ئەرزە تریی گزاو « کێڵگەی تریی بەڕێوەبەرایەتی توێژینەی کشتوکاڵی هەولێر / عنکاوە »

**سیفاتی بەرهەمەکەی:** کاتی گەیشتنی مام ناوەندیە (لە کۆتایی مانگی تەمووزدا)، قەبارەی هۆشیێکەی مام ناوەندیە، یان بچووکە کێشەکەی ١٧٥ گرامە، شێوەکەی قوچەکییەکی لولەییە، ڕەنگی تریی پێگەیشتوو رەشێکی تاریکە، شێوەی دەنکەکانی گۆیین، بە ڕێکی کەم لە پاڵ یەکترن، یەك دەنك (٢ــ٣) دانە تۆوی تێدایە، توێکڵەکەی بە زۆری ئەستوورە، بە چینێك شەمێی مام ناوەند داپۆشراوە، کرۆکەکەی گۆشتنە، تام وچێژی خۆشە ئەختێك ترشە، ئاوگدارە ڕەنگی ئاوگەکەی پەمەیی کاڵە، گوڵەکانی نێرەمووکن، هۆشییەکەی لە گرێی چوارەم و پێنجەمەوە دەدات .

**بەکارهێنانی:** تریی سەرخوانە، بۆ خواردنی ڕۆژانە بەکاردێت، ئاوگدارە بۆ دروست کردنی (شەربەت ــ دۆشاو ــ خەڵ هتد ....) خەسلەتێکی بازرگانی هەیە .

**شێوەی کەزاختن و پەروەردەکردنی:** لە کاتی کەزاختندا درێژی ئەو لکانەی کە بۆ بەرگرتن جێ دەهێڵرێت لە نێوان( ٦ ـ ٨)چاوە دایە وێرای قەدی کورت (٢ــ٣) چاوە بۆ مەبەستی گۆڕینی لقە بە بەرهەمەکان بۆ ساڵی داهاتوو، شێوازی پەروەردەکردنی گونجاو بۆ ئەم تریێیە کۆردۆنە لەسەر تەل، بەشێوەی پیتی ( T ) یان ( Y )، یان کۆڵك .

**ژینگەی گونجاو بۆ چاندنی:** ترێیەکی بەراو و دێمەکارە، لە دۆڵ و بنارەکانی ناوچە شاخاوییەکان و گردۆلکە و دەشتەکانی دەوروبەری هەولێردا دەچێنرێت .

**سەوزە کۆمەڵەکەی (المجموع الخضري):** شێوەی گەڵاکەی پێنج پەڕە(خمسة فصوص) قلێشانی نێوان پەڕەکانی قووڵە، لێواری گەڵای ددانەداری تیژە، لایەکیان کووڕە، ڕەنگی ڕووی دەرەوەی گەڵای سەوزێکی تاریکە، ڕووی ژێرەوەی سەوزێکی کاڵە، لاسکۆکەی گەڵای ئاماڵ سوورە، دەمارەکانی گەڵای دەرکەوتوون. بنکەکەشیان سوورە، ڕەنگی توولە مێووەکانی سەوزێکی سوورباوە، ڕەنگی تەرزەکەی سەوزە، بنکەکەشی ئامال سوورە، گەیەکانی (ماوەی نێوان گرێیەکان) هاورێك و نیمچە یەکسان.

# تـــریَ ڕەش (TREARASH)





تەرزە تریَی تـریَ ڕەش «کێلگەی تریَی بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوەی کشتوکاڵ /عنکاوە»

**سیفاتی بەرهەمەکەی:** درەنگ پێدەگات (لە کۆتایی مانگی ئابدا)، قەبارەی هۆشێیکەی مام ناوەندی لە بۆ گەورەیە، کێشەکەی ٤٥٠ گرامە، شێوەکەی قوچەکییەکی شان کورتە، ڕەنگی تریَی پێگەیشتوو ڕەشێکی تاریکە، شێوەی دەنکەکانی گۆیین، قەبارەیان مام ناوەندیە، بەرێکی کەم لە پاڵ یەکترن، یەك دەنك (٢ ـ ٣)دانە تۆوی تێدایە، توێکڵەکەی تەنکە، بە چینێك شەمێی چڕ داپۆشراوە، کرۆکەکەی گۆشتنە، تام و چێژی، خۆشە، نەختێك تفتە، ئاوگدارە ڕەنگی ئاوگەکەی پەمەیی کاڵە، تام خۆش و شیرینە، لە کاتی بەجێهێشتنی لەسەر دارمێوەکەی بۆ ماوەیەك دەمێنێتەوە بەبێ ئەوەی زەرەری پێ بەکەوێت، گوڵەکانی نێرەمووکن، زۆر بە بەرهەمە، هۆشیەکەی لە گرێی چوارەم و پێنجەمەوە دەدات ٠

**بەکارهێنانی:** تریێەکی سەرخوانە بۆ خواردنی ڕۆژانە بەکاردێت، ئاوگدارە بۆ دروست کردنی (شەربەت ــ دۆشاو ـ خەڵ هتد ٠٠٠٠) وشك دەکرێت بۆ دروست کردنی مێووژ، خەسلەتێکی بازرگانی زۆرباشی هەیە٠

**شێوەی کەزاختن و پەروەردەکردنی:** لە کاتی کەزاختندا درێژی ئەو لکانەی کە بۆ بەرگرتن جێ دەهێلرێت لە نێوان(٣ ـ ٤)چاوە دایە وێرای قەدی کورت (٢ـ٣) چاوە بۆ مەبەستی گۆرینی لقە بە بەرهەمەکان بۆ ساڵی داهاتوو، شێوازی پەروەردەکردنی گونجاو بۆ ئەم تریێە کۆردۆنە لەسەر تەل، بەشێوەی پیتی (T) یان کۆڵك ٠

**ژینگەی گونجاو بۆ چاندنی:** تریێەکی دێمەکارە، لە دۆڵ و ناوچە شاخاوییەکان و گردۆلکەکان ٠

**سەوزە کۆمەڵەکەی (المجموع الخضري):** شێوەی گەڵاکەی پێنج پەڕە (خمسة فصوص) قڵیشانی نێوان پەڕەکانی زۆر قووڵە، لێواری گەڵای ددانەداری تیژە، لایەکیان لایەکیان کووڕە، قڵیشانی نێوان ددانەکان قووڵە، ڕەنگی رووی دەرەوەی گەڵای سەوزێکی تاریکە، رووی ژێرەوەی سەوزێکی کاڵە، لاسکۆکەی گەڵای سوورە و بە گەندەمووە، دەمارەکانی گەڵای دەرکەوتوون، بنکەکەشیان سوورە، ئەم ڕەنگە بەڵای تیغەکانی گەڵاکەوە کشاوەتەوە، ڕەنگی تووله مێووەکانی سوورە، ڕەنگی تەرزەکەی سەوزە، بنکەکەشی ئاماڵ سوورە، گەیەکانی (ماوەی نێوان گرێیەکانی) هاورێك نین ٠

# ( DOSHAWE ) دۆشــــــاوی




تەرزە تریی دۆشـاوی ﴿ کێلگەی تریی بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوەی کشتوکاڵ /عنکاوە﴾

**سیفاتی بەرهەمەکەی:** درەنگ پێدەگات (لە کۆتایی مانگی ئابدا)، قەبارەی هۆشێیکەی مام ناوەندیە، کێشەکەی ٢٣٠ گرامە، شێوەکەی قوچەکییەکی شان کورتی دەرکەوتووە، ڕەنگی تریی پێگەیشتوو سپیەکی مەیلەو زەردە، کە تەواو پێگەیشت ڕەنگەکەی زەردتر دەبێت، شێوەی دەنکەکانی هێلکەیی درێژن، قەبارەیان مام ناوەندیە، بەرێکی مام ناوەندی لە پاڵ یەکترن، یەك دەنك (٢ ـ٤)دانە تۆوی تێدایە، توێکڵەکەی تەنکە، بە چینێك شەمێی تەنك داپۆشراوە، کرۆکەکەی گۆشتنە، تام و چێژی خۆشە، نەختێك تفتە، ئاوگدارە ڕەنگی ئاوگەکەی بێ ڕەنگە، تام خۆش و شیرینە، گوڵەکانی نێرەمووکن، زۆر بە بەرهەمە، هۆشیەکەی لە گرێی چوارەم و پێنجەمەوە دەدات.

**بەکارهێنانی:** ترێیەکی سەرخوانە بۆ خواردنی ڕۆژانە بەکاردێت، ئاوگدارە بۆ دروست کردنی (شەربەت ــ دۆشاو ــ خەڵ هتد ....) .

**شێوەی کەزاختن و پەروەردەکردنی:** لە کاتی کەزاختندا درێژی ئەو لکانەی کە بۆ بەرگرتن جێ دەهێلرێت لە نێوان( ٦ ــ ٨)چاوە دایە وێرای قەدی کورت (٢ـ٣) چاوە بۆ مەبەستی گۆڕینی لقە بە بەرهەمەکان بۆ ساڵی داهاتوو، شێوازی پەروەردەکردنی گونجاو بۆ ئەم ترێیە کۆردۆنە لەسەر تەل، بەشێوەی پیتی ( T) یان ( Y ) .

**ژینگەی گونجاو بۆ چاندنی:** ترێیەکی بەراوە، لە دۆڵ و بنارەکانی ناوچە شاخاوییەکان و گردۆلکە و دەشتەکانی دەوروبەری هەولێردا دەچێنرێت.

**سەوزە کۆمەڵەکەی (المجموع الخضري):** شێوەی گەڵاکەی پێنج پەڕە (خمسة فصوص) قڵیشانی نێوان پەڕەکانی قووڵە، لێواری گەڵای ددانەداری تیژە،لایەکانی کوورن، قڵیشانی نێوان ددانەکان قووڵە، ڕەنگی رووی دەرەوەی گەڵای سەوزێکی تاریکە، رووی ژێرەوەی سەوزێکی کاڵە، لاسکۆکەی گەڵای سوورێکی ئەرخەوانیە، دەمارەکانی گەڵای دەرکەوتوون، بنکەکەشیان سەوزە، ڕەنگی توولە مێووەکانی سەوزە، ڕەنگی تەرزەکەی سەوزە، گەیەکانی (ماوەی نێوان گرێیەکانی) هاورێك و نیمچە یەکسانن .

# اشقرالبصره(ASHQARAL.BASRAH)





تەرزە تریی اشقر البصره «کێڵگەی تریی بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوەی کشتوکاڵ / عنکاوە»

**سیفاتی بەرهەمەکەی:** زوو پێدەگات (لەسەرەتایی مانگی تەمووزدا)، قەبارەی هۆشێیکەی مام ناوەندیە، کێشەکەی ٤٥٠ گرامە، شێوەکەی قوچەکییەکی شان دەرکەوتووە، رەنگی تریی پێگەیشتوو رەشێکی باینجانیە، کە تەواو پێگەیشت رەنگەکەی تاریك تر دەبێت، شێوەی دەنکەکانی گۆیین، قەبارەیان مام ناوەندیە، بەرێك و پێکی لە پاڵ یەکترن و دیمەنەکەیان زۆرجوانە، یەك دەنك (٢ ـ ٣)دانە تۆوی تێدایە، ئەستووری توێکڵەکەی مام ناوەندیە، بە چینێك شەمێی تەنك داپۆشراوە، کرۆکەکەی گۆشتنە، تام و چێژی خۆشە، رەنگی ناوگەکەی زەردێکی ئاماڵ ئەرخەوانیە ، گوڵەکانی نێرەمووکن، زۆر بە بەرهەمە، هۆشیەکەی لە گرێی چوارەم و پێنجەمەوە دەدات.

**بەکارهێنانی:** تریی سەرخوانە بۆ خواردنی رۆژانە بەکاردێت، خەسلەتێکی بازرگانی هەیە و لە بازارگردندا خۆفرۆشە.

**شێوەی کەزاختن و پەروەردەکردنی:** لە کاتی کەزاختندا درێژی ئەو لکانەی کە بۆ بەرگرتن جێ دەهێلرێت لە نێوان( ٦ ــ ٨)چاوە دایە وێرای قەدی کورت (٢ــ٣) چاوە، بۆ مەبەستی گۆڕینی لقە بە بەرهەمەکان بۆ سالی داهاتوو، شێوازی پەروەردەکردنی گونجاو بۆ ئەم ترێیە کۆردۆنە لەسەر تەل، بەشێوەی پیتی ( T) یان ( Y ) .

**ژینگەی گونجاو بۆ چاندنی:** ترێیەکی بەراوە، لە دۆڵ و بنارەکانی ناوچە شاخاوییەکان و گردۆلکە و دەشتەکانی دەوروبەری هەولێردا دەچێنرێت .

**سەوزە کۆمەڵەکەی (المجموع الخضري):** شێوەی گەڵاکەی پێنج پەرە (خمسة فصوص) قڵێشانی نێوان پەرەکانی قووڵە، لێواری گەڵای ددانەداری تیژە، لایەکیان لایەکیان کوورە، رەنگی رووی دەرەوەی گەڵای سەوزێکی تاریکە، رووی ژێرەوەی سەوزێکی کاڵە، لاسکۆکەی گەڵای سوورە، دەمارەکانی گەڵای دەرکەوتوون، بنکەکەشیان ئاماڵ سوورە، ئەم رەنگە کەمێك بەلای تیغەکانی کشاوەتەوە، رەنگی تووڵە مێووەکانی سەوزێکی ئاماڵ سوورە، رەنگی تەرزەکەی سەوزێکی ئاماڵ سوورە، گەیەکانی (ماوەی نێوان گرێیەکانی) هاورێك و نیمچە یەکسانن، هەرچەند بەلای لوتکەکەی نزیك ببینەوە کورت تر دەبنەوە .

# ( ROOME.ASSWAD) رومـــی اســـود





تەرزە تریی رومـــي اسود (کێڵگەی تریی بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوەی کشتوکاڵ /عنکاوە)

**سیفاتی بەرهەمەکەی:** درەنگ پێدەگات (لە کۆتایی مانگی ئابدا)، قەبارەی هۆشێیکەی گەورەیە، کێشەکەی دەگاتە یەك کیلۆگرام، شێوەکەی قوچەکییەکی لولەییە، رەنگی تریی پێگەیشتوو سۆرێکی باینجانیە، شێوەی دەنکەکانی هێلکەیی درێژن، قەبارەیان گەورەیە، بە نارێکی لە پاڵ یەکترن، یەك دەنك (٣ ـ ٤)دانە تۆوی تێدایە، توێکڵەکەی ئەستوورە، بە چینێك شەمێی چڕ داپۆشراوە، کرۆکەکەی گۆشتنە، تام و چێژی، خۆشە رەنگی ئاوگەکەی زەردە، تام خۆش و شیرینە، لە کاتی بەجێهێشتنی لەسەر دارمێوەکەی بۆ ماوەیەك دەمێنێتەوە بەبێ ئەوەی زەرەری پێ بەکەوێت، گوڵەکانی نێرەمووکن، زۆر بە بەرهەمە.

**بەکارهێنانی:** ترێیەکی سەرخوانە بۆ خواردنی رۆژانە بەکاردێت، ئاوگدارە بۆ دروست کردنی (شەربەت ـــ دۆشاو ـــ خەڵ هتد ....)، خەسلەتێکی بازرگانی زۆرباشی هەیە .

**شێوەی کەزاختن و پەروەردەکردنی:** لە کاتی کەزاختنندا درێژی ئەو لکانەی کە بۆ بەرگرتن جێ دەهێلرێت لە نێوان(٤ ـ ٦)چاوە دایە وێرای قەدی کورت (٢ـ٣) چاوە بۆ مەبەستی گۆرینی لقە بە بەرهەمەکان بۆ ساڵی داهاتوو، شێوازی پەروەردەکردنی گونجاو بۆ ئەم ترێیە کۆردۆنە لەسەر تەل، بەشێوەی پیتی (T) یان کۆڵك

**ژینگەی گونجاو بۆ چاندنی:** ترێیەکی بەراوە، لە دۆڵ و بنارەکانی ناوچە شاخاوییەکان و گردۆلکە و دەشتەکانی دەوروبەری هەولێردا دەچێنرێت .

**سەوزە کۆمەڵەکەی (المجموع الخضري):** شێوەی گەلاکەی پێنج پەرە (خمسة فصوص) قڵیشانی نێوان پەرەکانی زۆر قووڵە، لێواری گەلای ددانەداری تیژە، لایەکیان لایەکیان کوورە، قڵیشانی نێوان ددانەکان قووڵە، رەنگی رووی دەرەوەی گەلای سەوزە،رووی ژێرەوەی سەوزێکی کاڵە، لاسکۆکەی گەلای سوورێکی ئەرخەوانیە، دەمارەکانی گەلای دەرکەوتوون، بنکەکەشیان سوورە، رەنگی توولە مێووەکانی سەوزە ئاماڵ سوورە، رەنگی تەرزەکەی سەوزە بنکەکەشیان سوورە، گەیەکانی (ماوەی نێوان گرێیەکانی) هاورێك نین.

# بــلاك همــبرك ( Black Hamburg )





تەرزە تریێی بـلاك همبـرك «کێڵگەی تریێی بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوەی کشتوکاڵ /عنکاوە»

**سیفاتی بەرهەمەکەی:** درەنگ پێدەگات (لە نیوەی مانگی ئابدا)، قەبارەی هۆشێیکەی گەورەیە، کێشەکەی ٦٠٠ گرامە، شێوەکەی قوچەکییەکی لولەیی شان کورتە، رەنگی تریێی پێگەیشتوو رەشێکی باینجانیە کەچی کۆتایی هۆشیەکەی کاڵە و سەوزە یان ئەرخەوانیە، شێوەی دەنکەکانی گۆیین، قەبارەیان گەورەیە، بەرێك و پێکی لە پاڵ یەکترن، ئەستووری توێکڵەکەی مام ناوەندیە، بە چینێك شەمێی چڕ داپۆشراوە، یەك دەنك (٣ ـ٤) دانە تۆوی تێدایە، کرۆکەکەی گۆشتنە، تام و چێژی، خۆشە، ڕەنگی ئاوگەکەی زەردە، تام خۆش و شیرینە، لە کاتی بەجێهێشتنی لەسەر دارمێوەکەی بۆ ماوەیەك دەمێنێتەوە بەبێ ئەوەی زەرەری پێ بەکەوێت. گوڵەکانی نێرەمووکن.

**بەکارهێنانی:** تریێی سەرخوانە بۆ خواردنی ڕۆژانە بەکاردێت.

**شێوەی کەزاختن و پەروەردەکردنی:** لە کاتی کەزاختندا درێژی ئەو لکانەی کە بۆ بەرگرتن جێ دەهێلرێت لە نێوان(٤ ــ ٦)چاوە دایە وێڕای قەدی کورت (٢ــ٣) چاوە بۆ مەبەستی گۆڕینی لقە بە بەرهەمەکان بۆ ساڵی داهاتوو، شێوازی پەروەردەکردنی گونجاو بۆ ئەم تریێیە کۆردۆنە لەسەر تەل، بەشێوەی پیتی( T ) یان کۆلك .

**ژینگەی گونجاو بۆ چاندنی:** تریێیەکی بەراوە، لە دۆڵ و بنارەکانی ناوچە شاخاوییەکان و گردۆلکە و دەشتەکانی دەوروبەری هەولێردا دەچێنرێت .

**سەوزە کۆمەڵەکەی ( المجموع الخضري ):** شێوەی گەڵاکەی پێنج پەڕە (خمسة فصوص) قڵیشانی نێوان پەڕەکانی قووڵە، لێواری گەڵای ددانەداری تیژە، لایەکیان کووڕە، قڵیشانی نێوان ددانەکان قووڵە، ڕەنگی رووی دەرەوەی گەڵای سەوزە،رووی ژێرەوەی سەوزێکی کاڵە، لاسکۆکەی گەڵای سوورێکی ئەرخەوانیە، دەمارەکانی گەڵای دەرکەوتوون، بنکەکەشیان سەوزە، رەنگی تووله مێووەکانی سەوزێکی ئاماڵ سوورە، رەنگی تەرزەکەی سەوزە بنکەکەشیان سوورە، گەیەکانی (ماوەی نێوان گرێیەکانی ) هاورێك و نیمچە یەکسانن.

# ( KISHMEESH.ASSWAD) کشمش اسود





تەرزە ترێی کشمش اسود ﴿کێلگەی ترێی بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوەی کشتوکاڵ /عنکاوە﴾

**سیفاتی بەرهەمەکەی:** تەرزەکی بێدەنکە کاتی گەیشتنی مام ناوەندیە (لە سەرەتایی مانگی تەمووزدا)، قەبارەی هۆشێیکەی مام ناوەندیە، کێشەکەی ٢٧٠ گرامە، شێوەکەی قوچەکییەکی شان کورتە، ڕەنگی ترێی پێگەیشتوو سوورێکی تاریکە، کە تەواو پێگەیشت ڕەنگەکەی ڕەشێکی باینجانی دەبێت، شێوەی دەنکەکانی گۆیی درێژن، قەبارەیان بچووکە، بەرێك و پێك لە پاڵ یەکترنین، توێکڵەکەی تەنکە، بە چینێك شەمێی مام ناوەندی داپۆشراوە، کرۆکەکەی گۆشتنە، ئاوگدارە تام و چێژی، بۆنداری هەیە، گوڵەکانی نێرەمووکن، زۆر بە بەرهەمە، هۆشیەکەی لە گرێی پێنجەم و شەشەمەوە دەدات.

**بەکارهێنانی:** ترێەکی سەرخوانە بۆ خواردنی ڕۆژانە بەکاردێت، ئاوگدارە بۆ دروست کردنی (شەربەت ــ دۆشاو ــ خەڵ هتد ....) وشك دەکرێت بۆ دروست کردنی مێووژ و کشمش، خەسلەتی بازرگانی زۆرباشە .

**شێوەی کەزاختن و پەروەردەکردنی:** لە کاتی کەزاختندا درێژی ئەو لکانەی کە بۆ بەرگرتن جێ دەهێلرێت لە نێوان( ٦ ــ ٨)چاوە دایە وێرای قەدی کورت (٢ــ٣) چاوە بۆ مەبەستی گۆرینی لقە بە بەرهەمەکان بۆ ساڵی داهاتوو،شێوازی پەروەردەکردنی گونجاو بۆ ئەم ترێیە کۆردۆنە لەسەر تەل، بەشێوەی پیتی ( T) یان (Y ).

**ژینگەی گونجاو بۆ چاندنی:** ترێیەکی بەراوە، لە دۆڵ و بنارەکانی ناوچە شاخاوییەکان و گردۆلکە و دەشتەکانی دەوروبەری هەولێردا دەچێنرێت.

**سەوزە کۆمەڵەکەی (المجموع الخضري):** شێوەی گەڵاکەی پێنج پەڕە (خمسة فصوص) قڵیشانی نێوان پەڕەکانی نیمچە قووڵە، قڵیشانی سەرەکی دەمارەکان داخراوە، لێواری ددانەداری تیژە،لایەکانی کووڕن، ڕەنگی رووی دەرەوەی گەڵای سەوزێکی تاریکە، رووی ژێرەوەی سەوزێکی کاڵە، لاسکۆکەی گەڵای سەوزە، نەختێك ئاماڵ سوورە، ڕەنگی نوێیە گەڵاکانی لوتکەی توولە مێوەکان سەوزێکی کاڵە، نەختێك ئاماڵ سوورن، دەمارەکانی گەڵاکەی دەرکەوتوون، بنکەکەشیان نەختێك سوورە، ڕەنگی توولە مێووەکانی سەوزێکی ئاماڵ سوورە ڕەنگی تەرزەکەی سەوزە، گەیەکانی (ماوەی نێوان گرێیەکانی ) هاورێك نین .

# زەیتـــونی ( OLIVETTE )





تەرزە تریی زیتـــونی ۆکێڵگەی تریی بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوەی کشتوکاڵ /عنکاوەۆ

**سیفاتی بەرهەمەکەی:** درەنگ پێدەگات (لە کۆتایی مانگی ئابدا)، قەبارەی هۆشێیکەی گەورەیە، کێشەکەی دەگاتە ٦٠٠گرامە، شێوەکەی قوچەکییەکی شان کورتە، رەنگی تریی پێگەیشتوو سۆرێکی باینجانیە، کە تەواو پێگەیشت رەنگەکەی تاریك تر دەبێت، شێوەی دەنکەکانی لولەیی درێژن، قەبارەیان گەورەیە، بەرێك و پێکی لە پاڵ یەکترن، یەك دەنك (٢ ـ٣)دانە تۆوی تێدایە، توێکڵەکەی ئەستوورە بە چینێك شەمێی چرِ داپۆشراوە، کرۆکەکەی گۆشتنە، تام و چێژی، خۆشە، لە کاتی بەجێهێشتنی لەسەر دارمێوەکەی بۆ ماوەیەك دەمێنێتەوە بەبێ ئەوەی زەرەری پێ بەکەوێت، گوڵەکانی نێرەمووکن، زۆر بە بەرهەمە ٠

**بەکارهێنانی:** ترێیەکی سەرخوانە بۆ خواردنی ڕۆژانە بەکاردێت، ناوگدارە بۆ دروست کردنی (شەربەت ـــ دۆشاو ـ خەڵ هتد ٠٠٠٠ )، خەسلەتێکی بازرگانی زۆرباشی هەیە، لە بازارکردنداخۆفرۆشە ٠

**شێوەی کەزاختن و پەروەردەکردنی:** لە کاتی کەزاختندا درێژی ئەو لکانەی کە بۆ بەرگرتن جێ دەهێلرێت لە نێوان(٤ ـ ٦)چاوە دایە وێرای قەدی کورت (٢ـ٣) چاوە بۆ مەبەستی گۆرینی لقە بە بەرهەمەکان بۆ ساڵی داهاتوو،شێوازی پەروەردەکردنی گونجاو بۆ ئەم ترێیە کۆردۆنە لەسەر تەل، بەشێوەی پیتی ( T ) یان کۆڵك ٠

**ژینگەی گونجاو بۆ چاندنی:** ترێیەکی بەراو و دێمەکارە، لە دۆڵ و بنارەکانی ناوچە شاخاوییەکان و گردۆلکە و دەشتەکانی دەوروبەری هەولێردا دەچێنرێت،

**سەوزە کۆمەڵەکەی (المجموع الخضري):** شێوەی گەلاکەی پێنج پەرە (خمسة فصوص) قلێشانی نێوان پەرەکانی زۆر قووڵە، لێواری گەلای ددانەداری تیژە،لایەکانی کوورن، قلێشانی نێوان ددانەکان قووڵە، رەنگی رووی دەرەوەی گەلای سەوزێکی تاریکە، رووی ژێرەوەی سەوزێکی کاڵە، لاسکۆکەی گەلای سوورێکی ئەرخەوانیە، دەمارەکانی گەلای دەرکەوتوون، بنکەکەشیان ئاماڵ سوورە، رەنگی تووله مێوەکانی سەوزێکی ئاماڵ سوورە، رەنگی تەرزەکەی سەوزە بنکەکەشی ئاماڵ سوورە، گەیەکانی (ماوەی نێوان گرێیەکانی) هاورێك و نیمچە یەکسانن ٠

# ڕەشمیری ( RASHMIREE )





تەرزە تریێ رەشمیری «کێلگەی تریێ بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوەی کشتوکاڵ /عنکاوە»

**سیفاتی بەرهەمەکەی:** درەنگ پێدەگات (لە کۆتایی مانگی تەمووزدا)، قەبارەی هۆشێیکەی مام ناوەندیە، کێشەکەی ٣٨٠گرامە، شێوەکەی قوچەکییەکی درێژ شان کورتە، رەنگی ترێی پێگەیشتوو رەشێکی باینجانیە، کە تەواو پێگەیشت رەنگەکەی تاریك تر دەبێت، شێوەی دەنکەکانی هێلکەیین، قەبارەیان گەورەیە، بەڕێکی کەم لە پاڵ یەکترن، یەك دەنك (٢ ـ٣)دانە تۆوی تێدایە، توێکڵەکەی ئەستوورە بە چینێك شەمێی چڕ داپۆشراوە، کرۆکەکەی گۆشتنە، ئاوگدارە رەنگی ئاوگەکەی پەمەییە تام و چێژی، خۆشە و نەختێك ترشە، لە کاتی بەجێهێشتنی لەسەر دارمێوەکەی بۆ ماوەیەك دەمێنێتەوە بە بێ ئەوەی زەرەری پێ بەکەوێت، جۆری گوڵەکانی مێ ییە پێویستی بە تەرزی پیتێنەر (ملقح) هەیە لەگەڵی بچێنرێت ٠

**بەکارهێنانی:** ترێی سەرخوانە بۆ خواردنی ڕۆژانە بەکاردێت،ئاوگدارە بۆ دروست کردنی (شەربەت ــ دۆشاو ــ خەڵ هتد ٠٠٠٠ )٠ خەسلەتێکی بازرگانی زۆرباشی هەیە و لە بازارکردنداخۆفرۆشە

**شێوەی کەزاختن و پەروەردەکردنی:** لە کاتی کەزاختندا درێژی ئەو لکانەی کە بۆ بەرگرتن جێ دەهێلرێت لە نێوان(٤ ــ ٦)چاوە دایە وێرای قەدی کورت (٢ــ٣) چاوە بۆ مەبەستی گۆرینی لقە بە بەرهەمەکان بۆ سالی داهاتوو،شێوازی پەروەردەکردنی گونجاو بۆ ئەم ترێیە کۆردۆنە لەسەر تەل، بەشێوەی پیتی ( T ) یان کۆڵك

**ژینگەی گونجاو بۆ چاندنی:** ترێیەکی دێمەکارە لە دۆڵ و ناوچە شاخاوییەکان و گردۆلکەکان٠

**سەوزە کۆمەڵەکەی (المجموع الخضري):** شێوەی گەلاکەی پێنج پەڕە (خمسة فصوص) قلێشانی نێوان پەڕەکانی زۆر قووڵە، لێواری گەلای ددانەداری تیژە،لایەکانی کووڕن، ڕەنگی رووی دەرەوەی گەلای سەوزە، رووی ژێرەوەی سەوزێکی کالە، لاسکۆکەی گەلای سەوزێکی ئاماڵ سوورە، دەمارەکانی گەلای دەرکەوتوون، بنکەکەشیان ئاماڵ سوورە ئەم رەنگە بەلای تیغەکانی گەلاکەوە کشاوەتەوە، رەنگی توولە مێوەکانی سەوزێکی ئاماڵ سوورە، رەنگی تەرزەکەی سەوزە بنکەکەشی سوورە، گەیەکانی (ماوەی نێوان گرێیەکانی) هاورێك نین ٠

# (BALADY. SUREE) بلــــدی سوری




تەرزە ترێی بلدی سوری ﴿کێلگەی ترێی بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوەی کشتوکاڵ /عنکاوە﴾

**سیفاتی بەرهەمەکەی:** درەنگ پێدەگات (لە سەرەتایی مانگی ئابدا)، قەبارەی هۆشێیکەی گەورەیە کێشەکەی ٤٥٠گرامە، شێوەکەی قوچەکییەکی هەڵوەشاوەیە، رەنگی ترێی پێگەیشتوو سپیەکی زەرد باوە، شێوەی دەنکەکانی لولەییە، قەبارەیان گەورەیە، بە نارێکی لە پاڵ یەکترن، یەك دەنك (٢ ـ ٤)دانە تۆوی تێدایە، توێکڵەکەی ئەستوورە، کرۆکەکەی گۆشتنە، تام و چێژی، خۆشە، نەختێك ترشە، لە کاتی بەجێهێشتنی لەسەر دارمێوەکەی بۆ ماوەیەك دەمێنێتەوە بەبێ ئەوەی زەرەری پێ بەکەوێت، جۆری گوڵەکانی نێرەمووکن، هۆشیەکەی لە گرێی چوارەم و پێنجەمەوە دەدات۰

**بەکارهێنانی:** ترێیەکی سەرخوانە بۆ خواردنی ڕۆژانە بەکاردێت، خەسلەتێکی بازرگانی هەیە و لە بازارکردندا خۆفرۆشە ۰

**شێوەی کەزاختن و پەروەردەکردنی:** لە کاتی کەزاختنندا درێژی ئەو لکانەی کە بۆ بەرگرتن جێ دەهێلرێت لە نێوان(٤ ــ ٦)چاوە دایە وێرای قەدی کورت (٢ــ٣) چاوە بۆ مەبەستی گۆڕینی لقە بە بەرهەمەکان بۆ ساڵی داهاتوو، شێوازی پەروەردەکردنی گونجاو بۆ ئەم ترێیە کۆردۆنە لەسەر تەل، بەشێوەی پیتی(T ) یان کۆڵك۰

**ژینگەی گونجاو بۆ چاندنی:** ترێیەکی بەراوە، لە دۆڵ و بنارەکانی ناوچە شاخاوییەکان و گردۆلکە و دەشتەکانی دەوروبەری هەولێردا دەچێنرێت ۰

**سەوزە کۆمەڵەکەی (المجموع الخضري):** شێوەی گەلاکەی پێنج پەڕە (خمسة فصوص) قڵیشانی نێوان پەڕەکانی زۆر قووڵە، لێواری گەلای ددانەداری تیژە،لایەکانی کووڕن، قڵیشانی نێوان ددانەکان قووڵە، ڕەنگی رووی دەرەوەی گەلای سەوزێکی تاریکە رووی ژێرەوەی سەوزێکی کاڵە، لاسکۆکەی گەلای سەوزێکی ئاماڵ سوورە، دەمارەکانی گەلای دەرکەوتوون، بنکەکەشیان ئاماڵ سوورە ئەم رەنگە بەلای تیغەکانی گەلاکەوە کشاوەتەوە، رەنگی تووله مێووەکانی سەوزێکی ئاماڵ سوورە، رەنگی تەرزەکەی سەوزە بنکەکەشی ئاماڵ سوورە، گەیەکانی (ماوەی نێوان گرێیەکانی) هاورێك و نیمچە یەکسانن ۰

# صادانی سپی ( SADANI.SPEE )





تەرزە ترێی صادانی سپی ﴿کێڵگەی ترێی بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوەی کشتوکاڵ /عنکاوە﴾

**سیفاتی بەرهەمەکەی:** درەنگ پێدەگات ( لە سەرەتایی مانگی ئابدا)، قەبارەی هۆشێیکەی مام ناوەندیە، کێشەکەی ٢٨٠ گرامە، شێوەکەی قوچەکییەکی شان درێژە، رەنگی ترێی پێگەیشتوو سپییەکی زەرد باوە، شێوەی دەنکەکانی گۆیین و درێژن، بە ناڕێکی لە پاڵ یەکترن، یەك دەنك (٢) دانە تۆوی رەنگ قاوەیی تێدایە ، توێکڵەکەی نەختێك ئەستوورە، بە چینێك شەمێی تەنك داپۆشراوە، کرۆکەکەی گۆشتنە، تام و چێژی، خۆشە، ئاوگدارە رەنگی ئاوگەکەی سپییەکی زەرد باوە، جۆری گوڵەکەی مێ یيە، پێویستی بە تەرزی پیتێنەر (ملقح) هەیە لەگەڵی بچێنرێت، زۆر بە بەرهەمە، هۆشیەکەی لە گرێی چوارەم و پێنجەمەوە دەدات.

**بەکارهێنانی:** ترێیەکی سەرخوانە بۆ خواردنی ڕۆژانە بەکاردێت، ئاوگدارە بۆ دروست کردنی (شەربەت ـ دۆشاو ـ خەڵ هتد ٠٠٠٠ )، دەشێت وشك بکرێت بۆ دروست کردنی مێووژ .

**شێوەی کەزاختن و پەروەردەکردنی:** لە کاتی کەزاختندا درێژی ئەو لکانەی کە بۆ بەرگرتن جێ دەهێلرێت لە نێوان( ٤ ـ ٦)چاوە دایە وێرای قەدی کورت (٢ـ٣) چاوە بۆ مەبەستی گۆڕینی لقە بە بەرهەمەکان بۆ ساڵی داهاتوو. شێوازی پەروەردەکردنی گونجاو بۆ ئەم ترێیە کۆردۆنە لەسەر تەل، بەشێوەی پیتی (آ) یان کۆڵك .

**ژینگەی گونجاو بۆ چاندنی:** ترێ دێمەکارە، لە دۆڵ و بنارەکانی ناوچە شاخاوییەکان و گردۆلکەکان .

**سەوزە کۆمەڵەکەی (المجموع الخضري):** شێوەی گەڵاکەی پێنج پەڕە (خمسة فصوص) قڵیشانی نێوان پەڕەکانی قووڵە، لێواری گەڵای ددانەداری تیژنین، قڵیشانی نێوان ددانەکانی نیمچە قووڵە، لایەکیان کووڕە، ڕەنگی رووی دەرەوەی گەڵای سەوزێکی تاریکە، رووی ژێرەوەی سەوزە، لاسکۆکەی گەڵای ئاماڵ سوورە، دەمارەکانی گەڵایّ دەرکەوتوون، بنکەکەشیان ئاماڵ سوورە، ئەم رەنگە بەلای تیغەکانی گەڵاکەوە کشاوەتەوە، رەنگی تووله مێوەکانی سەوزی سوور باوە، رەنگی تەرزەکەی سەوزە بنکەکەشی ئاماڵ سوورە، گەیەکانی (ماوەی نێوان گرێیەکانی) هاورێك نین .

# روســــي رقم ( ٧ )( ROSSI .٧ )





تەرزە ترێی روسـی ( ٧ ) «کێڵگەی ترێی بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوەی کشتوکاڵ /عنکاوە»

**سیفاتی بەرهەمەکەی:** درەنگ پێدەگات (لە کۆتایی مانگی ئابدا)، قەبارەی هۆشێیکەی مام ناوەندیە، کێشەکەی ٥٨٠گرامە، شێوەکەی قوچەکە، رەنگی ترێی پێگەیشتوو سپییەکی زەرد باوە، شێوەی دەنکەکانی گۆیین و درێژن، بەرێکیەکی مام ناوەندی لە پاڵ یەکترن، توێکڵەکەی تەنکە، بە چینێك شەمێی تەنك داپۆشراوە، یەك دەنك (٢ ـ٣) دانە تۆوی تێدایە، کرۆکەکەی گۆشتنە، ئاوگدارە تام و چێژی، خۆشە، رەنگی ئاوگەکەی سپییەکی زەرد باوە، جۆری گوڵەکەی نێرەمووکن، زۆر بە بەرهەمە، هۆشیەکەی لە گرێی سێ یەم و چوارەمەوە دەدات.

**بەکارهێنانی :** ترێیەکی سەرخوانە بۆ خواردنی رۆژانە بەکاردێت، لە بازاڕکردندا خۆفرۆشە لەبەر ئەوەی دیمەنەکەی زۆر جوانە .

**شێوەی کەزاختن و پەروەردەکردنی:** لە کاتی کەزاختندا درێژی ئەو لکانەی کە بۆ بەرگرتن جێ دەهێلرێت لە نێوان( ٦ ـ ٨)چاوە دایە وێرای قەدی کورت (٢ـ٣) چاوە بۆ مەبەستی گۆرینی لقە بە بەرهەمەکان بۆ ساڵی داهاتوو، شێوازی پەروەردەکردنی گونجاو بۆ ئەم ترێیە کۆردۆنە لەسەر تەل، بەشێوەی پیتی ( T ) یان سابات .

**ژینگەی گونجاو بۆ چاندنی:** ترێیەکی بەراوە، لە دۆڵ و بنارەکانی ناوچە شاخاوییەکان و گردۆلکە و دەشتەکانی دەوروبەری هەولێردا دەچێنرێت .

**سەوزە کۆمەڵەکەی (المجموع الخضري):** شێوەی گەڵاکەی پێنج پەرە (خمسة فصوص ) قڵیشانی نێوان پەرەکانی قووڵە، لێواری گەڵای ددانەداری تیژە قڵیشانی نێوان ددانەکانی نیمچە قووڵە، لایەکیان کووڕە، رەنگی رووی دەرەوەی گەڵای سەوزێکی تاریکە، رووی ژێرەوەی سەوزە، لاسکۆکەی گەڵای ئاماڵ سوورە، دەمارەکانی گەڵاکەی دەرکەوتوون، بنکەکەشیان ئاماڵ سوورە، رەنگی تووله مێوەکانی سەوزە، رەنگی تەرزەکەی و بنکەکەشی سەوزە، گەیەکانی (ماوەی نێوان گرێیەکانی) هاورێك نین.

# ترێ سپـــی ( TRE. SPEE )





تەرزە ترێی ترێ سپـی «کێلگەی ترێی بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوەی کشتوکاڵ / عنکاوە»

**سیفاتی بەرهەمەکەی:** درەنگ پێدەگات (لە سەرەتایی مانگی ئابدا)، قەبارەی هۆشێیکەی مام ناوەندیە کێشەکەی ٢٧٠ گرامە، شێوەکەی قوچەکییەکی شان درێژە، ڕەنگی ترێی پێگەیشتوو سپییەکی زەرد باوە، شێوەی دەنکەکانی گۆیین و درێژن بە نارێکی لە پاڵ یەکترن، یەك دەنك (٢) دانە تۆوی ڕەنگ قاوەیی تێدایە، توێکڵەکەی نەختێك ئەستوورە، بە چینێك شەمێی تەنك داپۆشراوە، کرۆکەکەی گۆشتنە، تام و چێژی خۆشە، ئاوگدارە ڕەنگی ئاوگەکەی سپییەکی زەرد باوە، جۆری گوڵەکەی مێ ییە، پێویستی بە تەرزی پیتێنەر (ملقح) هەیە لەگەڵی بچێنرێت، زۆر بە بەرهەمە، هۆشیەکەی لە گرێی چوارەم و پێنجەمەوە دەدات.

**بەکارهێنانی:** ترێیەکی سەرخوانە بۆ خواردنی ڕۆژانە بەکاردێت، دەشێت وشك بکرێت بۆ دروست کردنی مێووژ .

**شێوەی کەزاختن و پەروەردەکردنی:** لە کاتی کەزاختندا درێژی ئەو لکانەی کە بۆ بەرگرتن جێ دەهێلرێت لە نێوان( ٤ ـ ٦)چاوە دایە وێرای قەدی کورت (٢ـ٣) چاوە بۆ مەبەستی گۆڕینی لقە بە بەرهەمەکان بۆ ساڵی داهاتوو، شێوازی پەروەردەکردنی گونجاو بۆ ئەم ترێیە کۆردۆنە لەسەر تەل، بەشێوەی پیتی (T) یان کۆلك .

**ژینگەی گونجاو بۆ چاندنی:** ترێ دێمەکارە، لە دۆڵ و بنارەکانی ناوچە شاخاوییەکان و گردۆلکەکان.

**سەوزە کۆمەڵەکەی (المجموع الخضري):** شێوەی گەڵاکەی پێنج پەڕە (خمسة فصوص) قڵیشانی نێوان پەڕەکانی قووڵە، لێواری گەڵای ددانەداری تیژ نین، قڵیشانی نێوان ددانەکانی نیمچە قووڵە، لایەکیان کووڕە، ڕەنگی ڕووی دەرەوەی گەڵای سەوزێکی تاریکە، ڕووی ژێرەوەی سەوزە، لاسکۆکەی گەڵای ئاماڵ سوورە، دەمارەکانی گەڵای دەرکەوتوون، بنکەکەشیان ئاماڵ سوورە، ڕەنگی توولە مێووەکانی سەوزی سوور باوە، ڕەنگی تەرزەکەی سەوزە، بنکەکەشی ئامال سوورە، گەیەکانی (ماوەی نێوان گرێیەکانی) هاورێك نین .

# ( SHEKH.NURADEEN شێخ نورالدین سپی)




تەرزە تریی شێخ نورالدین «کێڵگەی تریی بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوەی کشتوکاڵ /عنکاوە»

**سیفاتی بەرهەمەکەی:** درەنگ پێدەگات (لە سەرەتایی مانگی ئابدا)، قەبارەی هۆشێیکەی مام ناوەندیە کێشەکەی ٤٥٠ گرامە، شێوەکەی قوچەکییەکی شان کورتە، رەنگی تریی پێگەیشتوو سپییەکی سەوز باوە کەتەواو پێگەیشت رەنگەکەی زەرد دەبێت، شێوەی دەنکەکانی گۆیین و نەختێك درێژن بەرێك و پێکی لە پاڵ یەکترن، قەبارەیان وەکو یەك نیە گەورە و بچووکن، یەك دەنك (٢ ــ ٣) دانە تۆوی رەنگ قاوەیی تێدایە، توێکڵەکەی تەنکە و بە چینێك شەمێی تەنك داپۆشراوە، کرۆکەکەی گۆشتنە تام و چێژی، خۆشە و نەختێك ترشە ئاوگدارە رەنگی ئاوگەکەی سپییەکی زەرد باوە، جۆری گوڵەکەی نێرەمووکە، زۆر بە بەرهەمە، هۆشیەکەی لە گرێی سێ یەم و چوارەمەوە دەدات ٠

**بەکارهێنانی:**ترێیەکی سەرخوانە بۆ خواردنی رۆژانە بەکاردێت، ئاوگدارە بۆ دروست کردنی (شەربەت ــ دۆشاو ــ خەڵ هتد ٠٠٠٠ ) ٠

**شێوەی کەزاختن و پەروەردەکردنی:** لە کاتی کەزاختنندا درێژی ئەو لکانەی کە بۆ بەرگرتن جێ دەهێڵرێت لە نێوان( ٤ ـ ٦ )چاوە دایە وێرای قەدی کورت (٢ــ٣) چاوە بۆ مەبەستی گۆرینی لقە بە بەرهەمەکان بۆ ساڵی داهاتوو، شێوازی پەروەردەکردنی گونجاو بۆ ئەم ترێیە کۆردۆنە لەسەر تەل، بەشێوەی پیتی ( T) یان ( Y )٠

**ژینگەی گونجاو بۆ چاندنی:** ترێیەکی بەراوە لە دۆڵ و بنارەکانی ناوچە شاخاوییەکان و گردۆلکە و دەشتەکانی دەوروبەری هەولێردا دەچێنرێت ٠

**سەوزە کۆمەڵەکەی (المجموع الخضري):** شێوەی گەڵاکەی پێنج پەرە (خمسة فصوص) قڵیشانی نێوان پەرەکانی قووڵە، لێواری گەڵای ددانەداری تیژن قڵیشانی نێوان ددانەکانی نیمچە قووڵە، لایەکیان کوورە، رەنگی رووی دەرەوەی گەڵای سەوزێکی تاریکە، رووی ژێرەوەی سەوزە، لاسکۆکەی گەڵای ئاماڵ سوورە، دەمارەکانی گەڵای دەرکەوتوون، بنکەکەشیان ئاماڵ سوورە، رەنگی توولە مێووەکانی سەوزێکی سوور باوە، رەنگی تەرزەکەی سەوزە بنکەکەشی ئاماڵ سوورە، گەیەکانی (ماوەی نێوان گرێیەکانی) هاورێك و نیمچە یەکسانن ٠

# تـــــوری ( TUREE )





تەرزە ترێی توری «کێڵگەی ترێی بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوەی کشتوکاڵ /عنکاوە»

**سیفاتی بەرهەمەکەی:** کاتی پێگەیشتنی مام ناوەندیە ( لە کۆتایی مانگی تەمووزدا ) قەبارەی هۆشیەکەی مام ناوەندیە، کێشەکەی ٢٥٠ گرامە شێوەکەی لولەیی هەڵوەشاوەیە، رەنگی ترێی پێگەیشتوو سپیەکی زەرد باوە. شێوەی دەنکەکانی هێلکەیی درێژن، بە شێوە و قەبارە مام ناوەندین. یەك دەنك (٢ـ ٣)دانە تۆوی تێدایە. کرۆکەکەی گۆشتنە، تام و چێژی، خۆشە، توێکڵەکەی تەنکە بە چینێك شەمێ ی تەنك داپۆشراوە، رەنگی ناوگەکەی زەردی کاڵە، جۆری گوڵەکەی مێ یيە پێویستی بە تەرزی پیتێنەر (ملقح) هەیە لەگەڵی بچێنرێت، زۆر بە بەرهەمە، هۆشیەکەی لە گرێی چوارەم و پێنجەمەوە دەدات.

**بەکارهێنانی:** ترێیەکی سەرخوانە بۆ خواردنی ڕۆژانە بەکاردێت، خۆ فرۆشەو خەسلەتێکی بازرگانی هەیە .

**شێوەی کەزاختن و پەروەردەکردنی:** لە کاتی کەزاختندا درێژی ئەو لکانەی کە بۆ بەرگرتن جێ دەهێلرێت لە نێوان( ٦ ـ ٨)چاوە دایە وێرای قەدی کورت (٢ـ٣) چاوە بۆ مەبەستی گۆڕینی لقە بە بەرهەمەکان بۆ ساڵی داهاتوو، شێوازی پەروەردەکردنی گونجاو بۆ ئەم ترێیە کۆردۆنە لەسەر تەل، بەشێوەی پیتی ( T) یان ( Y )یان سابات .

**ژینگەی گونجاو بۆ چاندنی:** ترێیەکی بەراوە، لە دۆڵ و بنارەکانی ناوچە شاخاوییەکان و گردۆلکە و دەشتەکانی دەوروبەری هەولێردا دەچێنرێت.

**سەوزە کۆمەڵەکەی (المجموع الخضري):** شێوەی گەلاکەی پێنج پەرە (خمسة فصوص) قڵیشانی نێوان پەڕەکانی نیمچە قووڵە، لێواری ددانەداری تیژە،لایەکانی کووڕن، ڕەنگی رووی دەرەوەی گەلای سەوزێکی تاریکە، رووی ژێرەوەی سەوزێکی کاڵە ،لاسکۆکەی گەلای سەوزە و نەختێك ئاماڵ سوورە، دەمارەکانی گەلای دەرکەوتوون، بنکەکەشیان ئاماڵ سوورە، رەنگی توولە مێووەکانی سەوزێکی ئاماڵ سوورە رەنگی تەرزەکەی سەوزە و بنکەکەشی سوورە، گەیەکانی (ماوەی نێوان گرێیەکانی) هاورێك و نیمچە یەکسانن .

## میرانـــــــــی ( MIRANI )





تەرزە ترێی میـرانی ﴿کێلگەی ترێی بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوەی کشتوکاڵ /عنکاوە﴾

**سیفاتی بەرهەمەکەی:** کاتی پێگەیشتنی مام ناوەندیە (لە کۆتایی مانگی تەمووزدا) قەبارەی هۆشیەکەی مام ناوەندیە، کێشەکەی ٣٥٠ گرامە شێوەکەی لولەیی هەڵوەشاوەیە، رەنگی ترێی پێگەیشتوو سپیەکی زەرد باوە، شێوەی دەنکەکانی هێلکەیی درێژن، بە شێوە و قەبارە مام ناوەندین، لە یەك دەنك (١ــ٢ )دانە تۆوی تێدایە، کرۆکەکەی گۆشتنە تام و چێژی، خۆشە، توێکڵەکەی تەنکە بە چینێك شەمێی تەنك داپۆشراوە، رەنگی ئاوگەکەی زەردی کاڵە، جۆری گوڵەکەی مێ یيە، پێویستی بە تەرزی پیتێنەر (ملقح) هەیە لەگەڵی بچێنرێت ٠. زۆر بە بەرهەمە، هۆشیەکەی لە گرێی چوارەم و پێنجەمەوە دەدات٠

**بەکارهێنانی:** ترێی سەرخوانە بۆ خواردنی ڕۆژانە بەکاردێت، خۆ فرۆشەو خەسلەتێکی بازرگانی هەیە٠

**شێوەی کەزاختن و پەروەردەکردنی:** لە کاتی کەزاختنندا درێژی ئەو لکانەی کە بۆ بەرگرتن جێ دەهێلرێت لە نێوان( ٦ ــ ٨)چاوە دایە وێرای قەدی کورت (٢ــ٣) چاوە بۆ مەبەستی گۆرینی لقە بە بەرهەمەکان بۆ ساڵی داهاتوو، شێوازی پەروەردەکردنی گونجاو بۆ ئەم ترێیە کۆردۆنە لەسەر تەل. بەشێوەی پیتی( T ) یان ( Y )یان سابات ٠

**ژینگەی گونجاو بۆ چاندنی:** ترێیەکی بەراوە، لە دۆڵ و بنارەکانی ناوچە شاخاوییەکان و گردۆلکە و دەشتەکانی دەوروبەری هەولێردا دەچێنرێت ٠

**سەوزە کۆمەڵەکەی (المجموع الخضري):** شێوەی گەلاکەی پێنج پەڕە (خمسة فصوص) قلێشانی نێوان پەڕەکانی نیمچە قووڵە، لێواری ددانەداری تیژە، ڕەنگی رووی دەرەوەی گەلای سەوزێکی تاریکە، رووی ژێرەوەی سەوزێکی کاڵە، لاسکۆکەی گەلای سەوزە، ئەختێك ئامال سوورە، رەنگی نوێیە گەلاکانی لوتکەی توولە مێوەکان سەوزێکی کاڵە و ئامال سوورە، دەمارەکانی گەلای دەرکەوتوون، بنکەکەشیان ئامال سوورە، رەنگی توولە مێووەکانی سەوزێکی ئامال سوورە، رەنگی تەرزەکەی سەوزە و بنکەکەشی سوورە، گەیەکانی (ماوەی نێوان گرێیەکانی) هاورێك و نیمچە یەکسانن ٠

# بلــــدی زینی (BALADY. ZAINEE)





تەرزە ترێی بلدی زینی «کێڵگەی ترێی بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوەی کشتوکاڵ /عنکاوە»

**سیفاتی بەرهەمەکەی:** درەنگ پێدەگات (لە سەرەتایی مانگی ئابدا). قەبارەی هۆشێیکەی گەورەیە، کێشەکەی ٦٥٠ گرامە، شێوەکەی قوچەکییەکی شان دەرکەوتووە، رەنگی ترێی پێگەیشتوو سپییەکی سەوز باوە، کە تەواو پێگەیشت رەنگەکەی زەرد دەبێت، شێوەی دەنکەکانی هێلکەیی درێژن بە نارێکی لە پاڵ یەکترن. یەك دەنك (٢ـ٣) دانە تۆوی تێدایە، توێکڵەکەی نەختێك ئەستوورە و رۆنە، کەوا تۆوەکەی تێدا دەبینرێت. بە چینێك شەمێی تەنك داپۆشراوە، کرۆکەکەی گۆشتنە، تام و چێژی خۆشە. نەختێك ترشە ئاوگدارە رەنگی ئاوگەکەی سپییەکی زەرد باوە، جۆری گوڵەکەی نێرەمووکن، زۆر بە بەرهەمە، هۆشیەکەی لە گرێی سێ یەم و چوارەمەوە دەدات.

**بەکارهێنانی:** ترێی سەرخوانە بۆ خواردنی ڕۆژانە بەکاردێت .

**شێوەی کەزاختن و پەروەردەکردنی:** لە کاتی کەزاختندا درێژی ئەو لکانەی کە بۆ بەرگرتن جێ دەهێلرێت لە نێوان( ٦ ـ ٨)چاوە دایە وێرای قەدی کورت (٢ـ٣) چاوە بۆ مەبەستی گۆرینی لقە بە بەرهەمەکان بۆ ساڵی داهاتوو. شێوازی پەروەردەکردنی گونجاو بۆ ئەم ترێیە کۆردۆنە لەسەر تەل، بەشێوەی پیتی ( T).

**ژینگەی گونجاو بۆ چاندنی:** ترێیەکی بەراوە، لە دۆڵ و بنارەکانی ناوچە شاخاوییەکان و گردۆلکە و دەشتەکانی دەوروبەری هەولێردا دەچێنرێت .

**سەوزە کۆمەڵەکەی (المجموع الخضري):** شێوەی گەڵاکەی پێنج پەڕە (خمسة فصوص) قڵیشانی نێوان پەڕەکانی نەختێك قووڵە، لێواری گەڵای ددانەداری تیژە، قڵیشانی نێوان ددانەکانی نیمچە قووڵە، لایەکیان کووڕە، ڕەنگی رووی دەرەوە و ژێرەوەی سەوزە، لاسکۆکەی گەڵای ئاماڵ سوورە، دەمارەکانی گەڵای دەرکەوتوون، بنکەشیان ئاماڵ سوورە، رەنگی توولە مێووەکانی سەوزێکی سوور باوە، رەنگی تەرزەکەی سەوزە بنکەکەشی سوورە، گەیەکانی (ماوەی نێوان گرێیەکانی) هاورێك و نیمچە یەکسانن.

# ( BZZN.ALNAKA ) بزالناقه





تەرزە تریی بزالنـاقه ﴿کێڵگەی تریی بەڕێوەبەرایەتی  توێژینەوەی کشتوکال /عنکاوە﴾

**سیفاتی بەرهەمەکەی:** درەنگ پێدەگات (لە سەرەتایی مانگی ئەیلوولدا). قەبارەی هۆشێیکەی گەورەیە، کێشەکەی ٦٧٠گرامە، شێوەکەی قوچەکییەکی لولەیی درێژە، رەنگی تریی پێگەیشتوو سپییەکی سەوز باوە، کە تەواو پێگەیشت رەنگەکەی زەرد دەبێت، شێوەی دەنکەکانی هێلکەیی درێژن لە شێوەی دەنکە زەیتونن، بە نارێکی لە پاڵ یەکترن، یەك دەنك (٢ ــ٣)دانە تۆوی تێدایە، توێکڵەکەی نەختێك ئەستوورە، بە چینێك شەمێی تەنك داپۆشراوە، کرۆکەکەی گۆشتنە، تام و چێژی، خۆشە، نەختێك ترشە ئاوگدارە رەنگی ئاوگەکەی سپییەکی زەرد باوە، جۆری گوڵەکەی نێرەمووکن، زۆر بە بەرهەمە، هۆشیەکەی لە گرێی سێ یەم و چوارەمەوە دەدات.

**بەکارهێنانی:** تریی سەرخوانە بۆ خواردنی ڕۆژانە بەکاردێت.

**شێوەی کەزاختن و پەروەردەکردنی:** لە کاتی کەزاختندا درێژی ئەو لکانەی کە بۆ بەرگرتن جێ دەهێلرێت   لە نێوان( ٦ ـ ٨ )چاوە دایە وێرای قەدی کورت (٢ــ٣) چاوە بۆ مەبەستی گۆرینی لقە بە بەرهەمەکان بۆ ساڵی داهاتوو، شێوازی پەروەردەکردنی گونجاو بۆ ئەم ترێیە کۆردۆنە  لەسەر تەل، بەشێوەی پیتی  ( T) یان ( Y ).

**ژینگەی گونجاو بۆ چاندنی:** ترێیەکی بەراوە، لە دۆڵ و بنارەکانی ناوچە شاخاوییەکان و گردۆلکە و دەشتەکانی دەوروبەری هەولێردا دەچێنرێت.

**سەوزە کۆمەڵەکەی (المجموع الخضري):** شێوەی گەلاکەی پێنج پەڕە (خمسة فصوص) قلێشانی نێوان پەڕەکانی زۆر قووڵە، لێواری گەلاّی ددانەداری تیژە، قلێشانی نێوان ددانەکانی قووڵە، لایەکیان کووڕە، ڕەنگی رووی دەرەوەی گەلاّی سەوزێکی تاریکە، رووی ژێرەوەی سەوزە،لاسکۆکەی گەلاّی ئاماڵ سوورە، دەمارەکانی گەلاّی دەرکەوتوون، بنکەکەشیان ئاماڵ سەوزە، رەنگی توولە مێووەکانی سەوزێکی سوور باوە، رەنگی تەرزەکەی سەوزە بنکەکەشی ئاماڵ سوورە، گەیەکانی (ماوەی نێوان گرێیەکانی) هاورێك و نیمچە یەکسانن .

# صلوبـــی ( SLUPEE )




تەرزە ترێی صلوبی ﴿كێڵگەی ترێی بەڕێوەبەرایەتی تۆژینەوەی كشتوكاڵی هەولێر /عنكاوە﴾

**سیفاتی بەرهەمەكەی:** درەنگ پێدەگات (لە سەرەتایی مانگی ئابدا) قەبارەی هۆشییەكەی گەورەیە، كێشەكەی ٩٥٠ گرامە، شێوەكەی قوچەكییەكی دووشانی دەركەوتووە، كە درێژیەكەیان دەگاتە چارەگی درێژی تەوەری هۆشییەكەی، رەنگی ترێی پێگەیشتوو سپییەكی زەردی كهرملنیە، شێوەی دەنكەكانی گۆیین، بە شێوە و قەبارە مام ناوەندین، یەك دەنك (٢ــ ٣)دانە تۆوی تێدایە، كرۆكەكەی گۆشتنە، تام و چێژی خۆشە، نەختێك ترشە، توێكڵەكەی تەنكە، گوڵەكانی نێرەمووكن، زۆر بە بەرهەمە، هۆشییەكەی لە گرێی چوارەم و پێنجەمەوە دەدات ٠

**بەكارهێنانی:** ترێیەكی سەرخوانە بۆ خواردنی ڕۆژانە بەكاردێت، وشك دەكرێت بۆ دروست كردنی مێووژ. خەسڵەتێكی بازرگانی زۆرباشی هەیە و لە بازاڕكردندا خۆفرۆشە ٠

**شێوەی كەزاختن و پەروەردەكردنی:** لە كاتی كەزاختندا درێژی ئەو لكانەی كە بۆ بەرگرتن جێ دەهێڵرێت لە نێوان( ٦ ــ ٨)چاوە دایە وێرای قەدی كورت (٢ــ٣) چاوە بۆ مەبەستی گۆرینی لقە بە بەرهەمەكان بۆ ساڵی داهاتوو، شێوازی پەروەردەكردنی گونجاو بۆ ئەم ترێیە كردۆنە لەسەر تەل بەشێوەی پیتی ( T) یان سابات ٠

**ژینگەی گونجاو بۆ چاندنی** : ترێیەكی بەراوە، لە دۆڵ و بنارەكانی ناوچە شاخاوییەكان و گردۆلكە و دەشتەكانی دەوروبەری هەولێردا دەچێنرێت ٠

**سەوزە كۆمەڵەكەی ( المجموع الخضري ):** شێوەی گەڵاكەی پێنج پەڕە (خمسة فصوص ) قڵیشانی نێوان پەڕەكانی قووڵە، لێواری ددانەداری تیژە، لایەكانی كووڕن، ڕەنگی رووی دەرەوەی گەڵای سەوزێكی تاریكە، رووی ژێرەوەی سەوزێكی كاڵە ،لاسكۆكەی گەڵای سەوزە، نەختێك ئاماڵ سوورە، دەمارەكانی گەڵای دەركەوتوون، بنكەكەشیان ئاماڵ سوورە، رەنگی توولە مێووەكانی سەوزێكی ئاماڵ سوورە، رەنگی تەرزەكەی و بنكەكەشی سەوزە، گەیەكانی (ماوەی نێوان گرێیەكانی) هاورێك و نیمچە یەكسانن ٠

## بیصـــوله ( BESOLA )





تەرزە ترێی بیصولـە ﴿کێلگەی ترێی بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوەی کشتوکاڵی هەولێر /عنکاوە﴾

**سیفاتی بەرهەمەکەی**:درەنگ پێدەگات (لە کۆتایی مانگی ئابدا)، قەبارەی هۆشێکەی مام ناوەندیە، کێشەکەی ٥٥٠ گرامە، شێوەکەی قوچەکییەکی شان کورتە، رەنگی ترێی پێگەیشتوو رەشە، کە تەواو پێگەیشت رەنگەکەی تاریك تر دەبێت، شێوەی دەنکەکانی گۆیین، قەبارەیان مام ناوەندیە، بەرێکی کەم لە پاڵ یەکترن، یەك دەنك (٢ ـ ٤)دانە تۆوی تێدایە، توێکڵەکەی تەنکە بە چینێك شەمێی مام ناوەندی داپۆشراوە، کرۆکەکەی گۆشتنە، ئاوگدارە رەنگی ئاوگەکەی پەمەییە، تام وچێژی خۆشە و نەختێك ترشە، لە کاتی بەجێهێشتنی لەسەر دارمێوەکەی بۆ ماوەیەك دەمێنێتەوە بەبێ ئەوەی زەرەری پێ بەکەوێت، جۆری گوڵەکانی مێ یيە، پێویستی بە تەرزی پیتێنەر(ملقح) هەیە لەگەڵی بچێنرێت، زۆر بە بەرهەمە، هۆشییەکەی لە گرێی سێ یەم و چوارەمەوە دەدات.

**بەکارهێنانی**: ترێیەکی سەرخوانە بۆ خواردنی ڕۆژانە بەکاردێت، ئاوگدارە بۆ دروست کردنی (شەربەت ــ دۆشاو ـ خەڵ هتد ٠٠٠٠ )، خەسڵەتێکی بازرگانی هەیە ٠

**شێوەی کەزاختن و پەروەردەکردنی**: لە کاتی کەزاختندا درێژی ئەو لکانەی کە بۆ بەرگرتن جێ دەهێلرێت لە نێوان(٦ ــ ٨)چاوە دایە وێرای قەدی کورت (٢ــ٣) چاوە بۆ مەبەستی گۆڕینی لقە بە بەرهەمەکان بۆ ساڵی داهاتوو، شێوازی پەروەردەکردنی گونجاو بۆ ئەم ترێیە کردۆنە لەسەر تەل، بەشێوەی پیتی (T) یان ساباط ٠

**ژینگەی گونجاو بۆ چاندنی** : ترێیەکی بەراو و دێمەکارە، لە دۆڵ و بنارەکانی ناوچە شاخاوییەکان و گردۆلکە و دەشتەکانی دەوروبەری هەولێردا دەچێنرێت ٠

**سەوزە کۆمەڵەکەی ( المجموع الخضري )**: شێوەی گەلاکەی پێنج پەڕە (خمسة فصوص ) قڵیشانی نێوان پەڕەکانی قووڵ نیە، لێواری گەڵای ددانەداری تیژە، لایەکانی کووڕن، قڵیشانی نێوان ددانەکان قووڵ نین، ڕەنگی رووی دەرەوەی گەڵای سەوزێکی تاریکە، رووی ژێرەوەی سەوزێکی کاڵە، لاسکۆکەی گەڵای ئاماڵ سوورێکی ئەرخەوانیە، دەمارەکانی گەڵای دەرکەوتوون، بنکەکەشیان سوورێکی ئەرخەوانیە ئەم رەنگە بەلای تیغەکانی گەڵاکەوە کشاوەتەوە، رەنگی توولە مێووەکانی سەوزی ئاماڵ سوورە، رەنگی تەرزەکەی سەوزە، بنکەکەشی ئاماڵ سوورە، گەیەکانی (ماوەی نێوان گرێیەکانی) هاورێك و نیمچە یەکسانن ٠

# پەسیرانی ســـۆر ( PASIRANI SUR )





تەرزی ترێی پەسیرانی سۆر «کێلگەی ترێی بەڕێوەبەرایەتی تۆژینەوەی کشتوکاڵی هەولێر /عنکاوە»

**سیفاتی بەرهەمەکەی:** درەنگ پێدەگات(لە سەرەتایی مانگی ئابدا) قەبارەی هۆشییەکەی گەورەیە، کێشەکەی ۷۲۰گرامە، شێوەکەی قوچەکیەکە یان لولەییە، رەنگی ترێی پێگەیشتوو سوورە، کە تەواو پێگەیشت رەنگەکەی تاریك تر دەبێت، شێوەی دەنکەکانی گۆیین، بە شێوە و قەبارە مام ناوەندین، زۆر بەتوندی لەپاڵ یەکترن، یەك دەنك (۲ـ ۲)دانە تۆوی تێدایە، کرۆکەکەی گۆشتنە، تام وچێژی خۆشە نەختێك ترشە، توێکڵەکەی ئەستوورە، بە چینێك شەمێی تەنك داپۆشراوە، گوڵەکانی نێرەمووکن، زۆر بە بەرهەمە، هۆشییەکەی لە گرێی چوارەم و پێنجەمەوە دەدات.

**بەکارهێنانی:** ترێیەکی سەرخوانە بۆ خواردنی ڕۆژانە بەکاردێت.

**شێوەی کەزاختن و پەروەردەکردنی:** لە کاتی کەزاختندا درێژی ئەو لکانەی کە بۆ بەرگرتن جێ دەهێلرێت لە نێوان(٦ ـ ٨)چاوە دایە وێرای قەدی کورت (۲ـ۳) چاوە بۆ مەبەستی گۆرینی لقە بە بەرهەمەکان بۆ ساڵی داهاتوو، شێوازی پەروەردەکردنی گونجاو بۆ ئەم ترێیە کردۆنە لەسەر تەل، بەشێوەی پیتی (T) یان سابات .

**ژینگەی گونجاو بۆ چاندنی** : ترێیەکی بەراوە، لە دۆڵ و بنارەکانی ناوچە شاخاوییەکان و گردۆلکە و دەشتەکانی دەوروبەری هەولێردا دەچێنرێت .

**سەوزە کۆمەڵەکەی (المجموع الخضري):** شێوەی گەڵاکەی حەوت پەڕە (سبعة فصوص ) قڵیشانی نێوان پەڕەکانی قووڵە، لێواری گەڵای ددانەداری تیژە، لایەکانی کووڕن ، ڕەنگی رووی دەرەوەی گەڵای سەوزێکی تاریکە، رووی ژێرەوەی سەوزێکی کاڵە ،لاسکۆکەی گەڵای سەوزە، دەمارەکانی گەڵای دەرکەوتوون، بنکەکەشیان ئاماڵ سوورە، رەنگی تووله مێووەکانی سەوزە، رەنگی تەرزەکەی و بنکەکەشی سەوزە، گەیەکانی (ماوەی نێوان گرێیەکانی) هاورێك و نیمچە یەکسانن.

# تائفی کۆیــه ( TAEFFI COEYA )





تەرزە تریّی تائفی کۆیــە ﴿کێڵگەی تریّی بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوەی کشتوکاڵی هەولێر /عنکاوە﴾

**سیفاتی بەرهەمەکەی:** درەنگ پێدەگات ( لە کۆتایی مانگی ئابدا) قەبارەی هۆشییەکەی مام ناوەندیە، کێشەکەی ٥٤٠ گرامە، شێوەکەی لولەیەکی نارێکە و هەڵوەشاوەیە، رەنگی تریّی پێگەیشتوو سوورێکی ئاماڵ زەردی کاڵە کە تەواو پێگەیشت رەنگەکەی سوور تر دەبێت، شێوەی دەنکەکەانی هێلکەین. یەك دەنك (٢ ــ ٤) دانە تۆوی تێدایە، کرۆکەکەی گۆشتنە، رەنگی ناوگەکەی پەمەییە، تام و چێژی خۆشە و نەختێك ترشە، توێکلەکەی نەختێك ئەستوورە بە چینێك شەمێی مام ناوەدی داپۆشراوە، جۆری گوڵەکانی نێرەمووکن، زۆر بە بەرهەمە، هۆشییەکەی لە گرێی چوارەم و پێنجەمەوە دەدات.

**بەکارهێنانی:** ترێیەکی سەرخوانە بۆ خواردنی رۆژانە بەکاردێت، خەسڵەتێکی بازرگانی زۆرباشی هەیە و لە بازارکردندا خۆفرۆشە.

**شێوەی کەزاختن و پەروەردەکردنی:** لە کاتی کەزاختندا درێژی ئەو لکانەی کە بۆ بەرگرتن جێ دەهێلرێت لە نێوان(٦- ٨)چاوە دایە وێرای قەدی کورت (٢ــ٣) چاوە بۆ مەبەستی گۆرینی لقە بە بەرهەمەکان بۆ ساڵی داهاتوو، شێوازی پەروەردەکردنی گونجاو بۆ ئەم ترێیە کردۆنە لەسەر تەل. بەشێوەی پیتی( T ) یان ( Y ) یان سابات .

**ژینگەی گونجاو بۆ چاندنی** : ترێیەکی بەراوە، لە دۆڵ و بنارەکانی ناوچە شاخاوییەکان و گردۆلکە و دەشتەکانی دەوروبەری هەولێردا دەچێنرێت .

**سەوزە کۆمەڵەکەی (المجموع الخضري):** شێوەی گەڵاکەی پێنج پەڕە (خمسة فصوص) قڵیشانی نێوان پەڕەکانی قووڵ نین. قلیشە سەرەکیەکەی داخراوە، لێواری گەڵای ددانەداری تیژە، لایەکیان کووڕە، ڕەنگی رووی دەرەوەی گەڵای سەوزێکی تاریکە، رووی ژێرەوەی سەوزێکی کاڵە، لاسکۆکەی گەڵای ئاماڵ سوورە، دەمارەکانی دەرکەوتوون، رەنگی بنکەکەشیان ئاماڵ سوورە، رەنگی توولە مێوەکانی و تەرزەکەی سەوزە، گەیەکانی (ماوەی نێوان گرێ یەکان) هاورێك نیمچە یەکسانن .

## ڕەشمێوی درێژ ( RASHMIOWE.DRIAJ )





تەرزە ترێی ڕەشمێوی درێژ ﴿ کێڵگەی ترێی بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوەی کشتوکاڵی هەولێر / عنکاوە ﴾

**سیفاتی بەرهەمەکەی:** زوو پێدەگات (لەکۆتایی مانگی حوزەیراندا)، قەبارەی هۆشییەکەی مام ناوەندیە، کێشەکەی ٤٠٠ گرامە، شێوەکەی قوچەکییەکی دووشان دەرکەوتووە، ڕەنگی ترێی پێگەیشتوو ڕەشێکی باینجانیە، کە تەواو پێگەیشت ڕەنگەکەی تاریك تر دەبێت، شێوەی دەنکەکانی لولەیی درێژن، بەرێك و پێکی لە پاڵ یەکترن، یەك دەنك(٢ ـ٣)دانە تۆوی تێدایە، توێکڵەکەی نەختێك ئەستورە، نەختێك تفتە بە چینێك شەمێی چڕ داپۆشراوە، کرۆکەکەی ئاوگدارە تام و چێژی خۆشە، ڕەنگی ئاوگەکەی پەمەییە، جۆری گوڵەکانی نێرەمووکن، هێشووەکەی لە گرێی سێ یەم و چوارەمەوە دەدات.

**بەکارهێنانی:** ترێیەکی سەرخوانە بۆ خواردنی ڕۆژانە بەکاردێت، ئاوگدارە بۆ دروست کردنی (شەربەت ـ دۆشاو ـ خەڵ هتد ....)، خەسڵەتێکی بازرگانی هەیە و لە بازارکردندا خۆفرۆشە.

**شێوەی کەزاختن و پەروەردەکردنی:** لە کاتی کەزاختندا درێژی ئەو لکانەی کە بۆ بەرگرتن جێ دەهێلرێت لە نێوان( ٣ – ٥)چاوە دایە وێرای قەدی کورت ( ٢ـ٣) چاوە بۆ مەبەستی گۆرینی لقە بە بەرهەمەکان بۆ ساڵی داهاتوو، شێوازی پەروەردەکردنی گونجاو بۆ ئەم ترێیە کردۆنە لەسەر تەل، بەشێوەی پیتی (T )یان کۆڵك.

**ژینگەی گونجاو بۆ چاندنی:** ترێیەکی بەراو و دێمەکارە، لە دۆڵ و بنارەکانی ناوچە شاخاوییەکان و گردۆلکە و دەشتەکانی دەوروبەری هەولێردا دەچێنرێت.

**سەوزە کۆمەڵەکەی (المجموع الخضري):** شێوەی گەڵاکەی پێنج پەڕە (خمسە فصوص) قڵیشانی نێوان پەڕەکانی قووڵە، لێواری گەڵای ددانەداری تیژە، لایەکیان کووڕە، ڕەنگی رووی دەرەوە سەوزێکی تاریکە، ژێرەوەی گەڵای سەوزە، لاسکۆکەی گەڵای ئاماڵ سوورە، دەمارەکانی دەرکەوتوون، بنکەکەشیان ئاماڵ سوورە ئەم ڕەنگە بەلای تیغەکانی گەڵاکەوە کشاوەتەوە، ڕەنگی تەرزەکەی سەوزە و بنکەکەشی ئاماڵ سوورە، ڕەنگی تولە مێووەکانی سەوزێکی ئاماڵ سوورە، گەیەکانی (ماوەی نێوان گرێیەکانی) هاورێك نین .

# دراویشـــــــی ( DRAWESHEE )





تەرزە ترێی دراویشی ﴿کێڵگەی ترێی بەڕێوەبەرایەتی تۆژینەوەی کشتوکاڵی هەولێر /عنکاوە ﴾

**سیفاتی بەرهەمەکەی:** زۆر درەنگ پێدەگات (لەکۆتایی مانگی ئابدا)، قەبارەی هۆشییەکەی مام ناوەندیە، کێشەکەی ٢٨٠گرامە، شێوەکەی لولەیی شان کورتە، رەنگی ترێی پێگەیشتوو سپیەکی ئاماڵ سەوزە، کە تەواو پێگەیشت رەنگەکەی زەرد دەبێت، شێوەی دەنکەکانی گۆیین درێژن، بەرێك و پێکی کەم لە پاڵ یەکترن، یەك دەنك (٣ )دانە تۆوی تێدایە، توێکڵەکەی تەنکە، بە چینێك شەمێی تەنك داپۆشراوە، کرۆکەکەی گۆشتنە تام و چێژی خۆشە، نەختێك ترشە، جۆری گوڵەکانی نێرەمووکن، زۆر بە بەرهەمە هێشووەکەی لە گرێی چوارەم و پێنجەمەوە دەدات.

**بەکارهێنان:** ترێی سەرخوانە بۆ خواردنی ڕۆژانە بەکاردێت .

**شێوەی کەزاختن و پەروەردەکردنی:** لە کاتی کەزاختندا درێژی ئەو لکانەی کە بۆ بەرگرتن جێ دەهێلرێت لە نێوان(٦ - ٨)چاوە دایە وێرای قەدی کورت (٢ـ٣) چاوە بۆ مەبەستی گۆڕینی لقە بە بەرهەمەکان بۆ ساڵی داهاتوو، شێوازی پەروەردەکردنی گونجاو بۆ ئەم ترێیە کردۆنە لەسەر تەل، بەشێوەی پیتی (T) یان ( Y ) .

**ژینگەی گونجاو بۆ چاندنی** : ترێیەکی بەراوە، لە دۆڵ و بنارەکانی ناوچە شاخاوییەکان و گردۆلکە و دەشتەکانی دەوروبەری هەولێردا دەچێنرێت

**سەوزە کۆمەڵەکەی (المجموع الخضري):** شێوەی گەڵاکەی پێنج پەڕە قڵیشانی نێوان پەڕەکانی زۆر قووڵە، لێواری گەڵای ددانەداری تیژە، لایەکیان کووڕە، قڵیشانی نێوان ددانەکانی قووڵە، رەنگی رووی دەرەوەی گەڵای سەوزێکی تاریکە، رووی ژێرەوەی سەوزێکی کاڵە و گەندەموویکی چڕ داپۆشراوە، لاسکۆکەی گەڵای سوورە، دەمارەکانی دەرکەوتوون، بنکەکەکەشیان سوورە، رەنگی تەرزەکەی سەوزە، بنکەکەشی ئاماڵ سوورە، رەنگی تولە مێووەکانی سەوزێکی ئاماڵ سوورە، گەیەکانی (ماوەی نێوان گرێیەکانی) نزیکەی هاورێك و نیمچە یەکسانن .

# سورسنی ( SORSENE )





تەرزە ترێی سورسنی ﴿کێڵگەی ترێی بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوەی کشتوکاڵی هەولێر / عنکاوە﴾

**سیفاتی بەرهەمەکەی:** درەنگ پێدەگات (لە کۆتایی مانگی تەمووزدا) قەبارەی هۆشییەکەی مام ناوەندیە، کێشەکەی ٣٦٠ گرامە، شێوەکەی قوچەکییەکی شان کورتە، ڕەنگی ترێی پێگەیشتوو سوورێکی تاریکە، کە تەواو پێ گەیشت ڕەنگەکەی تاریك تر دەبێت، شێوەی دەنکەکانی هێلکەیی درێژن، بەرێك و یێکی کەم لە پاڵ یەکترن، یەك دەنك (٣)دانە تۆوی تێدایە، کرۆکەکەی گۆشتنە، ڕەنگی ناوگەکەی سپییەکی ئاماڵ زەردە، تام و چێژی خۆشە و نەختێك ترشە، توێکلەکەی تەنکە بە چینێك شەمێی مام ناوەدی داپۆشراوە، جۆری گوڵەکانی نێرەمووکن، زۆر بە بەرهەمە، هێشووەکەی لە گرێی سێ یەم و چوارەمەوە دەدات.

**بەکارهێنانی :** ترێیەکی سەرخوانە بۆ خواردنی ڕۆژانە بەکاردێت، خەسڵەتێکی بازرگانی هەیە و لە بازارکردندا خۆفرۆشە .

**شێوەی کەزاختن و پەروەردەکردنی:** لە کاتی کەزاختنندا درێژی ئەو لکانەی کە بۆ بەرگرتن جێ دەهێلرێت لە نێوان ( ٦- ٨)چاوە دایە وێرای قەدی کورت (٢ـ٣) چاوە بۆ مەبەستی گۆڕینی لقە بە بەرهەمەکان بۆ ساڵی داهاتوو، شێوازی پەروەردەکردنی گونجاو بۆ ئەم ترێیە کردۆنە لەسەر تەل، بەشێوەی پیتی( T )، یان ( Y ) .

**ژینگەی گونجاو بۆ چاندنی:** ترێیەکی بەراو و دێمەکارە، لە دۆڵ و بنارەکانی ناوچە شاخاوییەکان و گردۆلکە و دەشتەکانی دەوروبەری هەولێردا دەچێنرێت .

**سەوزە کۆمەڵەکەی (المجموع الخضري):** شێوەی گەڵاکەی پێنج پەڕە (خمسة فصوص) قلێشانی نێوان پەڕە نوێیە گەڵاکان قووڵە، لێواری گەڵای ددانەداری تیژە، لایەکیان گووڕە، ڕەنگی رووی دەرەوەی گەڵای سەوزێکی تاریکە، رووی ژێرەوەی سەوزێکی کاڵە، لاسکۆکەی گەڵای سوورێکی پەمەییە، دەمارەکانی دەرکەوتوون، ڕەنگی بنکەکەشیان سوورە، ئەم ڕەنگە بەلای تیغەکانی گەڵاکەوە کشاوەتەوە، ڕەنگی تووله مێووەکانی ئاماڵ سوورێکی پەمەییە، تەرزەکەی سەوزە، بنکەکەشی ئاماڵ سوورە، گەیەکانی (ماوەی نێوان گرێ یەکان) هاورێك ونیمچە یەکسانن .

# طحلك (TAHLAK)





تەرزە ترێی طحلك ﴿كێڵگەی ترێی بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوەی كشتوكاڵی هەولێر /عنكاوە﴾

**سیفاتی بەرهەمەكەی:** درەنگ پێدەگات (لە كۆتایی مانگی تەمووزدا) قەبارەی هۆشییەكەی مام ناوەندیە. كێشەكەی ٣٢٥ گرامە، شێوەكەی قوچەكییەكی بە شانە، رەنگی ترێی پێگەیشتوو رەشێكی تاریكە، شێوەی دەنكەكانی گۆیین بەرێك و پێكی كەم لە پاڵ یەكترن، یەك دەنك (٢ ـ ٣)دانە تۆوی تێدایە ، كرۆكەكەی گۆشتنە، ئاوگدارە رەنگی ئاوگەكەی پەمەیی كاڵە، تام و چێژی تفتە، توێكلەكەی ئەستوورە، بە چینێكشەمێی تەنك داپۆشراوە، جۆری گوڵەكانی نێرەمووكن، زۆر بە بەرهەمە، هێشووەكەی لە گرێی سێ یەم و چوارەمەوە دەدات.

**بەكارهێنانی:** ترێیەكی سەرخوانە بۆ خواردنی ڕۆژانە بەكاردێت، ئاوگدارە بۆ دروست كردنی (شەربەت ــ دۆشاو ـ خەڵ هتد .... ).

**شێوەی كەزاختن و پەروەردەكردنی:** لە كاتی كەزاختندا درێژی ئەو لكانەی كە بۆ بەرگرتن جێ دەهێلرێت لە نێوان (٤ـ ٦)چاوە دایە وێرای قەدی كورت (٢ـ٣) چاوە بۆ مەبەستی گۆرینی لقە بە بەرهەمەكان بۆ ساڵی داهاتوو، شێوازی پەروەردەكردنی گونجاو بۆ ئەم ترێیە كردۆنە لەسەر تەل، بەشێوەی پیتی ( T ) یان كۆڵك .

**ژینگەی گونجاو بۆ چاندنی:** ترێیەكی دێمەكارە لە دۆڵ و بنارەكانی ناوچە شاخاوییەكان و گردۆلكەكان.

**سەوزە كۆمەڵەكەی (المجموع الخضري):** شێوەی گەڵاكەی پێنج پەڕە (خمسة فصوص) قلیشانی نێوان پەڕە نوێیە گەڵاكان قووڵە، لێواری گەڵای ددانەداری تیژە، لایەكانی كووڕە، ڕەنگی رووی دەرەوەی گەڵای سەوزێكی تاریكە، رووی ژێرەوەی سەوزێكی كاڵە، لاسكۆكەی گەڵای ئاماڵ سوورە، دەمارەكانی دەركەوتوون، رەنگی بنكەكەشیان سوورە، رەنگی تووله مێووەكانی ئاماڵ سوورە، رەنگی تەرزەكەی سەوزە و بنكەكەشی ئاماڵ سوورە، گەیەكانی (ماوەی نێوان گرێ یەكان) هاورێك نین، هەرچەند بەلای لوتكەكەی نزیك ببینەوە كورت دەبنەوە كەچی لای بنكەكەی درێژ دەبنەوە .

## ریش بابا ( RISHBABA )





تەرزە تریی ریش بابا (کێڵگەی تریی بەڕێوەبەرایەتی تۆژینەوەی کشتوکاڵی هەولێر /عنکاوە)

**سیفاتی بەرهەمەکەی:** درەنگ پێدەگات (لە سەرەتایی مانگی ئابدا) قەبارەی هۆشییەکەی مام ناوەندیە، کێشەکەی ٣٥٠گرامە، شێوەکەی قوچەکێکی شان دەرکەوتووە، درێژیەکەی دەگاتە نیوەی تەوەری هۆشییەکەی، رەنگی تریی پێگەیشتوو زەردە کە تەواو پێ گەیشت رەنگەکەی زەرد تر دەبێت، شێوەی دەنکەکانی هێلکەیی درێژن، بەرێکی کەم لە پاڵ یەکترن، یەك دەنك (٢ ـ ٣) دانە تۆوی تێدایە، کرۆکەکەی گۆشتنە، رەنگی ناوگەکەی زەردە، تام و چێژی خۆشە، توێکلەکەی تەنکە بە چینێکی شەمێی مام ناوەدی داپۆشراوە، جۆری گوڵەکانی نێرەمووکن، هۆشییەکەی لە گرێی چوارەم و پێنجەمەوە دەدات.

**بەکارهێنانی :** ترێیەکی سەرخوانە بۆ خواردنی ڕۆژانە بەکاردێت، خەسڵەتێکی بازرگانی هەیە و لە بازارکردندا خۆفرۆشە.

**شێوەی کەزاختن و پەروەردەکردنی:** لە کاتی کەزاختندا درێژی ئەو لکانەی کە بۆ بەرگرتن حێ دەهێلرێت لە نێوان( ٦- ٨)چاوە دایە وێرای قەدی کورت (٢ـ٣) چاوە بۆ مەبەستی گۆرینی لقە بە بەرهەمەکان بۆ ساڵی داهاتوو، شێوازی پەروەردەکردنی گونجاو بۆ ئەم ترێیە کردۆنە لەسەر تەل بەشێوەی پیتی (T) یان (Y).

**ژینگەی گونجاو بۆ چاندنی :** ترێیەکی بەراوە، لە دۆڵ و بنارەکانی ناوچە شاخاوییەکان و گردۆلکە و دەشتەکانی دەوروبەری هەولێردا دەچێنرێت .

**سەوزە کۆمەڵەکەی (المجموع الخضري):** شێوەی گەڵاکەی پێنج پەرە (خمسة فصوص) قڵیشانی نێوان پەرەکانی قووڵە، لێواری گەڵای ددانەداری تیژە، لایەکیان کوورە، رەنگی رووی دەرەوەی گەڵای سەوزێکی تاریکە، رووی ژێرەوەی سەوزە،لاسکۆکەی گەڵای ئامال سوورە، دەمارەکانی دەرکەوتوون، رەنگی بنکەکەشیان ئامال سوورە، ئەم رەنگە بەلای تیغەکانی کشاوەتەوە، رەنگی تووله مێووەکانی و تەرزەکەی سەوزە، گەیەکانی (ماوەی نێوان گرێ یەکان ) هاورێك نین .

# ( MULLA HASAN ) مــــلا حسن





تەرزە ترێی ملا حسن ﴿كێلگەی ترێی بەڕێوەبەرایەتی توژینەوەی کشتوکالی هەولێر /عنکاوە ﴾

**سیفاتی بەرهەمەکەی:** درەنگ پێدەگات ( لە کۆتایی مانگی ئابدا) قەبارەی هۆشییەکەی مام ناوەندیە، کێشەکەی ٤٢٠ گرامە، شێوەکەی قوچەکێکی بە تلمیسکی درێژە، درێژیەکەیان دەگاتە نیوەی تەوەری هۆشییەکەی، رەنگی ترێی پێگەیشتوو سورێکی تاریکە کەتەواو پێ گەیشت رەنگەکەی تاریك تر دەبێت. شێوەی دەنکەکانی هێلکەیین درێژن بەرێکی زۆر کەم لە پالّ یەکترن، یەك دەنك (٣ ــ ٤ ) دانە تۆوی گەورەی تێدایە، کرۆکەکەی گۆشتنە، رەنگی ناوگەکەی پەمەیی کالّە، تام و چێژی خۆشە، نەختێك ترشە، توێکلەکەی ئەستوورە بە چینێکشەمێی چڕ داپۆشراوە، جۆری گولەکانی نێرەمووکن، زۆر بە بەرهەمە، هۆشییەکەی لە گرێی چوارەم و پێنجەمەوە دەدات.

**بەکارهێنانی :** ترێیەکی سەرخوانە بۆ خواردنی ڕۆژانە بەکاردێت، لە بازاڕکردندا خۆفرۆشە.

**شێوەی کەزاختن و پەروەردەکردنی:** لە کاتی کەزاختندا درێژی ئەو لکانەی کە بۆ بەرگرتن جێ دەهێلرێت لە نێوان( ٤ ٦)چاوە دایە وێرای قەدی کورت (٢ــ٣) چاوە بۆ مەبەستی گۆرینی لقە بە بەرهەمەکان بۆ سالّی داهاتوو، شێوازی پەروەردەکردنی گونجاو بۆ ئەم ترێیە کردۆنە لەسەر تەل بەشێوەی پیتی (T ) یان کۆلك .

**ژینگەی گونجاو بۆ چاندنی:** ترێیەکی دێمەکارە لە دۆلّ و بنارەکانی ناوچە شاخاوییەکان و گردۆلکەکان.

**سەوزە کۆمەلەکەی ( المجموع الخضري ):** شێوەی گەلاکەی پێنج پەڕە (خمسة فصوص ) قلّیشانی نێوان پەڕەکانی زۆر قوولّە.لێواری گەلاّی ددانەداری تیژە، لایەکیان کووڕە ، قلّیشانی نێوان ددانەکانی قوولّە، ڕەنگی ڕووی دەرەوەی گەلاّی سەوزێکی تاریکە، ڕووی ژێرەوەی سەوزە، لاسکۆکەی گەلاّی ئامالّ سوورە، دەمارەکانی دەرکەوتوون، رەنگی بنکەکەشیان ئامالّ سوورە ئەم رەنگە بە درێژیەکی کەم بەلای تیغەکانی کشاوەتەوە ، رەنگی توولە مێووەکانی ئامالّ سوورە، تەرزەکەی سەوزە و بنکەکەشی ئامالّ سوورە، گەیەکانی (ماوەی نێوان گرێ یەکان) هاورێك و نیمچە یەکسانن

# پائـــــیزی (PAIZEE)





تەرزە ترێی پائیزی «کێڵگەی ترێی بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوەی کشتوکاڵی هەولێر /عنکاوە»

**سیفاتی بەرهەمەکەی:** درەنگ پێدەگات (لە کۆتایی مانگی ئەیلوولدا) قەبارەی هۆشییەکەی مام ناوەندیە.کێشەکەی ٤٥٠ گرامە، شێوەکەی قوچەکییەکی کورتە و شێوەی لولەیشی هەیە و، رەنگی ترێی پێگەیشتوو زەردێکی نامال سەوزە، شێوەی دەنکەکانی گۆیین، بە شێوە و قەبارە مام ناوەندین، یەك دەنك (٢ـ ٣)دانە تۆوی تێدایە، کرۆکەکەی گۆشتنە.شلە تام وچێژی خۆشە نەختێك ترشە، توێکڵەکەی تەنکە و بە چینێك شەمێی تەنك داپۆشراوە، گوڵەکانی نێرەمووکن، هۆشییەکەی لە گرێی سێ یەم و پێنجەمەوە دەدات.

**بەکارهێنانی:** ترێیەکی سەرخوانە بۆ خواردنی ڕۆژانە بەکاردێت .

**شێوەی کەزاختن و پەروەردەکردنی:** لە کاتی کەزاختندا درێژی ئەو لکانەی کە بۆ بەرگرتن جێ دەهێلرێت لە نێوان( ٦ ـ ٨)چاوە دایە وێرای قەدی کورت ( ٢ـ٣) چاوە بۆ مەبەستی گۆرینی لقە بە بەرهەمەکان بۆ ساڵی داهاتوو، شێوازی پەروەردەکردنی گونجاو بۆ ئەم ترێیە کردۆنە لەسەر تەل بەشێوەی پیت(T).

**ژینگەی گونجاو بۆ چاندنی** : ترێیەکی بەراوە، لە دۆڵ و بنارەکانی ناوچە شاخاوییەکان و گردۆلکە و دەشتەکانی دەوروبەری هەولێردا دەچێنرێت .

**سەوزە کۆمەڵەکەی ( المجموع الخضري ):** شێوەی گەڵاکەی پێنج پەڕە (خمسة فصوص ) قڵیشانی نێوان پەڕەکانی نیمچە قووڵە، لێواری گەڵا ددانەداری تیژە، لایەکیان کووڕە ڕەنگی رووی دەرەوەی سەوزێکی تاریکە، رووی ژێرەوەی سەوزێکی کاڵە، لاسکۆکەی گەڵای سەوزە و نەختێك ئامال سوورە، دەمارەکانی گەڵای دەرکەوتوون، بنکەکەشیان ئامال سوورە، رەنگی توولە مێووەکانی سەوزە، رەنگی تەرزەکەی و بنکەکەشی سەوزە، گەیەکانی (ماوەی نێوان گرێیەکانی) هاورێك نین .

# چاوەسپی (CHAW. SPEE)





تەرزە تریێی چاوەسپی ﴿کێڵگەی تریێی بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوەی کشتوکاڵی هەولێر /عنکاوە﴾

**سیفاتی بەرهەمەکەی:** درەنگ پێدەگات (لە کۆتایی مانگی ئەیلوولدا) قەبارەی هۆشییەکەی مام ناوەندیە، کێشەکەی ٢٤٠ گرامە، شێوەکەی قوچەکییەکی کورتە زۆر بە تلمیسکە. ڕەنگی تریێی پێگەیشتوو ڕەشێکی تاریکە، شێوەی دەنکەکانی گۆیین، بە شێوە و قەبارە مام ناوەندین. لەناو هۆشییەکەیان هەڵوەشاوەن، یەك دەنك (٢ـ ٤ )دانە تۆوی تێدایە، کرۆکەکەی گۆشتنەئاوگدارە تام وچێژی خۆشە نەختێك ترشە، ڕەنگی ئاوگەکەی پەمەییە، توێکڵەکەی ئەستوردەبە چینێك شەمێی چڕ داپۆشراوە، گوڵەکانی نێرەمووکن، زۆر بە بەرهەمە، هۆشییەکەی لە گرێی جواردم و پێنجەمەوە دەدات.

**بەکارهێنانی:** تریێیەکی سەرخوانە بۆ خواردنی ڕۆژانە بەکاردێت. ئاوگدارە بۆ دروست کردنی (شەربەت ـــ دۆشاو ـ خەڵ هتد .... ) خەسڵەتێکی بازرگانی هەیە .

**شێوەی کەزاختن و پەروەردەکردنی:** لە کاتی کەزاختندا درێژی ئەو لکانەی کە بۆ بەرگرتن جێ دەهێڵرێت لە نێوان ( ٤ ـ ٦)چاوە دایە وێرای قەدی کورت (٢ـ٣) چاوە بۆ مەبەستی گۆڕینی لقە بە بەرهەمەکان بۆ ساڵی داهاتوو، شێوازی پەروەردەکردنی گونجاو بۆ ئەم تریێیە کردنۆنە لەسەر تەل، بەشێوەی پیت(T ) یان کۆڵك .

**ژینگەی گونجاو بۆ چاندنی:** تریێیەکی دێمەکارە، لە دۆڵ و بنارەکانی ناوچە شاخاوییەکان و گردۆلکەکان

**سەوزە کۆمەڵەکەی (المجموع الخضري):** شێوەی گەڵاکەی پێنج پەڕە (خمسة فصوص ) قلێشانی نێوان پەڕەکانی نەختێك قووڵە، لێواری گەڵای ددانەداری تیژە، لایەکانی کووڕن . ڕەنگی رووی دەرەوەی سەوزێکی تاریکە، رووی ژێرەوەی سەوزێکی کاڵە ،لاسکۆکەی گەڵای سەوزە و ئاماڵ سوورە. دەمارەکانی گەڵای دەرکەوتوون، بنکەکەشیان سوورە، ڕەنگی تووڵە مێووەکانی سوورێکی شەرابیە. ڕەنگی تەرزەکەی سەوزە و بنکەکەشی ئاماڵ سوورە، گەیەکانی (ماوەی نێوان گرێیەکانی) هاورێك نین .

# ( FLAME. TOKAY ) فليم توكى





تەرزە تریێی فلیم توکی «کێڵگەی تریێی بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوەی کشتوکالی هەولێر /عنکاوە»

**سیفاتی بەرهەمەکەی:** درەنگ پێدەگات (لە کۆتایی مانگی ئابدا) قەبارەی هۆشییەکەی گەورەیە، کێشەکەی ٧٤٠ گرامە، شێوەکەی قوچەکییەکی شان کورتە، رەنگی تریێی پێگەیشتوو سوورێکی کاڵە، شێوەی دەنکەکانی هێلکەیین، بە شێوە و قەبارە مام ناوەندین و یەکگرن، یەك دەنك (٣)دانە تۆوی تێدایە، کرۆکەکەی گۆشتنە، تام وچێژی خۆشە، رەنگی ناوگەکەی زەردێکی کاڵە، توێکڵەکەی ئەستوورە، بە چینێك شەمێی چڕ داپۆشراوە، گوڵەکانی نێرەمووکن، هۆشییەکەی لە گرێی چواردەم و پێنجەمەوە دەدات.

**بەکارهێنانی:** تریێی سەرخوانە بۆ خواردنی ڕۆژانە بەکاردێت .

**شێوەی کەزاختن و پەروەردەکردنی:** لە کاتی کەزاختندا درێژی ئەو لکانەی کە بۆ بەرگرتن جێ دەهێلرێت لە نێوان( ٤ ـ ٦)چاوە دایە وێرای قەدی کورت (٢ـ٣) چاوە بۆ مەبەستی گۆرینی لقە بە بەرهەمەکان بۆ ساڵی داهاتوو، شێوازی پەروەردەکردنی گونجاو بۆ ئەم تریێیە کردۆنە لەسەر تەل، بەشێوەی پیت(T ) ومیان کۆلك .

**ژینگەی گونجاو بۆ چاندنی:** تریێیەکی دێمەکارە، لە دۆڵ و بنارەکانی ناوچە شاخاوییەکان و گردۆلکەکان

**سەوزە کۆمەڵەکەی (المجموع الخضري):** شێوەی گەڵاکەی حەوت پەڕە (سبعة فصوص) قلێشانی نێوان پەڕەکانی ئەختێك قووڵە، لێواری گەڵای ددانەداری تیژە، لایەکیان کووڕە، ڕەنگی رووی دەرەوەی گەڵای سەوزێکی تاریکە، رووی ژێرەوەی سەوزە،لاسکۆکەی گەڵای ئامالْ سوورە، دەمارەکانی گەڵای دەرکەوتوون، بنکەکەشیان ئامالْ سوورە، رەنگی تووله مێووەکانی سوورێکی شەرابیە، رەنگی تەرزەکەی سەوزە و بنکەکەشی ئامالْ سوورە، گەیەکانی ( ماوەی نێوان گرێیەکانی ) هاورێك نین .

# بـلاك مونكا ( BLACK. MONUKKA )





تەرزە تریی بلاك مونكا ﴿كێڵگەی تریی بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوەی کشتوكاڵی هەولێر /عنكاوە﴾

**سیفاتی بەرهەمەکەی:** تەرزێکی بێدەنکە زوو پێدەگات (لە سەرەتایی مانگی تەمووزدا) قەبارەی هۆشییەکەی مام ناوەندیە و کێشەکەی ٢٨٠ گرامە، شێوەکەی قوچەکییەکی درێژە، رەنگی تریێ پێگەیشتوو سوورێکی تاریکە کە تەواو پێدەگات تاریك تر دەبێت، شێوەی دەنکەکانی هێلکەیین و درێژن، بە شێوە و قەبارە بچووکن و لەناو هۆشییەکەیان هەڵوەشاوەن و یەکگرنین، کرۆکەکەی گۆشتنە، تام و چێژی خۆشە، رەنگی ناوگەکەی سپییە، توێکڵەکەی تەنکە، بە چینێك شەمێی تەنك داپۆشراوە، گوڵەکانی نێرەمووکن، هۆشییەکەی لە گرێی چوارەم و پێنجەمەوە دەدات.

**بەکارهێنانی:** تریێ سەرخوانە بۆ خواردنی ڕۆژانە بەکاردێت .

**شێوەی کەزاختن و پەروەردەکردنی:** لە کاتی کەزاختندا درێژی ئەو لکانەی کە بۆ بەرگرتن جێ دەهێلرێت لە نێوان(٤ ـ ٦) چاوە دایە وێرای قەدی کورت ( ٢ـ٣) چاوە بۆ مەبەستی گۆرینی لقە بە بەرهەمەکان بۆ ساڵی داهاتوو، شێوازی پەروەردەکردنی گونجاو بۆ ئەم تریێیە گردۆنە لەسەر تەل، بەشێوەی پیت(T)، یان (Y ).

**ژینگەی گونجاو بۆ چاندنی** : تریێیەکی بەراوە، لە دۆڵ و بنارەکانی ناوچە شاخاوییەکان و گردۆلکە و دەشتەکانی دەوروبەری هەولێردا دەچێنرێت .

**سەوزە کۆمەڵەکەی (المجموع الخضري):** شێوەی گەڵاکەی پێنج پەڕە (خمسة فصوص) قڵیشانی نێوان پەڕەکانی نەختێك قووڵە، لێواری گەڵای ددانەداری تیژە، لایەکیان کووڕە، گەورەن و بە گەندەموو داپۆشراون، گەشە لوتکەکەی درەوشاوەیە، رەنگەکەی سەوزێکی زەردێکی مەیلە و قاوەییە، بەتایبەتی گەڵای چوارەم و پێنجەم، لاسکۆکەی گەڵای ئاماڵ سوورە، دەمارەکانی گەڵای دەرکەوتوون، بنکەکەشیان ئاماڵ سوورە، رەنگی توولە مێووەکانی سەوزێکی کاڵە، رەنگی تەرزەکەی و بنکەکەشی سەوزە، گەیەکانی (ماوەی نێوان گرێیەکانی) هاورێك و نیمچە یەکسانن .

## سلطاني البصره ( SLTANI-AL.BASRAH )





تەرزە ترێی سلطاني البصرە «کێڵگەی ترێی بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوەی کشتوکاڵی هەولێر /عنکاوە»

**سیفاتی بەرهەمەکەی:** کاتی پێ گەیشتنی مام ناوەندیە (لە کۆتایی مانگی تەمووزدا) قەبارەی هۆشییەکەی گەورەیە، کێشەکەی ٧٠٠ گرامە، شێوەکەی لولەییە، رەنگی ترێی پێگەیشتوو سپیە یان زەردێکی کاڵە، شێوەی دەنکەکانی هێلکەییە، لەناو هۆشییەکەی یەکگرە، بە شێوە و قەبارە مام ناوەندین، یەك دەنك (٢ــ ٤)دانە تۆوی تێدایە، کرۆکەکەی گۆشتنە، تام وچێژی خۆشە رەنگی ناوگەکەی قاوەیی کاڵە، توێکڵەکەی تەنکە، بە چینێك شەمێی تەنك داپۆشراوە، گوڵەکانی نێرەمووکن، زۆر بە بەرهەمە، هۆشییەکەی لە گرێی چوارەم و پێنجەمەوە دەدات.

**بەکارهێنانی:** ترێیەکی سەرخوانە بۆ خواردنی ڕۆژانە بەکاردێت وە ناشێت بۆ گواستنەوە.

**شێوەی کەزاختن و پەروەردەکردنی:** لە کاتی کەزاختندا درێژی ئەو لکانەی کە بۆ بەرگرتن جێ دەهێڵرێت لە نێوان( ٦ ــ ٨)چاوە دایە وێرای قەدی کورت (٢ــ٣) چاوە بۆ مەبەستی گۆرینی لقە بە بەرهەمەکان بۆ ساڵی داهاتوو، شێوازی پەروەردەکردنی گونجاو بۆ ئەم ترێیە کردۆنە لەسەر تەل، بەشێوەی پیتی(T).

**ژینگەی گونجاو بۆ چاندنی** : ترێیەکی بەراوە، لە دۆڵ و بنارەکانی ناوچە شاخاوییەکان و گردۆلکە و دەشتەکانی دەوروبەری هەولێردا دەچێنرێت.

**سەوزە کۆمەڵەکەی (المجموع الخضري):** شێوەی گەڵاکەی پێنج پەڕە (خمسة فصوص ) قڵێشانی نێوان پەڕەکانی زۆر قووڵە، لێواری گەڵای ددانەداری تیژە، لایەکیان کووڕە ، ڕەنگی رووی دەرەوە و رووی ژێرەوەی سەوزێکی کاڵە لاسکۆکەی گەڵاکەی ئاماڵ سوورە، دەمارەکانی گەڵای دەرکەوتوون، بنکەکەشیان ئاماڵ سوورە ئەم رەنگە بەلای تیغەکانی گەڵاکەوە کشاوەتەوە، رەنگی توولە مێووەکانی سوورێکی تاریکە، رەنگی تەرزەکەی سەوزە و بنکەکەشی سوورێکی تاریکە، گەیەکانی (ماوەی نێوان گرێیەکانی) هاورێك و نیمچە یەکسانن.

# چـــاف گا (CHAV.GA)




تەرزە ترێی چاف گا ( کێلگەی ترێی بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوەی کشتوکاڵی هەولێر/عنکاوە)

**سیفاتی بەرهەمەکەی:** درەنگ پێدەگات (لە سەرەتایی مانگی ئابدا) قەبارەی هۆشییەکەی گەورەیە، کێشەکەی ٥٥٠ گرامە، شێوەکەی لولەییە، رەنگی ترێی پێگەیشتوو رەشێکی تاریکە، شێوەی دەنکەکانی گۆیین لە شێوە و قەبارە گەورەن، لەناو هۆشییەکەیان بەڕێك و پێکی لە پاڵ یەکترن. لە یەك دەنك (٢ـ ٣)دانە تۆوی تێدایە، کرۆکەکەی گۆشتنە، ئاوگداره تام وچێژی خۆشە، نەختێك تفتە، رەنگی ئاوگەکەی پەمەیی کاڵە، توێکڵەکەی ئەستوورە، بە چینێك شەمێی چڕ داپۆشراوە، جۆری گوڵەکانی مێ ییە، پێویستی بە تەرزی پیتێنەر (ملقح) هەیە لەگەڵی بچێنرێت هێشووەکەی لە گرێی پێنجەم و شەشەمەوە دەدات .

**بەکارهێنانی:** ترێیەکی سەرخوانە بۆ خواردنی ڕۆژانە بەکاردێت، ئاوگداره بۆ دروست کردنی (شەربەت ــ دۆشاو ــ خەڵ هتد ....) خەسڵەتێکی بازرگانی هەیە، لە بازاڕکردندا خۆفرۆشە.

**شێوەی کەزاختن و پەروەردەکردنی:** لە کاتی کەزاختندا درێژی ئەو لکانەی کە بۆ بەرگرتن جێ دەهێلرێت، لە نێوان (٤ ــ ٦)چاوە دایە وێرای قەدی کورت (٢ــ٣) چاوە بۆ مەبەستی گۆڕینی لقە بە بەرهەمەکان بۆ ساڵی داهاتوو، شێوازی پەروەردەکردنی گونجاو بۆ ئەم ترێیە کۆردۆنە لەسەر تەل بەشێوەی پیتی ( T ) یان کۆڵك .

**ژینگەی گونجاو بۆ چاندنی:** ترێیەکی دێمەکارە، لە دۆڵ و بنارەکانی ناوچە شاخاوییەکان و گردۆلکەکان

**سەوزە کۆمەڵەکەی (المجموع الخضري):** شێوەی گەڵاکەی پێنج پەڕە (خمسة فصوص) قڵیشانی نێوان پەڕەکانی زۆر قووڵە، لێواری گەڵای ددانەداری تیژە،لایەکانیان کووڕە، ڕەنگی رووی دەرەوەی گەڵای سەوزێکی تاریکە، رووی ژێرەوەی سەوزێکی کاڵە، لاسکۆکەی گەڵای سەوزە نەختێك مەیلە و سوورە، دەمارەکانی گەڵای دەرکەوتوون، رەنگیان سەوزە، رەنگی تووله مێووەکانی نەختێك سوورە، رەنگی تەرزەکەی سەوزە و بنکەکەشی ئاماڵ سوورە، گەیەکانی (ماوەی نێوان گرییەکانی) هاوڕێك نین.

# ( FLAME. SEEDLE ) فليم سيدلس





تەرزە تریی فلیم سیدلس (کێڵگەی تریی بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوەی کشتوکاڵی هەولێر /عنکاوە)

**سیفاتی بەرهەمەکەی:** تەرزەکی بێـــدەنکە کاتی پێ گەیشتنی مام ناوەندیە (لە سەرەتایی مانگی تەمووزدا) قەبارەی هۆشییەکەی مام ناوەندیە، کێشەکەی ٤٠٠ گرامە، شێوەکەی قوچەکێکی شان کورتە، رەنگی تریی پێگەیشتوو سوورێکی قرمزییە، شێوەی دەنکەکانی گۆیین، بە شێوە و قەبارە بچووکن، کرۆکەکەی گۆشتنە، ئاوگدارە تام وچێژی خۆشە، توێکڵەکەی تەنکە، بە چینێك شەمێی مام ناوەندی داپۆشراوە، گوڵەکانی نێرەمووکن، زۆر بە بەرهەمە، هۆشییەکەی لە گرێی سێ یەم و چوارەمەوە دەدات.

**بەکارهێنانی:** ترێیەکی سەرخوانە بۆ خواردنی رۆژانە بەکاردێت، ئاوگدارە بۆ دروست کردنی (شەربەت ــ دۆشاو ــ خەڵ هتد ....)، وشك دەکرێت بۆ دروست کردنی مێووژ و کشمش. خەسلەتی بازرگانی زۆرباشە و لە بازار کردندا خۆفرۆشە.

**شێوەی کەزاختن و پەروەردەکردنی:** لە کاتی کەزاختندا درێژی ئەو لکانەی کە بۆ بەرگرتن جێ دەهێڵرێت لە نێوان (٣ ٥)چاوە دایە وێرای قەدی کورت (٢ــ٣) چاوە بۆ مەبەستی گۆرینی لقە بە بەرهەمەکان بۆ ساڵی داهاتوو، شێوازی پەروەردەکردنی گونجاو بۆ ئەم ترێیە کۆردۆنە لەسەر تەل، بەشێوەی پیتی ( T )، یان ( Y )، یان کۆڵك.

**ژینگەی گونجاو بۆ چاندنی** : ترێیەکی بەراوە، لە دۆڵ و بنارەکانی ناوچە شاخاوییەکان و گردۆلکە و دەشتەکانی دەوروبەری هەولێردا دەچێنرێت .

**سەوزە کۆمەڵەکەی (المجموع الخضري):** شێوەی گەڵاکەی پێنج پەرە (خمسة فصوص ) قڵیشانی نێوان پەرەکانی قووڵە، لێواری گەڵای ددانەداری تیژە، لایەکیان کوورە، رەنگی رووی دەرەوەی گەڵای سەوزێکی تاریکە رووی ژێرەوەی سەوزێکی کاڵە.لاسکۆکەی گەڵای سەوزە، نەختێك ئاماڵ سوورە، دەمارەکانی گەڵای دەرکەوتوون، بنکەکەشیان ئاماڵ سوورە، ئەم رەنگە بە لای تیغەکانی گەڵاکەوە کشاوەتەوە، رەنگی تووڵە مێووەکانی سەوزە، رەنگی تەرزەکەی سەوزە و بنکەکەشی سوورە، گەیەکانی (ماوەی نێوان گرێیەکانی) هاوڕێك نین .

# (KHATUNOK) خاتـــونـــۆك

تەرزە تریێی خاتونوك ﴿كێلگەی تریێی بەڕێوەبەرایەتی تۆژینەوەی كشتوكاڵی هەولێر /عنكاوە﴾

**سیفاتی بەرهەمەكەی:** تەرزەكی بێـــدەنكە كاتی گەیشتنی مام ناوەندیە (لە سەرەتایی مانگی تەووزدا) قەبارەی هۆشییەكەی مام ناوەندیە، كێشەكەی ٥٥٠ گرامە، شێوەكەی قوچەكێكی شان درێژە و بە تلمیسكە، رەنگی تریێی پێگەیشتوو سپیەكی ئامالْ سەوزە، شێوەی دەنكەكانی هێلكەیین، بە شێوە و قەبارە بچووكن، لەناو هۆشییەكەیاندا پەرت و بلاْون، كرۆكەكەی گۆشتنە، ئاوگدارە تام وچێژی خۆشە، توێكلْەكەی تەنكە و بە چینێك شەمێی تەنك داپۆشراوە، گولْەكانی نێرەمووكن، زۆر بە بەرهەمە، هۆشییەكەی لە گرێی چوارەم و پێنجەمەوە دەدات ٠

**بەكارهێنانی:** ترێیەكی سەرخوانە بۆ خواردنی ڕۆژانە بەكاردێت، ئاوگدارە بۆ دروست كردنی (شەربەت ــ دۆشاو ــ خەلْ هتد ٠٠٠٠ )، وشك دەكرێت بۆ دروست كردنی مێووژ، خەسلەتی بازرگانی زۆرباشە و لە بازاڕ كردندا خۆفرۆشە٠

**شێوەی كەزاختن و پەروەردەكردنی:** لە كاتی كەزاختندا درێژی ئەو لكانەی كە بۆ بەرگرتن جێ دەهێلرێت، لە نێوان( ٤ - ٦)چاوە دایە وێرای قەدی كورت (٢ــ٣) چاوە بۆ مەبەستی گۆرینی لقە بە بەرهەمەكان بۆ سالْی داهاتوو، شێوازی پەروەردەكردنی گونجاو بۆ ئەم ترێیە كۆردۆنە لەسەر تەل، بەشێوەی پیتی ( T )، یان ( Y ) یان كۆلْك٠

**ژینگەی گونجاو بۆ چاندنی:** ترێیەكی بەراوە و دێمەكارە، لە دۆلْ و بنارەكانی ناوچە شاخاوییەكان و گردۆلكە و دەشتەكانی دەوروبەری هەولێردا دەچێنرێت ٠

**سەوزە كۆمەلْەكەی (المجموع الخضري):** شێوەی گەلاْكەی پێنج پەڕە (خمسة فصوص) قلْیشانی نێوان پەڕەكانی قوولْە، لێواری گەلاْ ددانەداری تیژنین، لایەكانی كوورن، ڕەنگی رووی دەرەوەی گەلاْی سەوزێكی تاریكە، رووی ژێرەوەی سەوزێكی كالْە . لاسكۆكەی گەلاْی سەوزە و نەختێك ئامالْ سوورە، دەمارەكانی گەلاْی دەركەوتوون، بنكەكەشیان ئامالْ سوورە، رەنگی توولە مێووەكانی نەختێك سوورە، بە تایبەتی لە گرێیەكانی، رەنگی تەرزەكەی سەوزە، بنكەكەشی ئامالْ سوورە، گەیەكانی (ماوەی نێوان گرییەكانی) هاورێك و نیمچەیەكسانن ٠

# عســـكرى (ايرانى) ( ASSKARY)





تەرزە تریێی عسکری ((كێلگەی تریێی بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوەی کشتوکاڵی هەولێر /عنکاوە))

**سیفاتی بەرهەمەکەی:** کاتی گەیشتنی مام ناوەندیە (لە سەرەتایی مانگی تەموزدا) قەبارەی هۆشییەکەی مام ناوەندیە و کێشەکەی ٢٨٠گرامە، شێوەکەی قوچەکێکی شان درێژە و بە تلمیسکە یان لولەییە، رەنگی تریێی پێگەیشتوو سپیەکی ئامالّ سەوزە، شێوەی دەنکەکانی هێلکەیین، بە شێوە و قەبارە بچووکن، لەناو هۆشییەکەیاندا پەرت و بلاّون، یەك دەنك (١) دانە تۆوی بەتالّ تێدایە، کرۆکەکەی گۆشتنە، ئاوگدارە تام وچێژی خۆشە، رەنگی ئاوگەکەی بێ رەنگە، توێکلّەکەی تەنکە و بەچینێك شەمێی تەنك داپۆشراوە، گوڵەکانی نێرەمووکن، زۆر بە بەرهەمە،هۆشییەکەی لە گرێی چوارەم و پێنجەمەوە دەدات ٠

**بەکارهێنانی:** تریێیەکی سەرخوانە بۆ خواردنی رۆژانە بەکاردێت، ئاوگدارە بۆ دروست کردنی (شەربەت ــ دۆشاو ــ خەڵ هتد ٠٠٠٠ )، وشك دەکرێت بۆ دروست کردنی مێووژ، خەسلەتی بازرگانی زۆرباشە و لە بازاڕ کردندا خۆفرۆشە ٠

**شێوەی کەزاختن و پەروەردەکردنی:** لە کاتی کەزاختنندا درێژی ئەو لکانەی کە بۆ بەرگرتن جێ دەهێلرێت لە نێوان( ٦ - ٨)چاوە دایە وێرای قەدی کورت ( ٢ــ٣) چاوە بۆ مەبەستی گۆڕینی لقە بە بەرهەمەکان بۆ ساڵی داهاتوو، شێوازی پەروەردەکردنی گونجاو بۆ ئەم تریێیە کۆردۆنە لەسەر تەل، بەشێوەی پیتی ( T) یان ( Y ) ٠

**ژینگەی گونجاو بۆ چاندنی:** تریێیەکی بەراو و دێمەکارە، لە دۆڵ و بنارەکانی ناوچە شاخاوییەکان و گردۆلکە و دەشتەکانی دەوروبەری هەولێردا دەچێنرێت ٠

**سەوزە کۆمەڵەکەی (المجموع الخضري):** شێوەی گەلاّکەی پێنج پەڕە (خمسة فصوص) قڵیشانی نێوان پەڕەکانی قووڵە، لێواری گەلاّی ددانەداری تیژە، لایەکانی کوورن، ڕەنگی رووی دەرەوەی گەلاّی سەوزێکی تاریکە، رووی ژێرەوەی سەوزێکی کاڵە، لاسکۆکەی گەلاّی سەوزە، نەختێك ئامالّ سوورە، دەمارەکانی گەلاّی دەرکەوتوون، ئامالّ سوورن، رەنگی توولە مێووەکانی سەوزە، رەنگی تەرزەکەی سەوزە، بنکەکانیان سوورە، گەیەکانی (ماوەی نێوان گرییەکانی) هاورێك و نیمچە یەکسانن ٠

# ( SULEIMANI. SPEE ) سلێمانی سپی





تەرزە ترێی سلیمانی سپی (کێڵگەی ترێی بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوەی کشتوکاڵی هەولێر /عنکاوە)

**سیفاتی بەرهەمەکەی:** کاتی پێ گەیشتنی مام ناوەندیە(لەسەرەتایی مانگی ئاب) قەبارەی هۆشییەکەی مام ناوەندیە، کێشەکەی ٤٠٠ گرامە، شێوەکەی قوچەکێکی شان بچووکە، رەنگی ترێی پێگەیشتوو سپیە یان زەردێکی کاڵە، شێوەی دەنکەکانی گۆیین، لەناو هۆشییەکەیاندا پەرت و بلاون، بە شێوە و قەبارە مام ناوەندین، یەك دەنك (٢ـ٣)دانە تۆوی تێدایە، کرۆکەکەی گۆشتنە، تام وچێژی خۆشە، رەنگی ناوگەکەی سپییەکی کاڵە، توێکڵەکەی ئەستوورە، بەچینێك شەمێی تەنك داپۆشراوە، گوڵەکانی نێرەمووکن، زۆر بە بەرهەمە، هۆشییەکەی لە گرێی سێ یەم و چوارەمەوە دەدات .

**بەکارهێنانی:** ترێیەکی سەرخوانە بۆ خواردنی رۆژانە بەکاردێت، لە بازاڕ گرێندا خۆفرۆشە.

**شێوەی کەزاختن و پەروەردەکردنی:** لە کاتی کەزاختندا درێژی ئەو لکانەی کە بۆ بەرگرتن جێ دەهێلرێت لە نێوان (٦ ــ ٨)چاوە دایە وێرای قەدی کورت (٢ـ٣) چاوە بۆ مەبەستی گۆڕینی لقە بە بەرهەمەکان بۆ ساڵی داهاتوو، شێوازی پەروەردەکردنی گونجاو بۆ ئەم ترێیە کۆردۆنە لەسەر تەل بە شێوەی پیتی ( T ) .

**ژینگەی گونجاو بۆ چاندنی** : ترێیەکی بەراو و دێمەکارە، لە دۆڵ و بنارەکانی ناوچە شاخاوییەکان و گردۆلکە و دەشتەکانی دەوروبەری هەولێردا دەچێنرێت .

**سەوزە کۆمەڵەکەی (المجموع الخضري):** شێوەی گەلاکەی پێنج پەرە (خمسة فصوص) قلیشانی نێوان پەرەکانی زۆر قووڵە، لێواری گەلای ددانەداری تیژە، لایەکیان کووڕە، رەنگی رووی دەرەوەی و رووی ژێرەوەی سەوزێکی کاڵە، لاسکۆکەی گەلای ئامال سوورە، دەمارەکانی گەلای دەرکەوتوون، بنکەکەشیان ئامال سوورە، ئەم رەنگە بە لای تیغەکانی گەلاکەوە کشاوەتەوە، رەنگی تووله مێووەکانی سەوزە، رەنگی تەرزەکەی و بنکەکەشی سەوزە، گەیەکانی (ماوەی نێوان گرییەکانی) هاوڕێك نین .

# حجـــازی سپـی ( HEJAZI.SPEE )





تەرزە تریی حجازی سپی ﴿کێڵگەی ترێی بەڕێوەبەرایەتی تۆژینەوەی کشتوکاڵی هەولێر /عنکاوە﴾

**سیفاتی بەرهەمەکەی:** درەنگ پێدەگات (لە کۆتایی مانگی تەمووزدا) قەبارەی هۆشییەکەی مام ناوەندیە و کێشەکەی ٣٠٠ گرامە.شێوەکەی قوچەکێکی شان کورتە، رەنگی ترێی پێگەیشتوو سپیەکی ئامالّ سەوزە، شێوەی دەنکەکانی گۆیین و لەناو هۆشییەکەی یەکگرە لە شێوە و قەبارە مام ناوەندین. یەك دەنك (٢ــ ٣)دانە تۆوی تێدایە، کرۆکەکەی گۆشتنە، تام وچێژی خۆشە رەنگی ناوگەکەی بێ رەنگە، توێکڵەکەی تەنکە، بە چینێك شەمێی تەنك داپۆشراوە، گوڵەکانی نێرەمووکن، زۆر بە بەرهەمە، هۆشییەکەی لە گرێی چوارەم و پێنجەمەوە دەدات •

**بەکارهێنانی:** ترێیەکی سەرخوانە بۆ خواردنی ڕۆژانە بەکاردێت، لە بازاڕ کردندا خۆفرۆشە •

**شێوەی کەزاختن و پەروەردەکردنی:** لە کاتی کەزاختندا درێژی ئەو لکانەی کە بۆ بەرگرتن جێ دەهێلرێت لە نێوان( ٦ ــ ٨)چاوە دایە وێرای قەدی کورت ( ٢ــ٣ ) چاوە بۆ مەبەستی گۆرینی لقە بە بەرهەمەکان بۆ ساڵی داهاتوو، شێوازی پەروەردەکردنی گونجاو بۆ ئەم ترێیە کۆردۆنە لەسەر تەل بەشێوەی پیتی ( T ) یان سابات •

**ژینگەی گونجاو بۆ چاندنی** : ترێیەکی بەراوە لە دۆڵ و بنارەکانی ناوچە شاخاوییەکان و گردۆلکە و دەشتەکانی دەوروبەری هەولێردا دەچێنرێت •

**سەوزە کۆمەڵەکەی (المجموع الخضري):** شێوەی گەڵاکەی پێنج پەڕە (خمسة فصوص) قڵیشانی نێوان پەڕەکانی قووڵە، لێواری گەڵای ددانەداری تیژە، لایەکانیان کووڕە، ڕەنگی رووی دەرەوە و رووی ژێرەوەی سەوزێکی کاڵە، لاسکۆکەی گەڵای ئامالّ سوورە، دەمارەکانی گەڵای دەرکەوتوون، بنکەکەشیان سەوزە، رەنگی تووله مێووەکانی سەوزە، رەنگی تەرزەکەی و سەوزە، گەیەکانی (ماوەی نێوان گرییەکانی) هاوڕێك نین •

# رەســـولی ( RASULEE )





تەرزە تریی رەسولی - کێڵگەی تریی بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوەی کشتوکاڵی هەولێر / عنکاوە

**سیفاتی بەرهەمەکەی:** درەنگ پێ دەگات (لە سەرەتایی مانگی ئابدا)، قەبارەی هۆشێکەی مام ناوەندیە، کێشەکەی ٢٨٥ گرامە، شێوەکەی قوچەکە، رەنگی تریێ پێگەیشتوو سووریێکی بنەوشەییە، کە تەواو پێگەیشت رەنگەکەی تاریك تر دەبێت، شێوەی دەنکەکانی گۆیین بەرێك و پێکی کەم لە پاڵ یەکترن، یەك دەنك (٣ ــ ٤) دانە تۆوی رەنگ قاوەیی کاڵ تێدایە، توێکڵەکەی تەنکە، کرۆکەکەی گۆشتنە، تام وچێژی خۆشە نەختێك ترشە، ئاوگدارە رەنگی ئاوگەکەی زەردێکی کاڵە، گوڵەکانی نێرەمووکن، هۆشییەکەی لە گرێی چوارەم و پێنجەمەوە دەدات.

**بەکارهێنانی:** ترێیەکی سەرخوانە بۆخواردنی رۆژانە بەکاردێت، ئاوگدارە بۆ دروست کردنی (شەربەت ــ دۆشاو ــ خەڵ هتد ....) خەسڵەتێکی بازرگانی هەیە.

**شێوەی کەزاختن و پەروەردەکردنی:** لە کاتی کەزاختندا درێژی ئەو لکانەی کە بۆ بەرگرتن جێ دەهێلرێت لە نێوان( ٤- ٦)چاوە دایە وێرای قەدی کورت (٢ــ٣) چاوە بۆ مەبەستی گۆرینی لقە بە بەرهەمەکان بۆ ساڵی داهاتوو، شێوازی پەروەردەکردنی گونجاو بۆ ئەم ترێیە کۆردۆنە لەسەر تەل بەشێوەی پیتی( T ) یان ( Y ) یان کۆلك.

**ژینگەی گونجاو بۆ چاندنی** : ترێیەکی بەراو و دێمەکارە، لە دۆڵ و بنارەکانی ناوچە شاخاوییەکان و گردۆلکە و دەشتەکانی دەوروبەری هەولێردا دەچێنرێت .

**سەوزە کۆمەڵەکەی (المجموع الخضري):** شێوەی گەڵاکەی پێنج پەرە (خمسة فصوص) قڵێشانی نێوان پەرەکانی قووڵە، لێواری گەڵای ددانەداری تیژە،لایەکانی کووڕن، ڕەنگی رووی دەرەوەی سەوزە، رووی ژێرەوەی سەوزێکی کاڵە لاسکۆکەی گەڵای ئاماڵ سوورە، دەمارەکانی گەڵای دەرکەوتوون، بنکەکەشیان ئاماڵ سوورە، ئەم رەنگە بە لای تیغەکانی گەڵاکەوە کشاوەتەوە، رەنگی تووله مێووەکانی ئاماڵ سوورە، رەنگی تەرزەکەی و بنکەکەشی ئاماڵ سوورە، گەیەکانی (ماوەی نێوان گرییەکانی) هاورێك و نیمچە یەکسانن .

# مـــــــرمرك ( MARMARK)





تەرزە تریی مرمرك ((کێڵگەی تریی بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوەی کشتوکاڵی هەولێر /عنکاوە))

**سیفاتی بەرهەمەکەی:** درەنگ پێ دەگات (لە کۆتایی مانگی ئابدا)، قەبارەی هۆشێکەی بچووکە کێشەکەی ١٧٥ گرامە، شێوەکەی لولەییەکی شان بچووکە، رەنگی تریی پێگەیشتوو سوورێکی باینجانیە کە تەواو پێگەیشت رەنگەکەی تاریك تر دەبێت، شێوەی دەنکەکانی گۆیین بەرێك و پێکی کەم لە پاڵ یەکترن، یەك دەنك (٢ ــ ٣) دانە تۆوی تێدایە، توێکڵەکەی نەستوورە، بەچینێك شەمێی مام ناوەندی داپۆشراوە، کرۆکەکەی گۆشتنە تام وچێژی خۆشە نەختێك ترشە، ئاوگدارە رەنگی ئاوگەکەی پەمەییە، گوڵەکانی نێرەمووکن، هۆشییەکەی لە گرێی چوارەم و پێنجەمەوە دەدات .

**بەکارهێنانی:** ترێیەکی سەرخوانە بۆخواردنی ڕۆژانە بەکاردێت، ئاوگدارە بۆ دروست کردنی (شەربەت ــ دۆشاو ــ خەڵ هتد .... ) .

**شێوەی کەزاختن و پەروەردەکردنی:** لە کاتی کەزاختندا درێژی ئەو لکانەی کە بۆ بەرگرتن جێ دەهێلرێت لە نێوان(٤ـ ٦)چاوە دایە وێرای قەدی کورت (٢ــ٣) چاوە بۆ مەبەستی گۆرینی لقە بە بەرهەمەکان بۆ ساڵی داهاتوو، شێوازی پەروەردەکردنی گونجاو بۆ ئەم ترێیە کۆردۆنە لەسەر تەل بەشێوەی پیتی ( T ) یان کۆڵك .

**ژینگەی گونجاو بۆ چاندنی:** ترێیەکی بەراو و دێمەکارە، لە دۆڵ و بنارەکانی ناوچە شاخاوییەکان و گردۆلکە و دەشتەکانی دەوروبەری هەولێردا دەچێنرێت .

**سەوزە کۆمەڵەکەی (المجموع الخضري):** شێوەی گەڵاکەی پێنج پەڕە (خمسة فصوص ) قڵیشانی نێوان پەڕەکانی قووڵە، لێواری گەڵای ددانەداری تیژە،لایەکانی کووڕن، ڕەنگی رووی دەرەوەی گەڵای سەوزێکی تاریکە، رووی ژێرەوەی سەوزێکی کاڵە، لاسکۆکەی گەڵای ئاماڵ سوورە، دەمارەکانی گەڵای دەرکەوتوون، بنکەکەشیان ئاماڵ سوورە، ئەم رەنگە نەختێك بەلای تیغەکانی گەڵاکەوە کشاوەتەوە، رەنگی توولە مێووەکانی ئاماڵ سوورە، رەنگی تەرزەکەی سەوزە و بنکەکەشی ئاماڵ سوورە، گەیەکانی (ماوەی نێوان گرییەکانی) هاورێك و نیمچە یەکسانن.

# مفـربی (MAFRBI)





تەرزە ترێی مفربی / کێڵگەی ترێی بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوەی کشتوکاڵی هەولێر / عنکاوە

**سیفاتی بەرهەمەکەی:** درەنگ پێ دەگات (لە کۆتایی مانگی ئابدا)، قەبارەی هۆشێکەی بچووکە، کێشەکەی ١٨٥ گرامە، شێوەکەی لولەییەکی شان کورتە، رەنگی ترێی پێگەیشتوو سوورێکی تاریکە، کە تەواو پێگەیشت رەنگەکەی تاریك تر دەبێت، شێوەی دەنکەکانی گۆیین و بچووکن، بەرێك و پێکی کەم لە پاڵ یەکترن، یەك دەنك (٢ ــ ٣)دانە تۆوی تێدایە، توێکڵەکەی تەنکە، بە چینێك شەمێی تەنك داپۆشراوە، کرۆکەکەی گۆشتنە، تام وچێژی خۆشە، ئاوگدارە رەنگی ئاوگەکەی پەمەییە، جۆری گوڵەکەی مێ ییە، پێویستی بە تەرزی پیتێنەر (ملقح) هەیە لەگەڵی بچێنرێت، هۆشییەکەی لە گرێی چوارەم و پێنجەمەوە دەدات ٠

**بەکارهێنانی:** ترێیەکی سەرخوانە بۆ خواردنی ڕۆژانە بەکاردێت، ئاوگدارە بۆ دروست کردنی (شەربەت ــ دۆشاو ــ خەڵ هتد ٠٠٠٠)٠

**شێوەی کەزاختن و پەروەردەکردنی:** لە کاتی کەزاختنندا درێژی ئەو لکانەی کە بۆ بەرگرتن جێ دەهێلرێت لە نێوان( ٤ ـ ٦)چاوە دایە وێرای قەدی کورت (٢ــ٣) چاوە بۆ مەبەستی گۆرینی لقە بە بەرهەمەکان بۆ ساڵی داهاتوو، شێوازی پەروەردەکردنی گونجاو بۆ ئەم ترێیە کۆردۆنە لەسەر تەل، بەشێوەی پیتی ( T ) یان کۆڵك ٠

**ژینگەی گونجاو بۆ چاندنی:** ترێیەکی بەراو و دێمەکارە، لە دۆڵ و بنارەکانی ناوچە شاخاوییەکان و گردۆلکە و دەشتەکانی دەوروبەری هەولێردا دەچێنرێت ٠

**سەوزە کۆمەڵەکەی (المجموع الخضري):** شێوەی گەڵاکەی پێنج پەرە (خمسة فصوص) قڵیشانی نێوان پەرەکانی زۆر قووڵە، لێواری گەڵای ددانەداری تیژە،لایەکانی کووڕن، ڕەنگی رووی دەرەوەی گەڵای سەوزە، رووی ژێرەوەی سەوزێکی کاڵە، لاسکۆکەی گەڵای ئاماڵ سوورە، دەمارەکانی گەڵای دەرکەوتوون، بنکەکەشیان ئاماڵ سوورە ئەم رەنگە بە لای تیغەکانی گەلاکەوە کشاوەتەوە، رەنگی تووله مێووەکانی سەوزە، رەنگی تەرزەکەی سەوزە و بنکەکەشی ئاماڵ سوورە، گەیەکانی (ماوەی نێوان گرییەکانی) هاوڕێك نین ٠

# کنك روبی (EKING.RUBY-SEEDLESS )





تەرزە تریی کنك روبی ﴿کێلگەی تریی بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوەی کشتوکاڵی هەولێر /عنکاوە﴾

**سیفاتی بەرهەمەکەی:** تەرزەکی بێدەنکە درەنگ پێدەگات (لە سەرەتایی مانگی ئەیلوولدا) قەبارەی هۆشییەکەی گەورەیە، کێشەکەی ٤٥٠ گرامە، شێوەکەی لولەییەکی شان درێژە، رەنگی تریی پێگەیشتوو سوورێکی پەمەییە کە تەواو پێدەگات تاریك تر دەبێت. شێوەی دەنکەکانی گۆیین، بە شێوە و قەبارە مام ناوەندین، لە ناو هۆشییەکەیان بەرێك و پێکی کەم لە پاڵ یەکترن، کرۆکەکەی گۆشتنە، تام وچێژی خۆشە، توێکڵەکەی تەنکە و بە چینێك شەمێی تەنك داپۆشراوە، گوڵەکانی نێرەمووکن، زۆر بە بەرهەمە دەبێت ڕێژەی هۆشییەکانی کەم بکرێنەوە بۆ چاك کردنی جۆری هێشووەکان لە بارەی قەبارە و رەنگ بوونی، هۆشییەکەی لە گرێی سێ یەم و چوارەمەوە دەدات .

**بەکارهێنانی:** تریی سەرخوانە بۆ خواردنی ڕۆژانە بەکاردێت .

**شێوەی کەزاختن و پەروەردەکردنی:** لە کاتی کەزاختندا درێژی ئەو لکانەی کە بۆ بەرگرتن جێ دەهێلرێت لە نێوان(٢ ــ ٤)چاوە دەبێت لەبەر ئەوەی چاوەبنکەییەکانی زۆر بەپیتن، شێوازی پەروەردەکردنی گونجاو بۆ ئەم ترێیە کۆردۆنە لەسەر تەل، بەشێوەی پیتی ( T ) .

**ژینگەی گونجاو بۆ چاندنی** : ترێیەکی بەراوە، لە دۆڵ و بنارەکانی ناوچە شاخاوییەکان و گردۆلکە و دەشتەکانی دەوروبەری هەولێردا دەچێنرێت.

**سەوزە کۆمەڵەکەی (المجموع الخضري):** شێوەی گەلاکەی پێنج پەرە (خمسة فصوص) قڵیشانی نێوان پەرەکانی زۆر قووڵە، لێواری گەلای ددانەداری تیژە،لایەکانی کووڕن، ڕەنگی رووی دەرەوەی گەلای سەوزە، رووی ژێرەوەی سەوزێکی کاڵە، لاسکۆکەی گەلای ئاماڵ سوورە، دەمارەکانی گەلای دەرکەوتوون، بنکەکەشیان ئاماڵ سوورە، ئەم رەنگە بە لای تیغەکانی گەلاکەوە کشاوەتەوە، رەنگی توولە مێووەکانی ئاماڵ سوورە، رەنگی تەرزەکەی سەوزە و بنکەکەشی ئاماڵ سوورە، گەیەکانی (ماوەی نێوان گرییەکانی) هاورێك نین.

# حەفـــت بەر (HAFT.BAR)




تەرزە  ترێی حەفت بەر  ﴿كێڵگەی ترێی بەڕێوەبەری توێژینەوەی كشتوكاڵی هەولێر /عنكاوە﴾

**سیفاتی بەرهەمەكەی:** درەنگ پێ دەگات (لە كۆتایی مانگی ئابدا)، قەبارەی هۆشێكەی مام ناوەندیە، و كێشەكەی ٤٠٠ گرامە، شێوەكەی قوچەكێكی شان كورتە، رەنگی ترێی پێگەیشتوو سوورێكی تاریكە، كە تەواو پێگەیشت رەنگەكەی تاریك تر دەبێت، شێوەی دەنكەكانی هێلكەیین و گەورەن، لە ناو هۆشییەكەی پەرت و بلاَون، یەك دەنك (٢ ــ ٣) دانە تۆوی تێدایە، توێكڵەكەی ئەستوورە، بەچینێك شەمێی تەنك داپۆشراوە، كرۆكەكەی گۆشتنە تام وچێژی ئاساییەئاوگدارە رەنگی ئاوگەكەی زەردێكی كاڵە، جۆری گوڵەكەی نێرەموكن، زۆر بەبەرهەمە بەبەردەوامی لەسەرەتای ساڵەوە هێشوو دەردەكات بەتایبەتی لەسەر لقە نا سەرەكیەكانی، هۆشییەكەی لە گرێی چوارەم و پێنجەمەوە دەدات ٠

**بەكارهێنانی:** ترێیەكی  سەرخوانە بۆ خواردنی ڕۆژانە بەكاردێت، ئاوگدارە بۆ دروست كردنی (شەربەت ــ دۆشاو ــ خەڵ  هتد ٠٠٠٠ ) ٠

**شێوەی كەزاختن و پەروەردەكردنی:** لە كاتی كەزاختندا درێژی ئەو لكانەی كە بۆ بەرگرتن جێ دەهێلرێت لە نێوان ( ٤، ٦)چاوە دایە وێرای قەدی كورت ( ٢ــ٣ ) چاوە بۆ مەبەستی گۆرینی لقە بە بەرهەمەكان بۆ ساڵی داهاتوو، شێوازی پەروەردەكردنی گونجاو بۆ ئەم ترێیە كۆردۆنە لەسەر تەل، بەشێوەی پیتی  ( T ) یان سابات٠

**ژینگەی گونجاو بۆ چاندنی** : ترێیەكی بەراو و دێمەكارە، لە دۆڵ و بنارەكانی ناوچە شاخاوییەكان و گردۆلكەكان دەچێنرێت ٠

**سەوزە كۆمەڵەكەی (المجموع الخضري):** شێوەی گەڵاكەی پێنج پەرە (خمسة فصوص) قلێشانی نێوان پەرەكانی قووڵ نین، لێواری گەڵای ددانەداری تیژ و كوورنین، رەنگی رووی دەرەوەی سەوزە، رووی ژێرەوەی سەوزێكی كاڵە، لاسكۆكەی گەڵای ئاماڵ سوورە، دەمارەكانی گەڵای دەركەوتوون، بنكەكەشیان ئاماڵ سوورە، ئەم رەنگە بە لای تیغەكانی گەڵاكەوە كشاوەتەوە، رەنگی توولە مێووەكانی ئاماڵ سوورە، رەنگی تەرزەكەی سەوزە، بنكەكەشی ئاماڵ سوورە، گەیەكانی (ماوەی نێوان گرییەكانی) هاورێك و نیمچە یەكسانن ٠

# ( ABYATH.KABEER) ابيض كبير





تەرزە  ترێی ابیض کبیر ﴿کێلگەی ترێی بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوەی  کشتوکاڵی هەولێر /عنکاوە﴾

**سیفاتی بەرهەمەکەی:** کاتی پێگەیشتنی مام ناوەندیە، (لە کۆتایی مانگی تەمووزدا) قەبارەی هۆشییەکەی مام ناوەندیە، کێشەکەی ٤٨٥ گرامە، شێوەکەی قوچەکێکی شان درێژە، ڕەنگی ترێی پێگەیشتوو سپیەکی ئاماڵ سەوزە، شێوەی دەنکەکانی گۆیین، لەناو هۆشییەکەی نەختێك یەکگرن بە شێوە و قەبارە مام ناوەندین، یەك دەنك (٢ــ٣)دانە تۆوی تێدایە، کرۆکەکەی گۆشتنە، تام وچێژی خۆشە، ڕەنگی ئاوگەکەی زەردێکی کاڵە، توێکڵەکەی تەنکە، بە چینێك شەمێی تەنك داپۆشراوە، گوڵەکانی نێرەمووکن، زۆر بە بەرهەمە، هۆشییەکەی لە گرێی چوارەم و پێنجەمەوە دەدات .

**بەکارهێنانی:** ترێیەکی سەرخوانە بۆ خواردنی ڕۆژانە بەکاردێت، لە بازاڕ کردندا خۆفرۆشە .

**شێوەی کەزاختن و پەروەردەکردنی:** لە کاتی کەزاختندا درێژی ئەو لکانەی کە بۆ بەرگرتن جێ دەهێڵرێت لە نێوان(٤ ـ ٦ )چاوە دایە وێرای قەدی کورت (٢ــ٣) چاوە بۆ مەبەستی گۆرینی لقە بە بەرهەمەکان بۆ ساڵی داهاتوو، شێوازی پەروەردەکردنی گونجاو بۆ ئەم ترێیە کۆردۆنە لەسەر تەل، بەشێوەی پیتی ( T ).

**ژینگەی گونجاو بۆ چاندنی:** ترێیەکی بەراوە، لە دۆڵ و بنارەکانی ناوچە شاخاوییەکان و گردۆلکە و دەشتەکانی دەوروبەری هەولێردا دەچێنرێت .

**سەوزە کۆمەڵەکەی (المجموع الخضري):** شێوەی گەڵاکەی پێنج پەڕە، (خمسة فصوص) قڵیشانی نێوان پەڕەکانی قووڵە، لێواری گەڵای ددانەداری تیژە، لایەکیان کووڕە، ڕەنگی رووی دەرەوەی گەڵای سەوزێکی تاریکە، رووی ژێرەوەی سەوزە، لاسکۆکەی گەڵای ئاماڵ سوورە، دەمارەکانی گەڵای دەرکەوتوون، بنکەکەشیان سەوزە، ڕەنگی توولە مێووەکانی سەوزە، ڕەنگی تەرزەکەی و سەوزە، گەیەکانی (ماوەی نێوان گرییەکانی ) هاوڕێك و نیمچە یەکسانن .

# موسى بيك (MUSSA.BEAG)





تەرزی موسی بیك ﴿كێلگەی ترێی بەڕێوەبەرایەتی تۆژینەوەی كشتوكاڵی هەولێر /عنكاوە﴾

**سیفاتی بەرهەمەكەی:** درەنگ پێ دەگات (لە سەرەتایی مانگی ئابدا)، قەبارەی هۆشێكەی مام ناوەندیە كێشەكەی ٤٢٠ گرامە، شێوەكەی قوچەكێكی تلمیسكەدارە، رەنگی ترێی پێگەیشتوو سوورێكی بنەوشەییە، كە تەواو پێگەیشت رەنگەكەی تاریك تر دەبێت، شێوەی دەنكەكانی هێلكەیین، بەرێك و پێكی كەم لە پاڵ یەكترن، یەك دەنك (٣ ـ ٤) دانە تۆوی رەنگ قاوەیی كاڵ تێدایە، توێكڵەكەی ئەستوورە بە چینێك شەمێی تەنك داپۆشراوە، كرۆكەكەی گۆشتنە، تام وچێژی خۆشە ئاوگدارە رەنگی ئاوگەكەی پەمەیی كاڵە، گوڵەكانی نێرەمووكن، هۆشییەكەی لە گرێی چوارەم و پێنجەمەوە دەدات .

**بەكارهێنانی:** ترێیەكی سەرخوانە بۆ خواردنی ڕۆژانە بەكاردێت، خەسڵەتێكی بازرگانی هەیە، .

**شێوەی كەزاختن و پەروەردەكردنی:** لە كاتی كەزاختندا درێژی ئەو لكانەی كە بۆ بەرگرتن جێ دەهێلرێت لە نێوان(٦ ـ ٨)چاوە دایە وێرای قەدی كورت (٢ـ٣) چاوە بۆ مەبەستی گۆڕینی لقە بە بەرهەمەكان بۆ ساڵی داهاتوو، شێوازی پەروەردەكردنی گونجاو بۆ ئەم ترێیە كۆردۆنە لەسەر تەل بەشێوەی پیتی ( T ) یان ( Y ) یان سابات.

**ژینگەی گونجاو بۆ چاندنی**: ترێیەكی بەراوە و لە دۆڵ و بنارەكانی ناوچە شاخاوییەكان و گردۆلكە و دەشتەكانی دەوروبەری هەولێردا دەچێنرێت.

**سەوزە كۆمەڵەكەی (المجموع الخضري):** شێوەی گەڵاكەی پێنج پەرە (خمسة فصوص ) قڵیشانی نێوان پەڕەكانی زۆر قووڵە، لێواری گەڵای ددانەداری تیژە، لایەكانی كووڕن، ڕەنگی رووی دەرەوەی گەڵای سەوزێكی تاریكە، رووی ژێرەوەی سەوزێكی كاڵە، لاسكۆكەی گەڵای ئاماڵ سوورێكی شەرابییە، دەمارەكانی گەڵای دەركەوتوون، بنكەكەشیان ئاماڵ سوورە، ئەم رەنگە بە لای تیغەكانی گەڵاكەوە كشاوەتەوە، رەنگی تووله مێووەكانی ئاماڵ سوورە، رەنگی تەرزەكەی سەوزە و بنكەكەشی ئاماڵ سوورە، گەیەكانی (ماوەی نێوان گرییەكانی) هاوڕێك نین .

# کریمسون سیدلس ( CRIMSON.SEEDLESS)





تەرزە  ترێی کریمسون  ﴿کێڵگەی ترێی سردار ساکە /عنکاوە﴾

**سیفاتی بەرهەمەکەی** : تەرزەکی بێدەنکە درەنگ پێدەگات (لەکۆتایی مانگی ئەیلوولدا) قەبارەی هۆشییەکەی مام ناوەندیە، کێشەکەی ٤٧٠ گرامە، شێوەکەی قوچەکێکی شان کورتە، رەنگی ترێی پێگەیشتوو سوورێکی پەمەییە کە تەواو پێدەگات تاریك تر دەبێت، شێوەی دەنکەکانی لولەیی درێژن، بە شێوە و قەبارە مام ناوەندین، لەناو هۆشییەکەیان بەرِێك و پێکی کەم لە پاڵ یەکترن، کرِۆکەکەی گۆشتنە، تام وچێژی خۆشە، توێکڵەکەی تەنکە، بە چینێك شەمێی تەنك داپۆشراوە، گوڵەکانی نێرەمووکن، زۆر بە بەرهەمە دەبێت رِێژەی هۆشییەکانی کەم بکرێنەوە، یاخود ئەلقە کردنی لکە بە بەرهەمەکان بۆ چاك کردنی جۆری هێشووەکان لە بارەی قەبارە و رەنگ بوونی، هۆشییەکەی لە گرێی چوارەم و پێنجەمەوە دەدات ٠

**بەکارهێنانی:** ترێی سەرخوانە بۆ خواردنی رِۆژانە بەکاردێت خەسڵەتێکی بازرگانی هەیە٠

**شێوەی کەزاختن و پەروەردەکردنی:** لە کاتی کەزاختندا درێژی ئەو لکانەی کە بۆ بەرگرتن جێ دەهێلرێت لە نێوان(٦ ـ ٨)چاوە دایە وێرای قەدی کورت (٢ـ٣) چاوە بۆ مەبەستی گۆرینی لقە بە بەرهەمەکان بۆ ساڵی داهاتوو، شێوازی پەروەردەکردنی گونجاو بۆ ئەم ترێیە کۆردۆنە لەسەر تەل، بەشێوەی پیتی( T ) یان ( Y ) یان سابات ٠

**ژینگەی گونجاو بۆ چاندنی** : ترێیەکی بەراوە، لە دۆڵ و بنارەکانی ناوچە شاخاوییەکان و گردۆلکە و دەشتەکانی دەوروبەری هەولێردا دەچێنرێت ٠

**سەوزە کۆمەڵەکەی (المجموع الخضري):** شێوەی گەڵاکەی پێنج پەرِە (خمسة فصوص ) قلێشانی نێوان پەرِەکانی قووڵە، لێواری گەڵای ددانەداری تیژە، لایەکانی کوورِن، رِەنگی رووی دەرەوەی گەڵای سەوزێکی تاریکە، رووی ژێرەوەی سەوزێکی کاڵە، لاسکۆکەی گەڵای ئاماڵ سوورە، دەمارەکانی گەڵای دەرکەوتوون، بنکەکەشیان ئاماڵ سوورە ئەم رەنگە بە لای تیغەکانی گەڵاکەوە کشاوەتەوە، رەنگی توولە مێووەکانی ئاماڵ سوورە، رەنگی تەرزەکەی سەوزە و بنکەکەشی ئاماڵ سوورە، گەیەکانی ( ماوەی نێوان گرییەکانی ) هاورِێك نین چەند بەلای سەرەلکەکان نزیك ببینەوە درێژ دەبنەوە ٠

# صۆراو اربیل (SOURAO IRBIL)





تەرزە تریێی سۆراو اربیل ﴿کێلگەی تریێی مام یوسف / شقلاوە﴾

**سیفاتی بەرهەمەکەی:** کاتی گەیشتنی مام ناوەندیە ( لە کۆتایی مانگی تەمووزدا )، قەبارەی هۆشێکەی گەورەیە، کێشەکەی دەگاتە یەك کیلۆگرام، شێوەکەی قوچەکیەکی شان دەرکەوتووە، رەنگی ترێی پێگەیشتوو زەردێکی ئامالّ سەوزە، کە تەواو پێگەیشت رەنگەکەی زەرد تر دەبێت، شێوەی دەنکەکانی هێلکەیین، بەرێك و پێکی لە پالّ یەکترنین، قەبارەیان گەورەیە، یەك دەنك(٢)دانە تۆوی تێدایە، توێکلّەکەی تەنکە، بە چینێك شەمێی تەنك داپۆشراوە، کرۆکەکەی گۆشتنە، تام وچێژی خۆشە نەختێك ترشە، رەنگی ئاوگەکەی بێ رەنگە، جۆری گولّەکەی مێ یە، پێویستی بە تەرزی پیتێنەر (ملقح) هەیە لەگەلّی بچێنرێت هۆشییەکەی لە گرێی پێنجەم و شەشەمەوە دەدات ٠

**بەکارهێنانی:** ترێیەکی سەرخوانە بۆ خواردنی رۆژانە بەکاردێت خەسلّەتێکی بازرگانی هەیە، لە بازارِ کردندا دا خۆفرۆشە ٠

**شێوەی کەزاختن و پەروەردەکردنی:** لە کاتی کەزاختندا درێژی ئەو لکانەی کە بۆ بەرگرتن جێ دەهێلرێت لە نێوان( ٦ - ٨)چاوە دایە وێرای قەدی کورت (٢ـ٣) چاوە بۆ مەبەستی گۆرینی لقە بە بەرهەمەکان بۆ سالّی داهاتوو، شێوازی پەروەردەکردنی گونجاو بۆ ئەم ترێیە کۆردۆنە لەسەر تەل بەشێوەی پیتی ( T ) یان سابات ٠

**ژینگەی گونجاو بۆ چاندنی** ؛ ترێیەکی بەراوە لە دۆلّ و بنارەکانی ناوچە شاخاوییەکان و گردۆلکە و دەشتەکانی دەوروبەری هەولێردا دەچێنرێت ٠

**سەوزە کۆمەلّەکەی (المجموع الخضري):** شێوەی گەلاّکەی پێنج پەرە (خمسة فصوص) قلّیشانی نێوان پەرەکانی زۆر قوولّەلێواری گەلاّی ددانەداری تیژە، لایەکیان کوورە، رەنگی رووی دەرەوەی گەلاّی سەوزێکی تاریکە، رووی ژێرەوەی سەوزێکی کالّە، نەختێك بەگەندەمووە، لاسکۆکەی گەلاّی سەوزێکی ئامالّ سوورە، دەمارەکانی گەلاّی دەرکەوتوون، بنکەکەشیان سوورە، ئەم رەنگە بە لای تیغەکانی گەلاّکەوە کشاوەتەوە، رەنگی توولە مێووەکانی سەوزێکی ئامالّ سوورە، رەنگی تەرزەکەی سەوزێکی مەیلەو زەردە بنکەکەی ئامالّ سوورە، گەیەکانی ( ماوەی نێوان گرێ یەکان ) هاورێك نین ٠

# زردچـــی ( ZARDACHI)





تەرزە ترێی زردچي ﴿كێلگەی ترێی مام یوسف /شقلاوە﴾

**سیفاتی بەرهەمەکەی:** درەنگ پێدەگات (لە کۆتایی مانگی ئەیلوولدا) قەبارەی هۆشییەکەی مام ناوەندیە و کێشەکەی ٢٠٠ گرامە، شێوەکەی قوچەکێکی درێژە، تلمیسکدارە، رەنگی ترێی پێگەیشتوو سپیەکی ئامالٚ زەردە، شێوەی دەنکەکانی هێلکەیین، لەناو هۆشییەکەی پەرت و بلاٚون، بە شێوە و قەبارە مام ناوەندین، یەك دەنك (٢ـ٣)دانە تۆوی تێدایە، کرۆکەکەی گۆشتنە. تام وچێژی خۆشە رەنگی ئاوگەکەی بێ رەنگە، توێکلەکەی ئەستوورە، بەچینێك شەمێی تەنك داپۆشراوە، گوڵەکانی نێرەمووکن، زۆر بە بەرهەمە، هۆشییەکەی لە گرێی چوارەم و پێنجەمەوە دەدات •

**بەکارهێنانی:** ترێیەکی سەرخوانە بۆ خواردنی ڕۆژانە و دروست کردنی مێووژ بەکاردێت•

**شێوەی کەزاختن و پەروەردەکردنی:** لە کاتی کەزاختندا درێژی ئەو لکانەی کە بۆ بەرگرتن جێ دەهێلرێت لە نێوان(٦ ـ ٨)چاوە دایە وێرای قەدی کورت (٢ـ٣) چاوە بۆ مەبەستی گۆرینی لقە بە بەرهەمەکان بۆ سالٚی داهاتوو، شێوازی پەروەردەکردنی گونجاو بۆ ئەم ترێیە کۆردۆنە لەسەر تەل، بەشێوەی پیتی ( T) یان سابات •

**ژینگەی گونجاو بۆ چاندنی** : ترێیەکی بەراوە لە دۆڵ و بنارەکانی ناوچە شاخاوییەکان و گردۆلکە و دەشتەکانی دەوروبەری هەولێردا دەچێنرێت•

**سەوزە کۆمەڵەکەی (المجموع الخضري):** شێوەی گەلاٚکەی پێنج پەڕە (خمسة فصوص ) قلێشانی نێوان پەرەکانی زۆر قووڵە، لێواری گەلاٚی ددانەداری تیژە، قلێشانی نێوانیان قووڵە، لایەکانی کووڕن، ڕەنگی رووی دەرەوەی گەلاٚی سەوزێکی تاریکە، رووی ژێرەوەی سەوزێکی کاڵە، لاسکۆکەی گەلاٚی ئامالٚ سوورە، دەمارەکانی گەلاٚی دەرکەوتوون، بنکەکەشیان سەوزە، رەنگی توولە مێووەکانی سەوزە، رەنگی تەرزەکەی و سەوزە، گەیەکانی (ماوەی نێوان گرییەکانی) هاورێك و نیمچە یەکسانن •

# صاحبــــی (ایرانی) (SAHBI)

تەرزە تریی صاحبی ﴿کێڵگەی تریی بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوەی کشتوکاڵی هەولێر /عنکاوە﴾

**سیفاتی بەرهەمەکەی:** کاتی گەیشتنی مام ناوەندیە (لە سەرەتایی مانگی تمووزدا) قەبارەی هۆشییەکەی مام ناوەندیە، کێشەکەی ٣٠٠گرامە، شێوەکەی قوچەکێکی درێژە، ڕەنگی تریی پێگەیشتوو سۆرێکی باینجانیە، کە تەواو پێگەیشت ڕەنگەکەی تاریك تر دەبێت. شێوەی دەنکەکانی لولەیی درێژن، بە شێوە و قەبارە گەورەن، لەناو هۆشییەکەیان بەنارێکی لە پاڵ یەکتِرن، یەك دەنك (٢ـ ٣)دانە تۆوی تێدایە، کرۆکەکەی گۆشتنە، ئاوگدارە تام وچێژی خۆشە نەختێك تفتە، ڕەنگی ئاوگەکەی پەمەیی کاڵە، توێکڵەکەی ئەستوورە، بەچینێك شەمێی چڕ داپۆشراوە. جۆری گوڵەکانی نێرەموکن زۆر بە بەرهەمە هێشووەکەی لە گرێی سێ یەم و چوارەمەوە دەدات.

**بەکارهێنانی:** ترێیەکی سەرخوانە بۆ خواردنی ڕۆژانە بەکاردێت، ئاوگدارە بۆ دروست کردنی (شەربەت ــ دۆشاو ـ خەڵ هتد ....) خەسڵەتێکی بازرگانی هەیە، لە بازاڕ کردندا خۆفرۆشە.

**شێوەی کەزاختن و پەروەردەکردنی:** لە کاتی کەزاختندا درێژی ئەو لکانەی کە بۆ بەرگرتن جێ دەهێلرێت لە نێوان( ٤ ـ ٦)چاوە دایە وێرای قەدی کورت (٢ـ٣) چاوە بۆ مەبەستی گۆرینی لقە بە بەرهەمەکان بۆ ساڵی داهاتوو، شێوازی پەروەردەکردنی گونجاو بۆ ئەم ترێیە کۆردۆنە لەسەر تەل، بەشێوەی پیتی ( T) .

**ژینگەی گونجاو بۆ چاندنی:** ترێیەکی بەراو و دێمەکارە، لە دۆڵ و بنارەکانی ناوچە شاخاوییەکان و گردۆلکە و دەشتەکانی دەوروبەری هەولێردا دەچێنرێت .

**سەوزە کۆمەڵەکەی (المجموع الخضري):** شێوەی گەلاکەی پێنج پەڕە (خمسة فصوص) قڵیشانی نێوان پەڕەکانی زۆر قووڵە، لێواری گەڵای ددانەداری تیژە، لایەکانی کووڕن، ڕەنگی رووی دەرەوەی گەڵای سەوزێکی تاریکە، رووی ژێرەوەی سەوزێکی کاڵە ،لاسکۆکەی گەڵای سەوزە نەختێك مەیلەو سوورە، دەمارەکانی گەڵای دەرکەوتوون و بنکەکەشیان ئاماڵ سوورە، ئەم ڕەنگە نەختێك بەلای تیغەکانی گەلاکەوە کشاوەتەوە، ڕەنگی تووله مێووەکانی نەختێك سوورە، ڕەنگی تەرزەکەی سەوزە، بنکەکەشی ئاماڵ سوورە، گەیەکانی (ماوەی نێوان گرییەکانی) هاوڕێك و نیمچە یەکسانن.

# سەرچاوەکـــان


- د. حسن .جبار عباس .... انتاج الاعناب

  استاذ مساعد ـ قسم البستنة ـ كلية الزراعة جامعة بغداد
- د . سلمان .محمد عباس انتاج الاعناب

  استاذ مساعد ـ قسم البستنة ـ كلية الزراعة جامعة بغداد
- د. السعيدي . ابراهيم حسن محمد .. انتاج الاعناب

  وزارة التعليم العالي و البحث العلمي ـ جامعة الموصل
- د. العاملى . زهير على ـ ٢٠٠٨ اصناف العنب فى اقليم كردستان العراق

# فەرهەنگۆك

| كوردى | عربى |
|---|---|
| بستە ........................... | حامل الثمرة |
| بەرگرتن ........................... | عقد الثمار |
| بێدەنك ........................... | عديم البذور |
| بازاركردن ........................... | تسويق |
| بنكە ........................... | قاعدة |
| پیتێن ........................... | الاخصاب |
| پیتێنەر ........................... | ملقح |
| پێگەیشتن ، گەیین ........................... | نضج ، نضوج |
| تەرز ........................... | حولق |
| تەرز ، پۆل ........................... | صنف |
| تلمیسكەدار ........................... | متشعب |
| توێكل ........................... | القشرة |
| توولەمێو ........................... | قصبة الكرمة |
| تیغە گەلاَ ........................... | نصل الورقة |
| خەسلەت ........................... | صفه |
| چلّ ........................... | غصن |
| چین ........................... | طبقة |
| دەمارى گەلاَ ........................... | عرق الورق |
| سەوزە كۆمەڵە ........................... | المجموع الخضري |
| شەمێ ........................... | شمع |
| قوولّ ........................... | غائر |
| قووچەك ........................... | مخروطي |
| كوور ........................... | محدب |
| كالّ ........................... | شاحب |
| كەزاختن ........................... | تقليم |

| کوردی | عربی |
|---|---|
| کرۆك .......................................... | لب |
| گرێ .......................................... | عقدة |
| گونجان .......................................... | التوافق |
| گیایی .......................................... | عشبي |
| گۆیی .......................................... | كروى |
| لاسکۆکه .......................................... | السويق |
| لاسکی گەڵا .......................................... | حامل الورق |
| لکاو .......................................... | متلاصق |
| نیمچه .......................................... | شبه |
| هاورێك .......................................... | متناسق |
| هۆشیه ، هێشوو .......................................... | العنقود |

# پێرست

**بابەت** — **ژمارەی لا پەرە**



الیاقوتــی ................................ ٤
بهــرزی ................................ ٥
دزمــار ................................ ٦
رێجینـا ................................ ٧
تومسن سیدلس ................................ ٨
شدة سوداء ................................ ٩
شدة بیضاء ................................ ١٠
عبــاسي ................................ ١١
رەش مێـو ................................ ١٢
سوبیریور ................................ ١٣
بارلێـــت ................................ ١٤
دیس العنز ................................ ١٥
کمـــالی ................................ ١٦
تاڤفی سۆر ................................ ١٧
ابراهیمی ................................ ١٨
زەرگ ................................ ١٩
بێدەنك ................................ ٢٠
سـۆراو ................................ ٢١
عجێـمی ................................ ٢٢
سرقۆله ................................ ٢٣
میلاقی ................................ ٢٤
حلوانی لبنان ................................ ٢٥
بیضاوي ................................ ٢٦
ابوعشوك ................................ ٢٧
بیتمونی ................................ ٢٨
رەشمیری واژە ................................ ٢٩

| بابەت | ژمارەی لاپەرە |
|---|---|
| مسكات اسود ........................................ | ٣٠ |
| صادانی رەش ........................................ | ٣١ |
| ئاویلكە ........................................ | ٣٢ |
| كاژاو ........................................ | ٣٣ |
| ترێ رەش ........................................ | ٣٤ |
| دۆشاوی ........................................ | ٣٥ |
| اشقر البصرە ........................................ | ٣٦ |
| رومی اسود ........................................ | ٣٧ |
| بلاك همبرك ........................................ | ٣٨ |
| كشمش اسود ........................................ | ٣٩ |
| زەیتونی ........................................ | ٤٠ |
| رەشمیری ........................................ | ٤١ |
| بلدی سوری ........................................ | ٤٢ |
| صادانی سپی ........................................ | ٤٣ |
| روسی رقم ( ٧ ) ........................................ | ٤٤ |
| ترێ سپی ........................................ | ٤٥ |
| شێخ نورالدین ........................................ | ٤٦ |
| توری ........................................ | ٤٧ |
| میرانی ........................................ | ٤٨ |
| بلدی زینی ........................................ | ٤٩ |
| بزالناقە ........................................ | ٥٠ |
| صلوپی ........................................ | ٥١ |
| بیصولە ........................................ | ٥٢ |
| پەسیرانی سۆر ........................................ | ٥٣ |
| تانفی كۆیە ........................................ | ٥٤ |
| رەش مێو متطاول ........................................ | ٥٥ |
| دراوێشی ........................................ | ٥٦ |

| بابەت | ژمارەی لاپەرە |
|---|---|

| سورسني | ٥٧ |
| طحلك | ٥٨ |
| ريش بابا | ٥٩ |
| ملا حسن | ٦٠ |
| پائيزى | ٦١ |
| چاو سپى | ٦٢ |
| فليم توكى | ٦٣ |
| بلاك مونكا | ٦٤ |
| سلطاني البصره | ٦٥ |
| چاڤ گا | ٦٦ |
| فليم سيدلس | ٦٧ |
| خاتونۆك | ٦٨ |
| اسكري | ٦٩ |
| سلێمانى سپى | ٧٠ |
| حجازي ابيض | ٧١ |
| رسولى | ٧٢ |
| مرمرك | ٧٣ |
| مفربي | ٧٤ |
| كنك روبي | ٧٥ |
| حەفت بەر | ٧٦ |
| ابيض كبير | ٧٧ |
| موسى بێگ | ٧٨ |
| كريمسۆن | ٧٩ |
| سۆراو اربيل | ٨٠ |
| زردجى | ٨١ |
| صاحبي | ٨٢ |

kurdistan Regional Governorate
Ministiry of Agricalture and Water Resources
General Directorate of Research and Agri. Extention



# THE FAMOUS VARIETIES OF GRAPE IN KURDISTAN

Preper By
Hana yousif Slewa